


**د. ڕووناک سەڵاح فەیلی:**

**لە جینۆسایدی کوردانی فەیلیدا لێک جیاکردنەوەی هاوسەرەکان لە قێزەوەنترین بڕیارەکانی ڕژێمی بەعس بوو**

# گوڵان

ساڵی سییەم (١٣٦٩)- (١٩)ی حوزەیرانی ٢٠٢٣

**ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

## مایەی شانازییە لە بەندیخانەکانی هەرێمدا زیندانیی سیاسیمان نییە

**بێجگە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی تازە هیچ بژارەیەکی دیکەمان نییە**

**پرۆسەی چاکسازی کاتێکی زۆر دەخایەنێت و لەوانەیە لە کابینەی داهاتووی حکومەتدا ئاکامەکانی بە باشی دەربکەوێت**






# ڕووداوە تیرۆریستییەکەی یازدەی سێپتەمبەر

٧٠

بەڕاستی ڕێکەوتێکی سەیر بوو، گەورەترین شۆڕش لە مێژووی گەلی کوردستاندا لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ هەڵگیرسا، بۆیە مانگی ئەیلوول گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی بۆ گەلی کوردستان هەیە. هەر لە ساڵی ٢٠٠١ـەوە ١١ی ئەیلوول ڕۆژێکی یەکجار گرنگە لە مێژووی ئەمەریکا و تەنانەت لە مێژووی تازەی هەموو جیهاندا، دیمەنەکانی ئەو ڕۆژە هەرگیز لە بیر ناچێتەوە.

ڕۆژی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١، بە بۆنەی دەرچوونی خولێکی ئەفسەرانی ئەکادیمیای زاخۆ سەردانی ئەو شارەم کردبوو، دوای کۆتاییهاتنی خولەکە بۆ دهۆک گەڕامەوە و، مەسرووریش لەلام بوو، باسی بەرنامەی ڕۆژانی داهاتوومان دەکرد کە بڕیار بوو بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی کادیر و پێشمەرگەکانی ئەیلوولدا بکەین.

لە ژوورەکەماندا تەلەفزیۆن لەسەر کەناڵی جەزیرە بوو، دیمەنی ڕاستەوخۆی مانهەتانی نیویۆرکی دەگواستەوە. لەناکاو لە شاشەی تەلەفزیۆن ئەو فڕۆکەیەمان بینی کە خۆی بە بینای دووەمی ناوەندی بازرگانیی جیهانیدا داو تەقییەوە. دیار بوو چەند خولەک پێشتریش فڕۆکەیەکی مەدەنیی دیکە خۆی بە بیناکەی تردا کێشابوو. دوای ئەوەش فڕۆکەیەکی تر خۆی بە بینای پێنتاگۆندا تەقاندەوە. دواتر دەرکەوت کە ڕێکخراوی تیرۆریستیی قاعیدە ئەم کارە تیرۆریستییە گەورە و بێوێنەیەی کردووە و ئەمە بە گەورەترین کردەوەی تیرۆریستی لە مێژووی کۆن و نوێدا دەژمێردرێت.




بەرگی دووەمی کتێبی (مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرە و کۆنفرانس- پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ) بەرهەمێکە لە نووسین و ئامادەکردنی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەم کتێبە تۆمارێکی مێژووی پڕ سەروەری و خەباتی نەپساوەی پتر لە(٧٧)ساڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لەم بەرگەدا ئاماژە بۆ بەستنی کۆنگرەکان کراوە، کۆنگرەی دەیەم لە ڕۆژانی(٢-١٢/١٢/١٩٨٩) و کۆنگرەی یازدەیەم لە ڕۆژانی (١٦-٢٦ی ئابی ١٩٩٣) و کۆنگرەی دوازدەیەم لە ڕۆژی (٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩) و کۆنگرەی سێزدەیەم لە ڕۆژی (١١ی کانونی یەکەمی٢٠١٠).

لەم بەرگەدا ئاماژە بە ڕاگەیاندنی بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کراوە، کە لەژێر دروشمی (توندوتۆڵکردنی خەبات لە پێناوی دیموکراتییەت بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە بۆ کوردستان) دا بەسترا، لە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیدا بارودۆخی کوردستان و عێراق و جیهان باسکرا، وانەو پەندەکانی ئەم چەند ساڵە دەست نیشان کرا و چەندین پێشنیاز خرانە ڕوو سەبارەت بە چۆنێتیی درێژەپێدانی خەباتی قۆناغی داهاتوو، دواتر بڕیاری لەسەر درا.

ئەوەی پەیوەستە بە ڕاگەیاندنی بەلاغی کۆتایی کاروباری کۆنگرەی یازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتوو کە لەژێر (دروشمی ، ئاشتی، ئازادی، دیموکراتی ) بەسترا، هەڤاڵی بەڕێز مسعود بارزانی لە ڕۆژی سێیەمی کۆنگرە ڕاپۆرتی سیاسی خوێندەوە، کە لە سێ بەش پێکهاتبوو، دەربارەی گشت لایەنەکانی خەباتی پارتی لە نێوان دەیەمین کۆنگرە، ساڵی ١٩٨٩ تا یازدەیەمین کۆنگرە ساڵی ١٩٩٣، باری تەنزیمی، جەماوەری، عەسکەری و ڕۆشنبیریی پارتی، بارودۆخی کوردستانی عێراق وباری گشتیی عێراق و شێوە چارەسەری کێشەکانی ڕوون کرایەوە.

سەبارەت بە بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی دوازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەژێر (دروشمی، ئاشتی، ئازادی، دیموکراتی ) بەسترا، لەم بەلاغەدا ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی ئاماژەی بە هەموو لایەنەکانی خەباتی ڕێکخراوەیی و دەستکەوتەکانی نێوان دوو کۆنگرە و چەندین پێشنیازی پێویستی لەخۆ گرتبوو بۆ پتەوکردنی ڕێکخستن، جگە لە گۆڕانکاری و چاکسازی و نوێکردنەوە کە لە کۆنگرەکەدا جەختیان لەسەر کرایەوە.

بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەژێر دروشمی (نوێبوونەوە، دادپەروەری، پێکەوە ژیان) بەسترا، ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەی تێدا بوو بۆ گرنگترین ڕووداوەکان و کار و خەبات و دەستکەوت و سەرکەوتنەکانی پارتی لە نێوان دوو کۆنگرەدا وێڕای تێڕوانین بۆ خەباتی ئایندە.

شایانی باسە پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناو ناساندن و کۆکردنەوە و بە دۆکیومێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیاری ڕێزدار مەسرور بارزانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە، ئەم بەرهەمەش بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری


*Web: www.gulanmedia.com*

دکتۆر محەمەد سدیق :



**وێڕای تێبینی و ڕەخنەکانمان بودجەی عێراق باشە و ڕەنگدانەوەی لەسەر خۆشگوزەرانیی خەڵکی کوردستان دەبێت**

دکتۆر سەباح سوبحی :




**وەک فراکسیۆنی پارتی لەگەڵ گەڕانەوەی پاشەکەوتی فەرمانبەران بووین و پرۆژە و پێشنیاری ئێمە بوو کە ١٢٪ی پاشەکەوتەکە بدرێتەوە**

د. کاوە مەحموود



**گرنگە هەموو هەوڵەکان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بێت**

دکتۆر سامان سۆرانی



**فەلسەفەی ناکۆکیی زارەکی لە هەرێمی کوردستان**

حافز نازم :



**کاریزمایی و مرۆڤدۆستیی سەرۆک مسعود بارزانی گەشەی پێکەوەژیانی لە هەرێمی کوردستان زیاتر کردووە**

قەشە ئەلئەب جبرائیل گۆرکیس :



**بڕیاری سەرۆک بارزانی بە بەشداریی نوێنەرانی پێکهاتەکان لە نووسینەوەی دەستووری کوردستاندا متمانەیەکی یاساییە بۆ پێکەوەژیان لە هەرێم**

پەیام حەمەغەریب:

**جێگەی دڵخۆشییە لە کارگە بچووکەکەمان هەشت ئافرەت کار دەکەن**



جومانە کڕادشە



**لە ڕێگەی ئەرکەکەمەوە هەوڵم داوە، دەنگی ئافرەتانی ستەملێکراو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بگەیێنمە هەموو جیهان**

تاژان شێخ نەسرەدین :

**بەهۆی ئاست بەرزیم ڕێگە پێدانی ڕاهێنەریم پێ بەخشرا**



**سەرئێشە لەکاتی برسیبووندا**



**مۆبایلێکی نوێ لە جیهانی مۆبایلە چەماوەکاندا**





# ڕۆژی (٨)ی حوزەیران بارەگای بارزانی بووە ماڵی دڵنەوایی هونەرمەندان

**ئەحمەد سالار**

بۆ گوڵانی نووسیوە

لەو ڕۆژەدا کەرنەڤاڵی ئەڤین و هونەر بوو، لەو دەمەدا لەسای پەلکەزێڕینەی پاش بارانی تامەزرۆیی هەموان دیدارێك بوو، لە چاوی هەر هونەرمەندێکیاندا خەرمانەی ناوچەوانی سەرۆك، یەك حەرفی یەك وشە و یەك نیگاری دەنواند، دەنگی سروودێك دەهات کە بای وادەی ئەو ڕۆژە نەوبەهارییە دەیکرد بە بەرۆکی عەزرەتخوازانی هونەری ڕاستەقینەوە...

دیارە سەرۆك هەرچۆن لە سەروو ئەو گشت ئەرك و بەرپرسیاریەتییەوە هەر بیرودڵی لای هونەرمەندان بووە، هەرچۆن باوك بیری بە لای ڕۆڵەکانیەوە، بۆیە هەرگیز لە مەراقیان بێ ئاگا نەبووە. فەرمووی: «ماوەیەکە هەستم دەکرد، گرفتێك لەئارادایە و بەرۆکی گرتوون، منیش لە گیانی هاوهەستی و هاوخەمییەوە حەزم کرد ئەو دیدارە ساز بکرێ و بەڵکو نەهێڵین تەنگ بە گیانی داهێنانتان بگرێ...بۆیە حەز دەکەم گوێم لە ڕاز و نیاز و ڕازەکانی دڵ و بیر و ناختان بێت...»

پاشان بە چەند ڕستەیەك کە ستایش و بەبای خۆشحاڵی بوو، دەروو کرایەوە بۆ چەند بۆچوون و جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە، بینینی سەروەریان



هەرچۆن مەراقی هەموانە بۆ دەرکەوتن و بینینی مانگی یەك شەوە، هەتا بە تەهلیلە و ئەڵاهوئەکبەر درك بە چاوەڕوانییەکە بدرێ و نوقڵانەی بوون بە جەژن، بدرێ بە گوێی هەمواندا.

ئەوسا شنەیەك لەیەکدی ڕوانین و گەشەی گیانی هاتە ئاراوە و ئیدی هەرچۆن هاوخەمان و هاوڕایان بۆ یەکدی دەدوێن و سینەی بیستن بەر لە گوێ بەڕووی یەکدیدا واڵا دەکرێ، خەمەکانیان کە پتر پەیوەستی باری ژیان و گوزەرانیان و پێداویستییان بە هاوکەشی ئەفراندنەوە بوو، بە ڕوون و ڕەوانی و بێ پەردە خرایە ڕوو.

ئەوەی وەك دیاردەیەکی جوان دەبینرا و هەستی پێ دەکرا، ئەو گیانە خێزانییە کوردەوارییە ڕەسەنە بوو کە بۆ و بەرامەی جارانی لێوەدەهات، کە سەراپا گوڵاوپڕژێنی میهر و نەوا و سۆز بوو.


ئەو دەمە لە سای بنمیچی بارەگای بارزانیدا هەموان لەسای هەستێکی یەکانگیری هەستی هەمواندا ئاوازی بەردەوامییان بۆ ژیانێکی جوانتر دەژەند.

هەموان یەك چاو بوون، یەك هەست و یەك دییە و یەك دڵ بوون، کە لێدانی هەموویان ڕزمی (ئەی ڕەقیب)یان لێدەدا و ئاڵای کوردستان ڕەنگەکانی بەسەریاندا دەباران.

ئەو ڕۆژە ڕۆژێك بوو لە ڕۆژە هەرە گەشاوەکان، دیارە بە کەیلی ئومێدێکی گەشی گوڵڕەنگەوە لە چاوەکانی سەرۆکیان دەڕوانی، بەلای منەوە هێندە گەش و مەزن بوو، کە بە دڵنیاییەوە هەموومانی لەخۆ گرتبوو، بە پیر و نەوجەوانەوە، بەڵێ ڕۆژی (٨)ی حوزەیران ڕۆژێ بوو لە ڕۆژان کە بە زێڕ لە زەینی هەمواندا نەخشێنرابوو...

لەو دیمانە و دیدارەدا چرایەکی ئەوتۆ لە سینە و دەروونی هەمواندا داگیرسابوو، کە هیچ کون و کەلەبەرێکی هەستی لەسای تاریکیدا نەهێشتبوو، چراخانێ بوو وەك ئەو سات و ڕۆژەی هەموان لە چارەنووسی گەلەکەیان دڵنیا دەبنەوە، دڵنیابوونێکی هەتا هەتایی، بەڵێ ئەو ڕۆژە بارەگای بارزانی ماڵی ئەڤینی هونەرمەندان بوو.


Making




## هەرێمی کوردستان و عێراق
## لە پەنێڵێکی ئنستیتیوتی ئەمریکا بۆ ئاشتی

### ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# شانازی دەکەین لە بەندیخانەکانی هەرێمی کوردستاندا زیندانیی سیاسیمان نییە

«پرۆسەی وەرچەرخانی هەرێم لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ بە خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەستی پێ کرد، بۆ ئەوەی لەم هەرێمە پەرلەمان و حکومەتی خۆمان هەبێت، بۆ ئەمەش وێڕای هەموو ئاستەنگ و گوشارەکان توانرا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و پەرلەمان و حکومەتیش دابمەزرێت، بەڵام ئەوەی دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوەیە کە ئێمە بەشێکین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بێجگە لەوەی کە کێشەی کورد خۆی کێشەیەکی هەستیارە و لە چەندین لایەنی جیاوازەوە گوشار دەخرێتە سەری، بەڵام لەناو کۆمەڵگەی خۆشمان چەندین کێشەی ناوخۆیمان هەبووە، بەڵام سوپاس بۆ خوا و گەلی کوردستان و پارتە سیاسییەکان توانیومانە ئەو قۆناغە سەختانەش تێپەڕێنین. ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە ئێستا ململانێی گەورە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەوەیە چەند بکرێت بە زوویی هەڵبژاردنێکی تازە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، بە ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنەش هەموو ئەو کێشانەی هەمانە چارەسەر دەبن، بۆیە لێرەوە داوا لە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەکەم پشتگیری هەوڵەکان بن، بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە لە نزیکترین کاتدا هەڵبژاردن ئەنجام بدەین».

**ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**ئنستیتیوتی ئەمریکا بۆ ئاشتی ١٤ی حوزەیرانی ٢٠٢٣**

لە چوارچێوەی سەردانەکەیدا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆبوونەوە و دیدارەکانی لەگەڵ بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکا و ئەندامانی کۆنگرێس، ڕۆژی ١٤ی حوزەیرانی ٢٠٢٣ (ئینستیتیوتی ئەمریکا بۆ ئاشتی USIP) بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆی ئەمریکی لە کوردستان پەنێڵێکیان بۆ ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێك خست، لەم پەنێڵەدا کە زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاند، وەزیری ناوخۆ لەسەر چەندین پرسی گرنگی تایبەت بە کۆی پرۆسەی سیاسیی عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی و یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە و چەندین بابەت و پرسی دیکەی باس کرد، لەبەر گرنگیی بابەتەکە بە پێویستمان زانی کە بەشێکی بخەینە بەرچاوی خوێنەرانی گوڵان.

### ● عێراق دوای ٢٠ ساڵ لە ڕووخانی ڕژێم و حەوت مانگ دوای پێکهێنانی حکومەتەکەی سوودانی

لە دەستپێکی ئەم پەنێڵەدا ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمجۆرە وێنە گەورەکەی ٢٠ساڵی ڕابردووی عێراقی بۆ ئامادەبووان خستە ڕوو و گوتی: «بێگومان لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو گۆڕانکاری بە ئاراستەی وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی لە عێراقدا ڕوویان داوە، هەر بۆ نموونە توانیمان دەستوورێکی زۆر باش لە ساڵی ٢٠٠٥ تێپەڕێنین و هەموو لایەك (کورد، سوننە، شیعە، پێکهاتە جیاوازەکان) ئەم دەستوورەیان پەسەند کردووە و، زیاتر لە ٨٠٪ی گەلانی عێراق دەنگیان پێ داوە. ئێمە وەك هەرێمی کوردستان بەوجۆرە سەیری عێراقی تازەمان دەکرد، کە وەرچەرخانی عێراق بەرەو دیموکراتی شان بە شانی ئەزموونی دیموکراتیی هەرێمی کوردستان دەبێتە نموونەیەکی زۆر باش بۆ تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام ئەگەر سەیری مێژووی عێراق بکەین، ئەوا عێراق تەنیا لەیەك مەزهەب و یەك نەتەوە پێك نەهاتووە، بەڵکو عێراق دەوڵەتی فرە نەتەوە و ئایینە و پێك هاتووە لە (کورد، عەرەب، کریستیان، ئێزدی، تورکمان)، لەناو نەتەوەی عەرەبی عێراقیشدا دابەش بوون بۆ (سوننە و شیعە)، بێگومان لەگەڵ ئەم پێکهاتە ئاڵۆزە، ئاسان نییە تەنیا بە گۆڕین، یان ڕووخانی ڕژێمێك، وەرچەرخان لە دیکتاتۆریەتەوە بەرەو دیموکراتی بێتە ئاراوە، ئەم پرۆسەیە پێویستی بە وەرچەرخان و گۆڕانکارییە لە ئەقڵییەتی ئەوانەی بڕیار دروست دەکەن، هەروەها دەبێت گۆڕانکاری و وەرچەرخانیش لە ئەقڵییەتی خەڵکەکە بێتە ئاراوە، بۆ ئەوەی ئەم وەرچەرخانە تازەیە قبووڵ بکەن و بەرەو کۆتاییهێنان بە ئەقڵییەتی سەنتراڵی هەنگاو هەڵبگرین، کە ڕێگەی ڕاست و دروستیش بۆ کۆتاییهێنان بەو ئەقڵییەتە یەکتری قبووڵکردنە، بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە حوکمڕانیی وڵاتی خۆمان بکەین، بەڵام بەداخەوە لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوو هەموو ئەم ئامانجانە نەهاتوونەتەدی و نەتوانراوە دەستوورەکە وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، ئێمە وەك هەرێمی کوردستان بە دەست جێبەجێنەکردنی دەستوورەوە ئازارمان زۆر چەشتووە، هەر ئەمەشە وای کردووە کە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە هەڵواسراوی بمێننەوە، هەر بۆ نموونە:

١. ماددەی ١٤٠ی دەستوور کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان بە کردەیی و لەسەر ئەرزی واقیع هیچی لێ جێبەجێ نەکراوە، ڕۆژانە گوشار دەخرێتە سەر هاووڵاتیانی کورد و تورکمان لە دەوروبەری پارێزگای کەرکووك، هەندێك لە خەڵکی شۆڤێنی هەوڵ دەدەن سیاسەتی پێشووی ڕژێمی بەعس

بێجگە لەوەی کە کێشەی کورد خۆی کێشەیەکی هەستیارە و لە چەندین لایەنی جیاوازەوە گوشار دەخرێتە سەری، بەڵام لەناو کۆمەڵگەی خۆشمان چەندین کێشەی ناوخۆییمان هەبووە، بەڵام سوپاس بۆ خوا و گەلی کوردستان و پارتە سیاسییەکان توانیومانە ئەو قۆناغە سەختانەش تێپەڕێنین

ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە ئێستا ململانێی گەورە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەوەیە چەند بکرێت بە زوویی هەڵبژاردنێکی تازە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، بە ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنەش هەموو ئەو کێشانەی هەمانە چارەسەر دەبن

دژی کورد و تورکمان لە کەرکووك پیادە بکەنەوە.

٢. لەسەر کێشەی پێشمەرگە، هیچ پشتیوانییەك لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەکراوە، چەك و پێداویستی، مەشق و ڕاهێنان، تەنانەت لە مووچەکانیشیان، هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لێ بێبەش کراوە.

٣. بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان ئاستەنگی زۆر گەورەی بۆ دروست کراوە و زۆر جار نەنێردراوە، ئەگەر ناردبێتیشیان پشکێکی زۆر کەم بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی لە کۆکردنەوەی داهاتی ناوخۆ و ئەو نەوتەی کە خۆمان فرۆشتوومانە تا ڕادەیەکی باش مووچە و خزمەتگوزارییەکانی هەرێمی کوردستان دابین بکات، ئەمە لە کاتێکدا حکومەتی عێراق بەو بودجە زەبەلاحەی لەبەر دەستیەتی، نەیتوانیوە خزمەتگوزاری بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دابین بکات.

سەبارەت بەم کابینە تازەیەش کە حەوت مانگی بەسەردا تێپەڕیوە، هەموو لایەك دەزانن ئەم کابینەیە لە دوای هەڵبژاردنەکانی نۆڤمبەری ٢٠٢١ دوای کێشە و ناکۆکی و هەوڵێکی زۆر لە نێوان «چوارچێوەی هەماهەنگی و سوننە و کورد» پێکهێنرا، پاشان ناوەکەی گۆڕا بۆ «هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت»، لە نێوان هاوبەشەکانی ئەم هاوپەیمانییە ڕێککەوتنێکی سیاسی و ڕێککەوتنێك لەسەر پرۆگرامی کابینەی وەزارییەکە واژۆ کراوە و، پرۆگرامی کابینە وەزارییەکە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە پەسەند کراوە، بۆیە ئێمە وەك بەشێك لەو هاوپەیمانییە پشتگیری کابینەکەی سەرۆك وەزیران سوودانی دەکەین، جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە سیاسییە زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە واتە جێبەجێکردنی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ و، دەوڵەتی عێراق لە دەوڵەتێکی بە تەواوەتی وەردەچەرخێنێت بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی، هەر بۆ نموونە:

● هەتا ئێستا سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا جێبەجێ نەکراوە و تەنیا هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بوونیان هەیە و هیچ هەرێمێکی تازەی فیدراڵی لە عێراقدا نییە، بۆیە دەبێت یاسای دروستکردنی هەرێمە فیدراڵییەکان کارا بکرێتەوە.

● بەپێی دەستوور دەبێت هاوشانی ئەنجومەنی نوینەران، ئەنجومەنێکی دیکە هەبێت کە ئەویش ئەنجومەنی فیدراڵییە و بەپێی ڕێککەوتنە سیاسییەکە دەبێت ئەو ئەنجومەنە دابمەزرێت.

● لەناو ڕێککەوتنە سیاسییەکە ماددەیەك هەیە کە داوا دەکات پێویستمان بە دارشتنی چەندین یاسای تازە هەیە و دەبێت لە ماوەی شەش مانگدا ئەو یاسایانە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە تێپەڕێنرێن وەك «یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، هەموارکردنەوەی یاسای دادگای فیدراڵی، یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی».

بەداخەوە تا ئێستا لەبەر ئەو ململانێ توندەی لەسەر پرۆژە یاسای بودجە لەناو پەرلەمانی عێراق بوونی هەبوو، هیچ کام لەو یاسایانە دەرنەچوون، بەڵام تیمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی کاریان لەسەر ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی کردووە، ئومێد دەخوازین پێکەوە بتوانین کارێك بکەین کە ئەو یاسایە لە ئایندەیەکی نزیکدا لە پەرلەمان پەسەند بکرێت».

**● عێراق لە دووڕێیانی**

**دوایین دەرفەت و گەڕانەوە بۆ پاشاگەردانیدا**

لە بەشێکی دیکەی ئەم پەنێڵەدا ئاماژە بەوە کرا کە بە حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی دەگوترێت «دوایین دەرفەت»، ئەمەش واتە ئەگەر ئەم دەرفەتەی هاتووەتە پێشەوە لە دەست بدرێت، ئەوا چانسی دیکە لە بەردەم پرۆسەی سیاسی عێراق نامێنێت، سەبارەت بەم پرسە وەزیری ناوخۆی هەرێم بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو: «من بەو پرسیارە دەست پێ دەکەم، بۆچی هەندێك خەڵك ناویان لەم پرۆسەیە ناوە «دوایین دەرفەت»؟ بێگومان وەڵامەکەی ئاسانە کە بە چەند خاڵ ئاماژەی پێ دەکەم:

- هەموو پێکهاتەکانی عێراق بێجگە لە «تەیاری سەدر» لەم حکومەتە بەشدارن و نوێنەرایەتییان لەم حکومەتەدا هەیە.

- هەموو بەشداربووانی ئەم کابینەیە لەسەر ڕێککەوتنێکی سیاسیی زۆر باش ڕێککەوتن و لەناو ئەو ڕێککەوتنەدا هەموو کێشەکان دەستنیشان کراون.

**ئەم پرۆسەیە پێویستی بە وەرچەرخان و گۆڕانکارییە لە ئەقڵییەتی ئەوانەی بڕیار دروست دەکەن، هەروەها دەبێت گۆڕانکاری و وەرچەرخانیش لە ئەقڵییەتی خەڵکەکە بێتە ئاراوە، بۆ ئەوەی ئەم وەرچەرخانە تازەیە قبووڵ بکەن و بەرەو کۆتاییهێنان بە ئەقڵییەتی سەنتراڵی هەنگاو هەڵبگرین**

**ئێمە وەک هەرێمی کوردستان بە دەست جێبەجێنەکردنی دەستوورەوە ئازارمان زۆر چەشتووە، هەر ئەمەشە وای کردووە کە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە هەڵواسراوی بمێننەوە**

**ڕۆژانە گوشار دەخرێتە سەر هاووڵاتیانی کورد و تورکمان لە دەوروبەری پارێزگای کەرکووک، هەندێک لە خەڵکی شۆڤێنی هەوڵ دەدەن سیاسەتی پێشووی ڕژێمی بەعس دژی کورد و تورکمان لە کەرکووک پیادە بکەنەوە**

**بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان ئاسەنگی زۆر گەورەی بۆ دروست کراوە و زۆر جار نەنێردراوە، ئەگەر ناردبێتیشیان پشکێکی زۆر کەم بووە**

هەر بۆیە ئەگەر ئێمە وەك تەواوی نوێنەرانی گەلانی عێراق پێکەوە نەتوانین ئەو ڕێککەوتنە سیاسییە و پرۆگرامی کابینە وەزارییەکە جێبەجێ بکەین، ئایا ئاکامەکەی چی دەبێت؟ بێگومان ئاکامەکەی شکستی دەوڵەت و دووبارە گەڕانەوە دەبێت بۆ ئاژاوە و پاشاگەردانی، ئەم مەزندەیە کە دروستیشە وای کردووە ئەو خەڵکانە بڵێن ئەمە «دوایین دەرفەتە» لە بەردەم پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، بۆیە پێموایە دەرفەتێکی باش هاتووەتە پێشەوە بۆ هەموومان کە پێکەوە ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشە و تەحەددییانە ببینەوە کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەم دەرفەتەش وەك دەرفەتەکانی پێشتر لە دەست بدرێت و هەمان هەڵەکانی ڕابردوو دووبارە بکەینەوە، ئەوا تووشی هەمان کێشەکانی پێشوو دەبینەوە، بەڵام لەوانەیە بە شێواز و جۆری دیکە بن.

مەترسیی گەورە لەوەدایە، ئایا تاکەی هاووڵاتیانی هەژاری عێراق ئەم هەموو ئاژاوە و پاشاگەردانییە قبووڵ دەکەن و پشتگیریی حزب و لایەنە سیاسییەکان دەکەن؟ تەنیا سەیری دوایین هەڵبژاردنی ٢٠٢١ بکەن، بینیمان ڕێژەی بەشداریی هاووڵاتیان زۆر جێگەی نائومێدی بوو، بۆیە ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، ئەوا هاووڵاتیانی عێراق ئینتمایان بۆ وڵاتەکەیان نامێنێت.

### ● هەرێمی کوردستان دوای سێ دەیە گەشەسەندن و وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی

ئەگەر پرۆسەی وەرچەرخانی دیموکراسی لە عێراقدا دوو دەیەی بەسەردا تێپەڕی بێت، ئەوا هەمان پرۆسەی وەرچەرخان لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە سێ دەیەی بەسەردا تێپەڕیوە و، دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان، لەم چوارچێوەیەدا ئایا هەست بە جیاوازی دەکرێت لەنێوان ئەم دوو پرۆسەیەدا؟ وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەمجۆرە وەڵامی پرسیاری پەنێڵەکەی دایەوە: «پرۆسەی وەرچەرخانی هەرێم لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ بە خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەستی پێ کرد، بۆ ئەوەی لەم هەرێمە پەرلەمان و حکومەتی خۆمان هەبێت، بۆ ئەمەش وێڕای هەموو ئاستەنگ و گوشارەکان توانرا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و پەرلەمان و حکومەتیش دابمەزرێت، بەڵام ئەوەی دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوەیە کە ئێمە بەشێکین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بێجگە لەوەی کە کێشەی کورد خۆی کێشەیەکی هەستیارە و لە چەندین لایەنی جیاوازەوە گوشار دەخرێتە سەری، بەڵام لەناو کۆمەڵگەی خۆشمان چەندین کێشەی ناوخۆییمان هەبووە، بەڵام سوپاس بۆ خوا و گەلی کوردستان و پارتە سیاسییەکان توانیومانە ئەو قۆناغە سەختانەش تێپەڕێنین. ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە، ئەوەیە کە ئێستا ململانێی گەورە لەنێوان لایەنە سیاسیەکان بۆ ئەوەیە چەند بکرێت بە زوویی هەڵبژاردنێکی تازە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، بە ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنەش هەموو ئەو کێشانەی هەمانە چارەسەر دەبن، بۆیە لێرەوە داوا لە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەکەم، پشتگیری هەوڵەکان بن بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە لە نزیکترین کاتدا هەڵبژاردن ئەنجام بدەین.

ئەوجا لەگەڵ ئەوەی بەهۆی ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی سەبارەت بە نادەستووریبوونی درێژکردنەوەی ماوە پەرلەمانی کوردستان، هەندێك بارودۆخەکە ئاڵۆزی تێکەوتووە، بەڵام هیچ ئاستەنگێك هەوڵەکانی ئێمە ڕاناگرێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردن نەکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە هیچ بەدیلێکمان نییە بێجگە لە گەڕانەوە بۆ بڕیاری خەڵکی کوردستان، دەبێت لێیان بپرسین: «کێ ئەو توانایەی هەیە ئەم وڵاتە باشتر لەوەی پێشوو بەڕێوە بەرێت؟»، بۆیە دەبێت هەڵبژاردن ئەنجام بدەین و پێویستیشە ئاکامەکەی قبووڵ بکەین، ئەوە ئیرادەی خەڵکە بڕیار دەدات، چ لایەك دەبێتە زۆرینە و چ لایەك دەبێتە کەمینە لەناو پەرلەماندا، بۆ ئەمەش ئێمە ئامادەین بۆ هەڵبژاردن و بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش زۆر بە جددی هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی تازە لە کوردستان ئەنجام بدرێت.

**حکومەتی عێراق بەو بودجە زەبەلاحەی لەبەر دەستیەتی، نەیتوانیوە خزمەتگوزاری بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق دابین بکات**

**هەتا ئێستا سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا جێبەجێ نەکراوە و تەنیا هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بوونیان هەیە و هیچ هەرێمێکی تازەی فیدراڵی لە عێراقدا نییە، بۆیە دەبێت یاسای دروستکردنی هەرێمە فیدراڵییەکان کارا بکرێتەوە**

**بەپێی دەستوور دەبێت هاوشانی ئەنجومەنی نوینەران، ئەنجومەنێکی دیکە هەبێت کە ئەویش ئەنجومەنی فیدراڵییە و بەپێی ڕێککەوتنە سیاسییەکە دەبێت ئەو ئەنجومەنە دابمەزرێت**

**تیمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی کاریان لەسەر ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی کردووە، ئومێد دەخوازین پێکەوە بتوانین کارێک بکەین کە ئەو یاسایە لە ئایندەیەکی نزیکدا لە پەرلەمان پەسەند بکرێت**

**● هەرێمی کوردستان لە ئاستی پێکەوەژیان ومافەکانی مرۆڤ و ئازادیی ڕادەربڕیندا**

زۆر جاران لەسەر ئاستی لۆکاڵ و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش گوێبیستی ئەوە دەبین کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە لەسەر ئەوەی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی ڕادەربڕین و مافی ئافرەتان پێشێل دەکرێن، لەسەر ئەم تەوەرە گرنگە ڕێبەر ئەحمەد گوتی: «لە سەرانسەری جیهاندا سیستەمێك بوونی نییە کە توانیبێتی بە تەواوەتی سیستمێکی دیموکراتی بێت و تەواوی مافەکانی مرۆڤی پاراستبێت، بەڵام ئێمە لەگەڵ دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خودی سەرۆك وەزیران بەڕێز مسرور بارزانی پابەندبوونی خۆی «بۆ دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی باشتر بۆ ئازادیی ڕادەربڕین» ڕاگەیاند، هەموو ئەندامانی کابینە وەزارییەکەش پابەندبوونی خۆیان ڕاگەیاندووە و لە چوارچێوەی کاری وەزارەتەکانی خۆیاندا کاری جددی لەسەر دەکەن. بۆیە لێرەوە پێویستە ڕاستییەکان وەك خۆیان ببینین. ڕاستە ئێمە گوێبیستی ئەوە دەبین کە هەندێك لەسەر ئاستی لۆکاڵ و نێودەوڵەتی قسە لەسەر هەندێك پرس دەکەن و کۆمەڵێك خاڵ کۆدەکەنەوە، بۆ ئەوەی پیشانی بدەن لەسەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی ڕادەربڕین نیگەرانی هەیە، بەڵام خۆتان دەتوانن سەردانی کوردستان بکەن و ببینن کە ڕاستییەکان لەسەر ئەرزی واقیع بەو جۆرە نییە، بەڵام گریمان هەندێك نیگەرانیش هەبێت، حکومەتی ئێمە حکومەتێکی کراوەیە و ئەگەر هەندێك شت لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان پیادە کرابن، ئەوە ستراتیژیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە، بۆ ئەم پرسەش سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان فەرمانی بە هەمووان کردووە و بە تایبەتیش بۆ وەزیری ناوخۆ کە بەدواداچوون لەسەر هەموو ئەو پرسانە بکەین، بۆیە دووبارەی دەکەینەوە، ئێمەوە وەك حکومەت ئامادەین و کراوەین لەگەڵ هەموو ئەوانەی نیگەرانییان هەیە، لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی دیالۆگ بکەین و، ئەگەر هەڵەیەك ڕووی دابێت، ڕاستی بکەینەوە. لە میانەی کۆبوونەوەکانم لەگەڵ دۆستەکانمان لە واشنتۆن زۆر بە ڕاشکاوانە پێمان گوتوون، ئێمە لە زۆر بواردا پێویستمان بە پشتگیریی ئێوە هەیە و کارمەندانی ئێمە پێویستیان بە مەشق و ڕاهێنانی زیاتر و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی دیکە هەیە. وەك وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان شانازی دەکەم کە لە بەندیخانەکانی هەرێمی کوردستاندا، هیچ زیندانییەك لەسەر بیروبۆچوونی سیاسی بوونی نییە.

ئێمە ژینگەیەکی زۆر باشمان بۆ هەموو تاکێك لە هەرێمەکان دروست کردووە، تەنیا وەك نموونە ئێمە میوانداریی زیاتر لە یەك ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەری وڵاتانی دەوروبەرمان کردووە، هەموو ئەو خەڵکانەی لە ترسی تیرۆریستانی داعش هەڵاتوون و هەموو ئەوانەشی بە هۆی گوشار و هەڕەشەی دیکە لە ناوچە جیاوازەکانی عێراق ئاوارە بوون، هەموویان بە ئاشتی و سەبەرزی لە هەرێمی کوردستان دەژین. پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە، ئێمە ئەم ژینگە باشەمان بۆ خەڵکانی دەرەوەی هەرێمەکەی خۆمان دابین کردبێت، دەبێت بۆ هاووڵاتیانی خۆمان چۆن بین؟ هەر بۆیە زۆر شانازی دەکەین بە پێکەوەژیانی برایانەی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستان، خاڵی بنەڕەتی بونیادی دیموکراتیش لە یەکتری قبووڵکردنەوە دەست پێ دەکات، ئەم کەلتوورە لە کوردستان هەیە، لە کوردستان ئەوە گرنگ نییە کێ سەر بە کام ئایین و کێ سەر بە کام نەتەوەیە، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە هاووڵاتیان بە ئاشتی پێکەوە بژین. ئێوە وەك سەنتەری ئەمریکا بۆ ئاشتی «USIP» سەرەکیترین ئامانجتانە، ئەمەم بۆ دۆستەکانمان لە واشنتۆنیش باس کرد و پێم گوتن، ئەمەی ئێمە دەیڵێین، تەنیا بۆ میدیا و بۆ سیاسەت نییە، ئێمە بڕوامان بەو بەهایانە هەیە، ئەوجا ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری بکات، یان نە، ئێمە لەگەڵ ئەم کەلتوور و بەهایانە پەروەردە کراوین، بۆ ئەوەی یەکتری قبووڵ بکەین، هەر ئەمەش وای کردووە کەمترین توندڕەوی ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان دروست بێت و دوای تیرۆریستانی داعش بکەن، هەتا ئەو کاتەی

**بە حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی دەگوترێت «دوایین دەرفەت»، ئەمەش واتە ئەگەر ئەم دەرفەتەی هاتووەتە پێشەوە لە دەست بدرێت، ئەوا چانسی دیکە لە بەردەم پرۆسەی سیاسی عێراق نامێنێت**

**ئێمە ژینگەیەکی زۆر باشمان بۆ هەموو تاکێک لە هەرێمەکان دروست کردووە، تەنیا وەک نموونە ئێمە میوانداریی زیاتر لە یەک ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەری وڵاتانی دەوروبەرمان کردووە**

**هەموو ئەو خەڵکانەی لە ترسی تیرۆریستانی داعش هەڵاتوون و هەموو ئەوانەشی بە هۆی گوشار و هەڕەشەی دیکە لە ناوچە جیاوازەکانی عێراق ئاوارە بوون، هەموویان بە ئاشتی و سەبەرزی لە هەرێمی کوردستان دەژین**

**لە کوردستان ئەوە گرنگ نییە کێ سەر بە کام ئایین و کێ سەر بە کام نەتەوەیە، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە هاووڵاتیان بە ئاشتی پێکەوە بژین.**

کە ئەوان لە لووتکەدا بوون. وەك نموونەیەك لە گوندە بچووکەکەی خۆم کە «بارزان»ـە، لە ڕووبەرێکی زۆر بچووکدا «مزگەوت و کڵێسە و کەنیست» هەیە کە شوێنی خواپەرستیی سێ ئایینی جیاوازن، هەر سێکیشان تەنیا چەند مەترێك لێك دوورن، ئەم کەلتوورە لەم گوندە بچووکەوە فراوان بووە و بووەتە کەلتووری هەموو کوردستان و تێکڕای گەلی کوردستانیش بڕوای بە پێکەوەژیان هەیە، لەمەش زیاتر دەرگای کردووەتەوە بۆ هەموو ئەو خەڵکانەی لە عێراق و دەوڵەتانی دەوروبەر ناچار دەبن ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ بهێڵن و ڕوودەکەنە ئەم هەرێمەی ئێمە، بۆیە ئێمە پابەندین بە دیموکراتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی ڕادەربڕین و ئەمەش کەلتووری ئێمەیە.

سەبارەت بە پرسی ئافرەتانیش لە هەرێمی کوردستان، ئێمە سیستمی «کۆتا»مان هەیە، هەنگاوەکانمان بەو ئاراستەیەن بگەینە ئەو قۆناغەی کە ئافرەتانی ئێمە بە بێ کۆتا بە ژمارەیەکی گەورە نوێنەرایەتیی دامەزراوەکان بکەن، لەناو پەرلەمان حکومەت و سەرکردایەتیی پارتە سیاسییەکاندا بوونی بەرچاویان هەبێت. جێگەی دڵخۆشییە ژمارەیەکی باشی ئافرەتان بەبێ کۆتا لە هەڵبژاردن دەرچوون و هەندێکیان لە پیاوەکانیش زیاتر دەنگیان هێنا، گەشەسەندنێکی سیاسیی زۆر ئەرێنی لە ڕەوشی ئافرەتان لە کوردستان هاتووەتەئاراوە و، شەخسی سەرۆك وەزیران زۆر پاڵپشتی ئەوەیە کە ئافرەت لە پۆستە جیاوازەکاندا بوونیان هەبێت، لەم کابینەیەدا سێ وەزیرمان ئافرەتن.

لەمەش زیاتر خۆم سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی بڕیاری ١٣٢٥ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانم و زۆر لە نزیکەوە کار لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان دەکەین، لەناو وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەبەرایەتییەکی زۆر چالاکمان هەیە کە کار لەسەر بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و منداڵان دەکات، هەروەها بۆ پاراستنی مافەکانی ئافرەت یاسایەکی زۆر باشمان لە پەرلەمانی کوردستان تێپەڕاند، بەم دواییەش هەوڵمان داوە لائیحەیەکی یاساییمان بۆ مافەکانی ئافرەت هەبێت و جارێکی دیکە یاساکەمان هەموار کردەوە، ئەم یاسایە لەوەی پێشتر باشترە و ژینگەیەکی باشتر بۆ شوێنی کاری ئافرەتان دابین دەکات، هەروەها هەوڵێکی گەورە دەدەین بۆ بەشدارییپێکردنی زیاتری ئافرەتان لە دامەزراوەکانی حکومەت و بوونی ئافرەتان بە سەرکردە».

## ● هەرێمی کوردستان

## جوگرافیایەکی ئاڵۆز و هەڕەشەی هەمەجۆر

ئەو هەڕەشە و گوشارانەی دەخرێنە سەر هەرێمی کوردستان، تەنیا هەڕەشەو گوشاری تیرۆریستانی داعش نین، بەڵکو ئەم هەرێمە لە چەندین لایەنی دیکە وەك دەوڵەتانی دراوسێ و تەنانەت لەناو خودی عێراقیشەوە هەڕەشە و گوشار دەخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، هەر بۆیە لەنێو ئەم هەموو هەڕەشە و گوشارە چۆن توانراوە هەرێمی کوردستان بپارێزرێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەی ئامادەبوواندا وەزیری ناوخۆ بەمجۆرە تیشکی خستە سەر ئەم لایەنە هەستیارە و گوتی: «ئێمە لەناو جوگرافیایەکی زۆر ئاڵۆزدا دەژین و گوشاری هەمەجۆرمان دەکرێتە سەر، پەکەکە یەکێکە لەو گوشار و هەڕەشانە، جەخت دەکەمەوە کە پەکەکە تەحەددای سەرەکییە لە شنگال و سەرەکیترین ئاستەنگە لە ڕێگەی جێبەجێکردنی «ڕێککەوتنی شنگال»، لەبەر ئەوەی پەکەکە زۆربەی دامەزراوەکانی ئەو شارەی کۆنترۆڵ کردووە، ئەمەش بووەتە ئاستەنگی سەرەکی کە خەڵکی شنگال نەتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

هەروەها تیرۆریستانی داعش هەتا ئێستاش بۆ عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەرێمی کوردستانیش هەڕەشەی سەرەکین، بەداخەوە بۆشاییەکی گەورە لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکاندا هەیە، هەتا ئێستا هەردوولا بەرەی خۆیان هەیە و هەر یەکەیان لە دوو ناوچەی جیاوازن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێگەیشتنێکی باش لە نێوان حکومەتی فیدڕاڵی و حکومەتی هەرێم دروست بووە، بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش پێکەوە ئەنجام بدەن، بۆ ئەم مەبەستەش چەند لیوایەکی هاوبەش دروست کراون و هەوڵێکی باش هەیە لەم بودجە تازەیەدا مووچەی هەموو ئەو لیوا هاوبەشانە دابین بکرێن. لە ئێستادا هەڕەشەی سەرەکی بوونی

**ئێمە لەگەڵ ئەم کەلتوور و بەهایانە پەروەردە کراوین، بۆ ئەوەی یەکتری قبووڵ بکەین، هەر ئەمەش وای کردووە کەمترین توندڕەوی ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان دروست بێت و دوای تیرۆریستانی داعش بکەن**

**لە گوندە بچووکەکەی خۆم کە «بارزان»ـە، لە ڕووبەرێکی زۆر بچووکدا «مزگەوت و کڵێسە و کەنیست» هەیە کە شوێنی خواپەرستیی سێ ئایینی جیاوازن، هەر سێکیشان تەنیا چەند مەترێك لێك دوورن، ئەم کەلتوورە لەم گوندە بچووکەوە فراوان بووە و بووەتە کەلتووری هەموو کوردستان و تێکڕای گەلی کوردستانیش بڕوای بە پێکەوەژیان هەیە**

**ژمارەیەکی باشی ئافرەتان بەبێ کۆتا لە هەڵبژاردن دەرچوون و هەندێکیان لە پیاوەکانیش زیاتر دەنگیان هێنا، گەشەسەندنێکی سیاسیی زۆر ئەرێنی لە ڕەوشی ئافرەتان لە کوردستان هاتووەتەئاراوە و، شەخسی سەرۆك وەزیران زۆر پاڵپشتی ئەوەیە کە ئافرەت لە پۆستە جیاوازەکاندا بوونیان هەبێت، لەم کابینەیەدا سێ وەزیرمان ئافرەتن**

ئەو بۆشاییەیە کە لە ناوچە جێناکۆکەکاندا هەیە.

ئێمە پێکەوە (هێزی پێشمەرگە، هێزە عێراقییەکان، هاوپەیمانان) توانیومانە لە ڕووی سەربازییەوە تیرۆریستانی داعش تێك بشکێنین، بەڵام ئەگەرێکی زۆر هەیە دووبارە ئەم ئایدیۆلۆژییە توندڕۆیە خۆی ڕێك بخاتەوە، بۆیە دەبێت زۆر لە نزیکەوە بە یەکەوە کاربکەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئایدیۆلۆژییە توندڕەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە مەترسیی ئایدیۆلۆژیەتی توندڕەوی بە درەنگ چارەسەر دەکرێت و کاتێکی زۆر دەخایێنێت، لەوانەیە دەیان ساڵ پێویست بێت هەتا بتوانرێت بارودۆخە ئاسایی بکرێتەوە و مەترسیی ئەو ئایدیۆلۆژیا توندڕەوە بڕەوێندرێتەوە. بۆیە پێویستە بەردەوام بین لەم ئەرکە و بونیادی ئاشتی بنێین، چونکە بێجگە لەم ڕێگە و ئامانجە هەر شکستێك تووشی کارەساتمان دەکات و ئەو هەموو قوربانی و هەوڵەی داومانە هەتا ئەم بارودۆخەمان دروست کردووە، هەمووی بە فیڕۆ دەچێت و جارێکی دیکە هەرێم و عێراق و ناوچەکە دەکەوێتەوە ژێر مەترسیی تیرۆریستانەوە.

بە هەموو شێوەیەك لەناو ئەم جوگرافیا ئاڵۆزە هەوڵمان داوە هەرێمی کوردستان بپارێزین، ئەو هاوکارییانەی ئەمریکا بۆ هێزی پێشمەرگەی ناردووە، هەر لە سەرەتای شەڕی تیرۆریستانی داعشەوە هەتا ئێستا بەردەوامە و لە ڕووی داراییشەوە هاوکاری پێشمەرگە دەکەن، وەك حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەستمان کردووە بە ڕیفۆرم لەناو هێزەکانی پێشمەرگە و ئەم ڕیفۆرمەش زۆر گرنگە بۆ یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و لەم ڕووە هەنگاوی زۆر باشمان بڕیوە و ئامانجی سەرەکیی سەرۆك وەزیرانیش ئەوەیە کە هێزەکانی پێشمەرگە یەك بگرنەوە، لەم ئەرکەشدا ئەمریکا هاوکارە و لە چوارچێوەی ئەو یاداشتنامەی لیکتێگەیشتنە» MOU» کە لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئەمریکا ئیمزا کراوە، ئەویش زۆر یارمەتیدەر بووە.

یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە فاکتەرێکی گرنگە بۆ پاراستنی کوردستان و بە هاوکاریی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش، هەروەها هاوکارییەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق و هاوکاریی هێزەکانی هاوپەیمانان دەتوانین ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسییەکان ببینەوە و هەرێمی کوردستان بپارێزین.

## ● کابینەی نۆیەم و هەنگاوەکانی بۆ ڕاگرتنی گەندەڵی


وێڕای ئەو هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییانەی دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان، لە هەمان کات هەڕەشە و گوشارێکی دیکەی ترسناکیش ڕووبەڕووی حکومەت دەبێتەوە کە ئەویش «پەتای گەندەڵی»یە، لەم بارەیەوە وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تیشکی خستە سەر بەرنامەی کابینەی نۆیەم و بەرنامەی سەرۆك وەزیران بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و گوتی: «ئەگەر باس لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بکەین، ئەمە دۆسێی سەرەکیی بەڕێز مسرور بارزانی بووە لە کارنامەی کابینەی نۆیەم کە بە جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی لە سێکتەرە جیاوازەکاندا دەستی پێ کردووە، ئاشکراشە کە جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازییش کارێکی ئاسان نییە و لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەکە ژمارەیەکی زۆر دوژمن و نەیاری بۆ دروست دەبێت، بەتایبەتی ئەو خەڵکە گەندەڵانەی کە لە بەرژەوەندییان دەدرێت، یان بەرژەوەندیی پێشوویان لە دەست دەدەن، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی ئەم فشارانەش لەسەرمانە، بەڵام سەرۆك وەزیران بە توندی پابەندە بۆ بەردەوامیدان بەم ئەرکە و ڕاگرتنی گەندەڵی لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان. بۆیە دەتوانم بڵێم سەرەتایەکی زۆر باش دەستی پێ کردووە و گرنگە بزانرێت کێ لەم پرۆسەی چاکسازییە سوودمەند بووە.

لە هەرێمی کوردستان ئەنجومەنێکی باڵامان هەیە کار لەسەر ئەم پرسە دەکات و، ڕێوشوێنی پێویست لەگەڵ ئەو خەڵکانە دەگرێتەبەر کە لە گەندەڵی تێوەگلاون، سەرۆك وەزیرانیش پشتگیریی هەموو ئەو هەوڵانە دەکات. بەڵام ئەم پرۆسەیە کاتێکی زۆر دەخایێنێت و لەوانەیە لە کابینەی تازەی حکومەتدا ئاکامەکانی بە باشی دەربکەوێت و ڕەنگدانەوەی باشی لەسەر ئەدای دامەزراوەکان و ژیان و بژێویی خەڵکی کوردستان هەبێت.

**پەکەکە تەحەددای سەرەکییە لە شنگال و سەرەکیترین ئاستەنگە لە ڕێگەی جێبەجێکردنی «ڕێککەوتنی شنگال»، لەبەر ئەوەی پەکەکە زۆربەی دامەزراوەکانی ئەو شارەی کۆنترۆڵ کردووە، ئەمەش بووەتە ئاستەنگی سەرەکی کە خەڵکی شنگال نەتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان**

**دەستمان کردووە بە ڕیفۆرم لەناو هێزەکانی پێشمەرگە و ئەم ڕیفۆرمەش زۆر گرنگە بۆ یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و لەم ڕووە هەنگاوی زۆر باشمان بڕیوە و ئامانجی سەرەکیی سەرۆک وەزیرانیش ئەوەیە کە هێزەکانی پێشمەرگە یەک بگرنەوە**

**جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازییش کارێکی ئاسان نییە و لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەکە ژمارەیەکی زۆر دوژمن و نەیاری بۆ دروست دەبێت، بەتایبەتی ئەو خەڵکە گەندەڵانەی کە لە بەرژەوەندییان دەدرێت، یان بەرژەوەندیی پێشوویان لە دەست دەدەن**



د. ڕووناک سەڵاح فەیلی بۆ گوڵان:

# کوردی فەیلی تووشی جینۆسایدی جەستەیی و بایۆلۆژی و ئابووری و نەتەوەیی بوون

**کوردانی فەیلی ڕێبازی بارزانییان بە تەنیا ڕێگەی ڕزگاربوونیان دادەنا**

# لێک جیاکردنەوەی هاوسەرە فەیلییەکان لە قێزەوەنترین بڕیارەکانی بەعس بوو

**فەیلییەکان بە هۆی کوردبوونیان و بەشداریکردنیان لە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستان و بۆ گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکەیان لە لایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە تووشی قێزەوەنترین جینۆساید بوونەوە، خێزانە کوردە فەیلییەکان ماڵ و موڵکیان تالان کرا و بە زۆر ڕاپێچی زیندانەکان کران و ژمارەیەکی زۆریشیان بۆ ئێران دەرکران، لەمەش قێزەوەنتر بە زۆر جیاکردنەوەی هاوسەرەکانیان بوو، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر ڕووناك سەلاح فەیلی مامۆستای بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی زمان / زانکۆی سەلاحەدین سازدا.**

*** زۆرجار لە مێژوودا کورد و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینزاکانی عێراق تووشی کۆمەڵکوژی بوونەتەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە شێوازی ئەو جینۆسایدە چۆنە کە کوردە فەیلییەکان بە درێژایی مێژوو تووشی بوون؟**

- بە بیروبۆچوونی ئێمە کوردی فەیلی تووشی جینۆسایدی جەستەیی و بایۆلۆژی و ئابووری و نەتەوەیی و ڕۆشنبیری بووە بەم شێوەیە:

جینۆسایدی جەستەیی: بە کوشتن و لەناوبردنی فەیلییەکان چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ وەك زیندەبەچاڵکردن، شوێنبزرکردن، لەسێدارەدان، کوشتن و لەناوبردنی گەنجە فەیلییەکان.

جینۆسایدی بایۆلۆژی: کە ئەم جۆرەیان ڕێگریکردنە لە وەچە خستنەوە بە ڕێگەی جیاواز، یەکێکە لە ڕێگەکان کە بەسەر کوردە فەیلییەکانیشدا پراکتیك کرا، لێك جیاکردنەوەی ژن و پیاوان بوو لە یەکتر، منداڵ و پیاوی گەنج لە تەمەنی ١٥-٣٥ ساڵی دەستبەسەر کران و خێزانەکانیانیش بۆ ئێران ئاوارە کران، ئەو پیاو و ژنانە تا کۆتایی ژیانیان ئیتر قەد چاویان بە چاوی یەکتر نەکەوتەوە.

جینۆسایدی ئابووری: ئەویش بە ڕێگەگرتن لە کارکردن بۆ بژێوی ژیان و لەناوبردنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکی فەیلییەکان، کە ئەو کاتە دەستێکی باڵایان لە ئابووریی عێراقدا هەبوو.

جینۆسایدی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی: دەبێت بڵێین کوردانی فەیلی چەندین کۆمەڵی ڕۆشنبیری و وەرزشییان هەبوو لە سەردەمی پاشایەتیدا، وەکو کۆمەڵەی قوتابخانەکان و یانەی وەرزشیی فەیلی، ئەم کۆمەڵانە بۆ ماوەیەکی زۆر لە چالاکییەکانی خۆیان بەردەوام بوون و ڕۆڵێکی کارا و چالاکیان هەبوو، بەتایبەت لە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨، لە ئەنجامی کاریگەریی ئەم کۆمەڵانە لە بەرزکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری، بووە هۆی دروستکردنی نەوەیەکی ڕۆشنبیر و وەرزشوان، ئەو کادیرانەی کە عێراق سوودی لێیان بینی بۆ هەموو بوارە ڕۆشنبیری و وەرزشییەکان چەندین ناوی دیاری لە ئاستی عێراق تێدا بوو، دوای کودەتای ٨ی شوباتی ڕەش هەموو ئەو کۆمەڵە وەرزشی و ڕۆشنبیرییانە کەوتنە بەر شاڵاوی لەناوچوون، جینۆسایدی نەتەوەییش کوردانی فەیلی بە هۆی کوردبوونیان و ئەندامبوونیان لە هێزە دیموکراسی و پێشکەوتنخوازەکانی عێراقدا وەك پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق، کە دوو حزبی دژ بە دەسەڵاتی ئەو کاتەی عێراق و ڕژێمی بەعس بوون، تووشی جینۆسایدی نەتەوەیی بوون.

**کوردانی فەیلی بە هۆی کوردبوونیان و ئەندامبوونیان لە هێزە دیموکراسی و پێشکەوتنخوازەکانی عێراقدا وەک پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق، کە دوو حزبی دژ بە دەسەڵاتی ئەو کاتەی عێراق و ڕژێمی بەعس بوون، تووشی جینۆسایدی نەتەوەیی بوون**

**فەیلییەکانی لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا توانییان دەست بەسەر کەرتی تایبەتی بازرگانی لە بەغدای پایتەختدا بگرن و لەو ڕووەوە لە جموجووڵ و کاری بازرگانیدا سەرکەوتوو**

**فەیلییەکان بە هۆی ئەوەی لە ڕووی ماددییەوە لە بارودۆخێکی باشدا بوون و یارمەتی ماددی و مەعنەوی شۆڕشیان دەدا، ئەمە بووە هۆی ترسی حزبی بەعس و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەیەکی دەدا بۆ ڕزگاربوون لە فەیلییەکان**

**پەیوەندیی کوردە فەیلییەکان لەگەڵ سەرکردەی نەتەوەی کورد جەنابی مەلا مستەفا بارزانی پەیوەندییەکی ڕۆحی بوو، کوردانی فەیلی بە جەنابییان دەگوت (باوکی کورد) و بە باوک ناوی بەڕێزیانیان دەهێنا**

*** لە سەردەمی حوکمی سەدام حوسێن و بەعسییەکاندا شاڵاوە گەورەکەی بەزۆرەملێی ڕاپێچکردنی کوردانی فەیلی بۆ ئێران دەستی پێ کرد، ئایا جگە لە هۆکاری کوردبوونیان بە چ هۆکار و بیانوویەکی دیکە ئەو جینۆسایدەی دژی کوردانی فەیلی دەستی پێ کرد؟**

- لە گرنگترین هۆکارەکانی جینوسایدکردنی کوردە فەیلییەکان، دەتوانین ئاماژە بەم دوو خاڵە بکەین: یەکەم: فەیلییەکانی لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا توانییان دەست بەسەر کەرتی تایبەتی بازرگانی لە بەغدای پایتەختدا بگرن و لەو ڕووەوە لە جموجووڵ و کاری بازرگانیدا سەرکەوتوو بوون، فەیلییەکان ئامادەبوونێکی چالاکیان هەبوو و ڕۆڵیان لە نێو ژیانی سیاسیی عێراق و لە نێو ڕیزەکانی هێزە دیموکراسی و پێشکەوتووخوازەکانی عێراقدا بەرچاو و ئەکتیڤانە بوو، تا ئەو ئاستەی پۆستی بەرپرسایەتیی باڵا لە ڕیزەکانی ئەو بزووتنەوانەیان وەرگرت، بۆ نموونە سکرتێری یەکێتیی قوتابیان کە خوالێخۆشبوو (عادل موراد) بوو، هەروەها پۆستی سکرتێری یەکێتیی ئافرەتان کە خوالێخۆشبوو (زەکیە ئیسماعیل حەقی) بوو، لە لاوانیش خوالێخۆشبوو (یەدوڵا کەریم) و چەندین ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی کوردی فەیلی بوون، بەتایبەت ئەو کات سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان (حەبیب محەمەد کەریم) بوو کە هەموو ئەم کەسایەتییانە کوردی فەیلی بوون. فەیلییەکان بە هۆی ئەوەی لە ڕووی ماددییەوە لە بارودۆخێکی باشدا بوون و یارمەتیی ماددی و مەعنەوی شۆڕشیان دەدا، ئەمە بووە هۆی ترسی حزبی بەعس و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەیەکی دەدا بۆ ڕزگاربوون لە فەیلییەکان، ئەوە بوو بە بیانووی ئەوەی کە فەیلییەکان لە ڕەچەڵەکدا ئێرانین و گوایە فەیلییەکان جاسووسی ئێرانن، دەستی بە ئاوارەکردن و ماڵوێرانکردنی فەیلییەکان کرد و هەزارانی بۆ ئێران نارد و هەزاران گەنجی فەیلی بێ سەر و شوێن کرد، بە هۆی ئەم هۆکارانەی سەرەوە و چەندین هۆکاری دیکە ڕێگە خۆشکەر بوون کە حکومەتی عێراق بە بیانووی جیاجیا و ناڕەوا، دەستی کرد بە جینوسایدکردن و دەرکردنیان لە خاکی عێراقدا.

*** کەواتە کوردانی فەیلی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی پەیوەندییەکی باشیان هەبوو، بەو پێیەی ئەوان تەنیا لە ناو ڕیزەکانی پارتی و شیوعیدا بوون، ئایا دەکرێت باسی ئەم پەیوەندییە باشەمان بۆ بکەیت؟**

- پەیوەندیی کوردە فەیلییەکان لەگەڵ سەرکردەی نەتەوەی کورد جەنابی مەلا مستەفا بارزانی پەیوەندییەکی ڕۆحی بوو، کوردانی فەیلی بە جەنابییان دەگوت (باوکی کورد) و بە باوک ناوی بەڕێزیانیان دەهێنا و ڕێبازی بارزانی و سەرکردایەتیی بارزانیان بە تەنیا ڕێگەی ڕزگاربوونی کورد دادەنا، بۆیە لەکاتی هاتنی جەنابیان لە ڕووسیا بۆ عێراق هەموو کوردانی فەیلی ئەوانەی لە باشوور بوون لە بەسرە گەورەترین پێشوازییان لێ کرد. هەروەها لە بەغدا کوردانی فەیلی بە ژن و پیاو ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ پێشوازیکردن لە بەڕێزیان و بە دڵسۆزییەکی زۆر گەورە ئۆتۆمۆبێلەکەی بەڕێزیان لە شەقامەکە بەرز کردەوە، زۆر لە گەنجان و ڕۆشنبیرانی فەیلی ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە پۆستە گرنگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکوو سکرتێری حزب و ئەندامی مەکتەب سیاسی و مەکتەبی سەرکردایەتی و هەروەها سکرتاریەتی قوتابیان و لاوان و ئافرەتانیان بەدەستهێنا و، بە شێوەیەکی کارا لە شۆڕشی ئەیلوول بەشدار بوون، چ وەکو پێشمەرگە و چ وەکو یارمەتیدەری دارایی بەهێز بۆ شۆڕشی ئەیلوول.

*** ئەو پرسیارەی زۆر لە بارەی کوردانی فەیلی دەکرێت، ئەوەیە کە ئایا کوردانی فەیلی گرنگی بە لایەنی نەتەوەیی دەدەن یان لایەنی مەزهەبی؟**

- کوردانی فەیلی ڕۆڵیان لە ناو پارتیدا زۆر بوو، ئەوان هیچ کاتێک لە ناو هیچ پارتێکی ئیسلامی و مەزهەبیدا ئەندام نەبوون و بە دەگمەن کەسایەتییەکی دینییان هەبووە، بە درێژایی مێژووی عێراق و کوردستان ئەمە ڕوون و دیارە کە کوردی فەیلی پشتگیری لە خەباتی نەتەوایەتی کردووە و شەهیدی لەم ڕێگەیە داوە، یەکەم شەهیدی ئافرەت کە بە ناوی نەتەوایەتی و لە پێناو خاکی کوردستان لە سێدارە درا کە لە هەمان کات یەکەم ئافرەت بوو لە مێژووی عێراق لە سێدارە بدرێت (شەهید لەیلا قاسم)ی فەیلی بوو، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە فەیلییەکان خەباتی نەتەوایەتییان بەراورد بە خەباتی دینییان زۆر بەهێزتر بووە.

*** بەڵام لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ مەینەتییەکانی کوردانی فەیلی بەردەوام بوو، ئایا گرنگترین ئەو گرفت و کێشانە چین کە تاکو ئەمڕۆ بەردەوامییان هەیە؟**

- لەو کارەساتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە بەسەر کوردانی فەیلی هاتووە، دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوە کورتیان بکەینەوە:

١. لەدەستدانی ئاسایشی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

٢. کێشەکانی پەیوەندیدار بە لەدەستدانی ١٢ هەزار گەنجی فەیلی لە نێوان تەمەنی ١٥ تا ٣٥ ساڵ.

٣. ناکۆکیی ڕۆشنبیری لە کاتی ئاوارەبوونیان بۆ وڵاتی دیکە، وەکوو کێشەی نەزانینی زمان، پەستان ختنەسەر و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکیان. هەروەها کاریگەریی ڕاستەوخۆ وەکو لەدەستدانی ناسنامەی کوردی، لەدەستدانی ئاماری ڕاستەقینەی ئاوارەکان، پەرشوبڵاوبوونی کەسایەتییە ئەکادیمییەکان لە بەشێکی زۆری خێزانەکان، لەدەستدانی ئاراستەکردنی سیاسی و...هتد.

*** پێشنیارت بۆ کەمکردنەوەی ئەو گرفت و کێشانە چییە؟**

- پێشنیارم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردە فەیلییەکان لەم خاڵانەی خوارەوە پێك دێت:

١. هەوڵدانێکی ڕاستەقینە بۆ نەهێشتنی بە پەراوێزخستنی گەنجانی کوردی فەیلی و دەرفەتی ئەوەیان پێ بدرێت کە لە کاروباری سیاسی لە عێراق و کوردستان چالاك بن.

٢. وەرگرتنی گەنجانی فەیلی لە دامەزراوە و زانکۆ سەربازییەکان، وەك وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ و پێشمەرگە لە عێراق و کوردستان.

٣. گەڕانەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی کە لێیان زەوت کرا.

٤. چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەکراوانی کوردی فەیلی، قەرەبووکردنەوەیان لە زەرەری ماددی و مەعنەوی، دەستەبەرکردنی ئامادەکاریی تەواو بۆ گەڕانەوەیان بۆ نیشتمان و خزمەتکردنیان.

٥. کارکردن بۆ دۆزینەوەی ڕووفات و گۆڕە بەکۆمەڵەکانیان و لێکۆڵینەوە لەسەر ئامارێکی تەواوی لەناوچووان.

٦. گەڕانەوەی هەموو ئەو فەرمانبەرە فەیلییانەی کە لە سەردەمی بەعس بە هۆی فەیلیبوونیان لە دەوامی خۆیان دەرکران و ئەوانەی تەمەنی خانەنشینیان هەیە و قەرەبووی ساڵانی ئاوارەبوونیان بۆ بکرێت.

*** سەرۆك بارزانی داوای دامەزراندنی سەنتەرێکی تایبەت بە کوردانی فەیلی کرد، ئایا کوردانی فەیلی چۆن دەڕواننە دامەزراندنی ئەم سەنتەرە ؟**

- هەر تاکێکی فەیلی خۆشحاڵە کە ڕێزدار کاك (مەسعود بارزانی) پێشنیاری کردووە بە دامەزراندنی سەنتەرێکی تایبەت بە کوردانی فەیلی و پێمان خۆشە ئەم سەنتەرە لە لایەن چەندین ئەکادیمی کوردی فەیلی سەرپەرشتی بکرێت، بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ورد و تایبەت لەسەر کێشەکانی کوردی فەیلی و هەروەها چۆنیەتیی چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانە بە شێوەیەکی زانستی و کرداری.

*** دەڵێن ڕژێمی بەعس بە زۆر ئافرەتانی کوردی فەیلی لە مێردەکانیان جیاکردووەتەوە، ئەوە تا چەند ڕاستە؟**

- بەڵێ، بێگومان ئەوە ڕاستە، سەبارەت بە کوردە فەیلییەکان کۆمەڵێك بڕیار بە خاڵی جیاواز دەرکران، یەکێك لەو بڕیارانە بڕیاری ژمارە (٤٧٤)ی ١٩٨١/٤/١٥ بوو، ئەم بڕیارە بڕیارێکی وێرانکەر و دووبەرەکی بوو، بووە هۆی تێکدان و پەرتەوازەکردنی خێزانە فەیلییەکان، بە پێی ئەم بڕیارە ڕژیمی بەعس بڕی ٤٠٠٠ دیناری عێراقی دەدایە هەر پیاوێك کە فەرمانبەر بێت و هاوسەرەکەی فەیلی بێت، بەرانبەر بەوەی لێی جیا ببێتەوە، بڕی ٢٥٠٠دیناری عێراقیشی دەدایە هەر پیاوێك کە مەدەنی بێت و هاوسەرەکەی فەیلی بێت بۆ ئەوەی لێی جیابێتەوە، بە پێچەوانەوە دەبێ خۆیشی لەگەڵ هاوسەرەکەی بەرەو ئێران کۆچ بکات، ئەمەش بڕیارێکی دیکە بوو کە ئازاری دیکەی بۆ ژنانی فەیلی لێ کەوتەوە، پیاوی عێراقی هەبوو لە ژنەکەی جیابووەوە و منداڵەکانی لەگەڵ خۆی برد و ژنەکەش بە تەنیا لەگەڵ ماڵی باوکیدا بەبێ منداڵەکانی ڕەوانەی ئێران و ژیانی ئاوارەیی کرا.

**کوردانی فەیلی ڕۆڵیان لە ناو پارتیدا زۆر بوو، ئەوان هیچ کاتێک لە ناو هیچ پارتێکی ئیسلامی و مەزهەبیدا ئەندام نەبوون و بە دەگمەن کەسایەتییەکی دینییان هەبوو**

**یەکەم شەهیدی ئافرەت کە بە ناوی نەتەوایەتی و لە پێناو خاکی کوردستان لە سێدارە درا کە لە هەمان کات یەکەم ئافرەت بوو لە مێژووی عێراق لە سێدارە بدرێت (شەهید لەیلا قاسم)ی فەیلی بوو**

**هەر تاکێکی فەیلی خۆشحاڵە کە ڕێزدار کاک (مەسعود بارزانی) پێشنیاری کردووە بە دامەزراندنی سەنتەرێکی تایبەت بە کوردانی فەیلی و پێمان خۆشە ئەم سەنتەرە لە لایەن چەندین ئەکادیمی کوردی فەیلی سەرپەرشتی بکرێت**

**ڕژێمی بەعس بڕی ٤٠٠٠ دیناری عێراقی دەدایە هەر پیاوێک کە فەرمانبەر بێت و هاوسەرەکەی فەیلی بێت، بەرانبەر بەوەی لێی جیا ببێتەوە**



حافز نازم
سەرۆکی ئەنجومەنی کاروباری سابیئەی مەندائی/ لقی هەولێر بۆ گوڵان:

# کاریزمایی و مرۆڤدۆستیی سەرۆک مسعود بارزانی گەشەی پێکەوەژیانی لە هەرێمی کوردستان زیاتر کردووە

# لە کابینەی نۆیەم وەک سابیئەی مەندائی بە هەموو مافەکانی خۆمان شاد بووین

**پێکەوەژیـان لـە هەرێمـی کوردسـتان وای کـردووە، جگـە لـەو ئاییـن و ئایینزایانـەی کـە لـە کۆنـەوە لـە هەرێمـی کوردستان هـەن، ئاییـن و ئایینـزای دیکـەش ڕوو لـە هەرێمـی کوردسـتان بکـەن. سـابیئەی مەندائـی کـە یەکێکـە لـەو ئایینانەیـە کـە لـە دوای سـەرهەڵدانی توندوتیـژی لـە عێـراق لـە ٢٠٠٦ـەوە ڕوویان لـە هەرێمـی کوردسـتان کردووە و، بـە ئازادانـە مومارەسـەی سـرووتی ئایینـی و بۆنـە پیرۆزەکانی خۆیـان دەکـەن و، خاوەنـی پەرسـتگا و شـوێنی ئایینـی تایبـەت بـە خۆیانـن، بـۆ قسـەکردن لەسـەر سـابیئەی مەندائـی و پێکەوەژیـان لـە هەرێمـی کوردسـتان، گۆڤـاری گـوڵان دیدارێکـی لەگـەڵ حافـز نـازم سـەرۆکی ئەنجومەنـی کاروبـاری سـابیئەی مەندائـی/ لقـی هەولێـر سـازدا.**

*** ئێوە وەك سابیئەی مەندائی چۆن سەیری ئەو پێکەوەژیانە دەکەن کەلە هەرێمی کوردستان هەیە و سەرنجی هەموو دنیای بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە؟ ئەو پێکەوەژیانەی هەرێمی کوردستان بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

- هەمـوو ئایینـەکان پەیامێکـی خوداییـە و بـۆ خزمەتـی مرۆڤایەتـی هاتـووە و گرنگیـی زۆریـان بـە بنەماکانـی خۆشەویسـتی و ئاشـتی و ڕێزگرتـن لـە مرۆڤایەتـی داوە، ئەمـەش وادەکات هەمـوو نەتـەوە و ئاییـن و ئایینـزاکان بەشـێوەیەکی ڕاسـتگۆیانە و ڕێزگرتـن لـە پیرۆزییەکانـی یەکتـر لەگـەڵ یـەك بژیـن. لـە هەرێمـی کوردسـتاندا بەپێـی ئـەو دەق و دۆکیومێنتـارە کۆنانـەی هـەن، بـە لایەنـی کەمـەوە مێـژووی پێکەوەژیـان بـۆ (١٠٠)ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتـەوە، بەتایبەتـی لـە سـەرەتای شـۆڕشـی ڕزگاریخوازیـی گەلـی کوردسـتان و بەرەنگاربوونـەوەی زوڵـم و سـتەم، ئـەو سـەردەمە هەمـوو نەتـەوە و ئاییـن و ئایینزاکانـی هەرێمـی کوردسـتان پێکـەوە کاریـان کـردووە و لـە هەمـوو خۆشـی و ناخۆشـییەکانی یەکتـردا بەشدار بـوون. ئێمـە وەك سـابیئەی مەندائـی یەکێـك لـەو ئاییـن و ئایینزایانەیـن کـە لـە ڕیزبەنـدی پێشـەوەین کـە بانگەشـەی پێکەوەژیـان دەکەیـن، لـە ئایینـی ئێمـەدا نییـە هیـچ کەسـێك لـە ئایینێکـی دیکـەوە بهێنینـە نـاو ئایینەکەمـان، ئایینـی سـابیئەی مەندائـی بـاوەڕی بـە توندوتیـژی و کوشـتن نییـە، هەمـوو هـەوڵ و کار و بنەمـای ئایینەکەمـان بـۆ پێکەوەژیـان و ئاشـتی و لێبوردەییـە، لـە وڵاتـی نێـوان دوو ڕووبـار کـە عێراقـە دەژیـن، بەتایبەتـی لـە شـارەکانی عەممـارە و ناسـرییە و بەسـرا، لـە پـاش دروسـتبوونی دەوڵەتـی عێراقیـش چەندیـن خێـزان بـۆ شـاری بەغـدا کۆچیـان کـردووە و لـە پەنجاکانـی سـەدەی ڕابـردووەوە چەندیـن خێزانمـان کۆچیـان بـۆ کوردسـتان کـردووە، لـە ئێسـتادا

**ئێمە وەک سابیئەی مەندائی یەکێک لەو ئایین و ئایینزایانەین کە لە ڕیزبەندی پێشەوەین کە بانگەشەی پێکەوەژیان دەکەین، لە ئایینی ئێمەدا نییە هیچ کەسێک لە ئایینێکی دیکەوە بهێنینە ناو ئایینەکەمان، ئایینی سابیئەی مەندائیین باوەڕی بە توندوتیژی و کوشتن نییە**

**لە دوای ئەو توندوتیژییەی لە ساڵی ٢٠٠٦ لە عێراق رووی دا و ئایینزاکانی سابیئەی مەندائی لەبەر ئەوەی زۆربەیان دەوڵەمەند بوون و پیشەی زێرینگەریمان هەبوو، زیاتر رووبەرووی توندوتیژی بووینەوە، ئەمەش وای کرد، روو لە ناوچە و وڵاتێکی ئارام و سەقامگیر و خاوەن سەروەریی یاسا وەکو هەرێمی کوردستان بکەین**

**نابێت رۆڵی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە بیر بکەین، کە لە یەکەم هەنگاوی هاتنی پەنابەر و ئاوارەکان بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان تا ئێستاکەش لە هەموو بوار و سێکتەرێک خزمەتگوزارییان بە پەنابەر و ئاوارەکان گەیاندووە**

**لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی زۆر هەست بە متمانە و دڵنیایی و ئاسوودەیی دەکەین**

چەندین خێزانمان لە شارەکانی هەولێر و کەرکووک و سلێمانی و دهۆك دەژین، بەڵام لە دوای ئەو توندوتیژییەی لە ساڵی ٢٠٠٦ لە عێراق رووی دا و ئایینزاکانی سابیئەی مەندائی لەبەر ئەوەی زۆربەیان دەوڵەمەند بوون و پیشەی زێرینگەریمان هەبوو، زیاتر رووبەرووی توندوتیژی بووینەوە، ئەمەش وای کرد، روو لە ناوچە و وڵاتێکی ئارام و سەقامگیر و خاوەن سەروەریی یاسا وەکو هەرێمی کوردستان بکەین. لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی زۆر هەست بە متمانە و دڵنیایی و ئاسوودەیی دەکەین، لێرە رۆژ لە دوای رۆژ پێکەوەژیان و لێبوردەیی زیاتر گەشە دەکات. ئەم هەرێمە بووەتە نموونەی پێکەوەژیان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و سەرنجی جیهانی بۆ لای خۆی راکێشاوە. من سەردانی چەندین وڵاتم کردووە و لە ئێستادا لە وڵاتی کەنەدا دەژیم، پێم وایە هەرێمی کوردستان نموونەی پێکەوەژیانێکی سەرکەوتوو و پڕ ئاشتییە لە ناوچەکە و دنیادا، ئەمەش لە سایەی حەکیمی و دونیابینی و هەوڵ و کۆششی جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی گەلی کوردستانە.

*** ئەو بڕیار و هەڵوێستەی جەنابی سەرۆك بارزانی چۆن تەماشا دەکەن کە لە کاتی هێرشی تیرۆریستانی داعش و پێشتریش دەرگا و سنووری هەرێمی کوردستانی بە رووی ئاوارەی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق کردەوە، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی گەورەی دارایيدا بوو، بە هۆی بڕینی مووچە و بودجەی خەڵکی هەرێم لە لایەن حکومەتی عێراقەوە؟**

- جوامێری و مرۆڤدۆستیی کاك سەرۆك مسعود بارزانی هەڵوێستێکی چاوەڕوانکراوە، بەڕێزیان لە هەموو بارودۆخێکی خراپی عێراق و ناوچەکەدا وەکو سەرکردە و تێکۆشەرێکی نیشتمانی و مرۆڤایەتی هەڵویستی جوامێرانەی خۆی چەسپاندووە، ئەو بڕیارەی کاك مسعود بارزانی لە کاتی شەڕی داعش دەری کرد، کە هەرێمی کوردستان دەرگا و سنووری بە رووی خەڵك و ئاوارەی کوردانی ئێزدی و مەسیحی و شەبەك و کاکەیی و سابیئەی مەندائی زۆر گرنگ و لە کاتی خۆیدا بوو. خۆ ئەگەر هەڵویستی سەرۆك بارزانی نەبووایە، تیرۆریستانی داعش زیاتر جینۆساید و قەتڵوعامی خەڵکی سڤیل و بێگوناهی ئایین و ئایینزاکانی دیکەیان ئەنجام دەدا، بەڵام لە سایەی ئەو بڕیارە و پێشوازی و حەوانەوەی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان، زۆر لە خێزانەکانی ئایین و ئایینزاکانی رزگارکرد، لەناو کەمپەکانیشدا بەپێی پێویست خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابین کردن. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش رێگاخۆشکەر بوو، بەوەی رێکخراوە ناحکومییەکانی دونیا و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بتوانن هاوکاریی ئاوارە و پەناهەندەکان لە کەمپەکاندا بکەن. نابێت رۆڵی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە بیر بکەین، کە لە یەکەم هەنگاوی هاتنی پەنابەر و ئاوارەکان بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان تا ئێستاکەش لە هەموو بوار و سێکتەرێك خزمەتگوزارییان بە پەنابەر و ئاوارەکان گەیاندووە.

مرۆڤدۆستی و کاریزمایی سەرۆك بارزانی بۆ رێباز و عەقیدەی بارزان دەگەڕێتەوە، بەڕێزیان لە خێزانێکی تێکۆشەر و پێشکەوتنخواز و مرۆڤدۆستە و ئەو هەڵویستەی جەنابیان لە حەوانەوەی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەناهەندە بنەما و کار و تێکۆشانێکی دیکە بوو، بۆ زیاتر گەشەکردن و بەرجەستەبوونی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان. لەو سەردەمەی هێرشی داعشدا هەڵوێستی مرۆڤانەی بارزانی ڤۆکس و سەرنجی وڵاتانی دنیا بەتایبەتی وڵاتانی پێشکەوتوو و رۆژئاوای زیاتر بە دوای خۆیدا راکێشا و بۆیان دەرکەوت، ئەوەی لەو هەرێمە هەیە و مومارەسە دەکرێت، لە سایەی ئەو پلان و بەرنامەیەیە کە بۆ پێکەوەژیان لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بەتایبەت کاك مسعود بارزانی داڕێژراوە .

*** ئایا رۆڵی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان چۆن دەبینن لەوەی کە پلان و بەرنامە و ستراتیژیەتێکی راست و دروستی بۆ پێکەوەژیان داناوە، تاوەکو ئەو پێکەوەژیانە زیاتر پەرە بسێنێت و جوانتر بێت؟**

- هەموو کات پێویستمان بە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی هەیە و هیچ کاتێك ئەو هۆشیارییە نایەتەدی ئەگەر لایەنی دووەم و بەرانبەر

لەگەڵت هاوکارو هەماهەنگ نەبێت، بۆ هاتنەدی ئەمانەش دەبێت سەرکردە و پێشەوای بوێر و بەتوانا و نیشتمانپەروەر سەرکردایەتیت بکات، بۆیە لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، ئێمە لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەتایبەتی لە کابینەی نۆیەم بە سەرۆکایەتیی ڕێزدار مسرور بارزانی وەك سابیئەی مەندائی بە هەموو مافەکانی خۆمان شاد بووین. لەوانە هەقی ئەوەمان پێ دراوە، مومارەسەی بۆنە و پیرۆزییە ئایینیەکەمان بکەین و خاوەنی پەرستگا و و شوێنی ئایینیی تایبەت بە خۆمانین و مافی ئەوەمان بۆ دابین کرا، خانوو و زەوی بکڕین و بە ناوی خۆمانی بکەین و ڕێگامان پێ درا، مۆڵەتی کارکردن و پیشە و کۆمپانیا بە ناوی خۆمان بەدەست بێنین، سەرەڕای ئەمانەش لە هەموو مامەڵەیەکی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاسانکاریمان بۆ دەکرێت و لەلایەن وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەتایبەت لە کابینەی نۆیەم گرنگییەکی تایبەت نەك تەنیا بە ئێمە، بەڵکو بە هەموو ئایین و ئایینزاکان دراوە و نوێنەر و دامەزراوەی تایبەت بۆ کاروبارەکانمان دانراوە، ئەمەش ستراتیژیەت و هەنگاوێکی دیکەی بەهێزە لە بنەماکانی بەرجەستەبوون و گەشەکردنی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستاندا کە جەنابی مسرور بارزانی سەرکردایەتی دەکات.

*** لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری کوردستان، سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە نوێنەری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان خۆیان مافەکانی خۆیان لە دەستووری کوردستاندا بنووسنەوە و بە ئاستێك بێت کە خۆیان پێی ڕازی بن. ئایا ئێوە وەك سابیئەی مەندائی دەتانەوێت چۆن مافەکانتان لە دەستووری کوردستاندا دیاری بکرێت؟**

- ئەو بابەتە زۆر گرنگە و پێویست بەوە دەکات هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستان لەسەری ڕاوەستن. ئەو هەڵوێستەی جەنابی سەرۆك بارزانی دەبێت بە ئاڵتوون بنەخشێنرێت، کەم سەرکردەی دنیا هەیە و دەبێت، بەو چاوە ڕێز و قەدرگرانییە تەماشای هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان بکات کە لە وڵاتەکەیدا بەشدار بن لە نووسینەوەی دەستوور بە یەکسانی و هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر. ئەو بڕیارەی سەرۆك بارزانی ئەوە دەسەلمێنێت کە بە چاوی کەمینە و زۆرینە تەماشای ماف و بەرژەوەندیی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان ناکات، واتە دەیەوێت خۆمان هەر نەتەوە و ئایین و ئایینزایەك لە ماف و بەرژەوەندییە باڵاکانمان دڵنیا بین و بە خۆمان لە ڕێگای نوێنەرانمان لە لیژنەکانی نووسینەوەی دەستووری کوردستان ئەو ماف و بەرژەوەندییانەی هەمانە، جێگیری بکەین. ئەوەی لێرەدا من دەتوانم و لە دەستم دێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە ئەو هەڵوێست و بڕیارەی جەنابی سەرۆك بارزانی لە کاریزمایی خۆی و هەناوی مرۆڤایەتییەوە هەڵقوڵاوە، دەبێت وەك مەرجەع و سەرۆکی هەموومان ستایش و گوێڕایەڵی بین. چونکە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزایەك لە زۆربەی وڵاتان کە هەبن، بەتایبەت ئەگەر کەمینە بن لە کاتێکدا سەرۆك و ڕابەری ئەو وڵاتە حەکیم و کاریزما و مرۆڤدۆست بێت و، بیەوێت پێکەوەژیان و ئاشتی و لێبوردەیی تێدا بەرقەرار بێت، ئەوە ئەو کات هەموو پێکهاتەکان بە یەك چاو ماف و ئەرکیان بۆ دادەنێت و حیسابی کەمینە و زۆرینەیان بۆ ناکرێت، ئەمەی لە هەرێمی کوردستان هەیە و لە سایەی ئەو سەرۆك و کاریزمایەدایە کە کاك مسعود بارزانییە.

*** ئایا ئێوە چۆن سەیری بنەماکانی مافی مرۆڤ و یاساکانی پەیوەست بە مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- لە هەرێمی کوردستان ڕێز لە ماف و بنەماکانی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی زۆر جوان و دروست گیراوە، هەموو ئەو یاسایانەی کە مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان دەپارێزێت، جێگای دەستخۆشییە و دەتوانین بڵێین لە ناوچەکەدا ئەوەی لە هەرێمی کوردستان هەیە لە پێکەوەژیانی ئایینی، دەستپێشخەرییەکی زۆر گەورە و گرنگە بۆ ڕێزگرتن و بەدەستهێنانی مافی پێکهاتەکان، بەتایبەتی یاسای ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠١٥ کە ئەمە بە یاسای ئازادیی ئایینی و بیروباوەڕ ناسراوە، کە یاسایەکی گرنگ و کەم وێنەیە لەو ناوچەیەدا.

**ئەگەر هەڵویستی سەرۆک بارزانی نەبووایە، تیرۆریستانی داعش زیاتر جینۆساید و قەتڵوعامی خەڵکی سڤیل و بێگوناهی ئایین و ئایینزاکانی دیکەیان ئەنجام دەدا، بەڵام لە سایەی ئەو بڕیارە و پێشوازی و حەوانەوەی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان، زۆر لە خێزانەکانی ئایین و ئایینزاکانی ڕزگارکرد**

**نابێت ڕۆڵی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە بیر بکەین، کە لە یەکەم هەنگاوی هاتنی ئاوارەکان بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان تا ئێستاکەش لە هەموو بوار و سێتکەرێک خزمەتگوزارییان بە ئاوارەکان گەیاندووە**

**هەموو کات پێویستمان بە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی هەیە و هیچ کاتێک ئەو هۆشیارییە نایەتەدی ئەگەر لایەنی دووەم و بەرانبەر لەگەڵت هاوکارو هەماهەنگ نەبێت، بۆ هاتنەدی ئەمانەش دەبێت سەرکردە و پێشەوای بوێر و بەتوانا و نیشتمانپەروەر سەرکردایەتیت بکات**

## قەشە ئەلئەب جبرائیل گۆرکیس تۆما

لە سنووری قەزای سێمێل بۆ گوڵان:

# بڕیاری سەرۆک بارزانی بە بەشداریی نوێنەرانی پێکهاتەکان لە نووسینەوەی دەستووری کوردستاندا متمانەیەکی یاساییە بۆ پێکەوەژیان لەم هەرێمەدا

**پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان جوانترین سیماکانی گەلی کوردستانە کە لە دێر زەمانەوە لەم نیشتمانە هەمووان پێکەوە دەژین و هیچ گرفت و کێشەیەکی ئایینی و نەتەوەیی نەبووە، مەسیحییەکان لە ناو ئەم کەلتوور و پێکەوەژیانەدا بە ئومێدەوە دەڕواننە پارێزگاریکردن لە مافەکانیان، ئەوان نایانەوێت تێکەڵی موزایەدەی سیاسی بکرێن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ قەشە ئەلئەب جبرائیل گۆرکیس تۆما لە سنووری قەزای سێمێل سازدا.**

*** ئەو پێکەوە ژیانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە هەموو جیهان بە چاوی ڕێزەوە سەیری دەکەن، ئایا ئێوە وەك مەسیحییەکان چۆن سەیری ئەم پێکەوەژیانەی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- لە دوای ساڵی ١٩٩١ و ڕزگاربوونی هەرێمی کوردستان لە ڕژێمی بەعس، پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایینی نموونەیەکی زۆر جوانی کوردستانە، تەنانەت لەو کاتەی تیرۆریستانی داعش پەلاماری عێراقیان دا و کوردانی ئێزدی و مەسیحی و هاووڵاتیانی عەرەب لە شاری مووسڵ و دەشتی نەینەوا و بەغدا ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، لێرە هەمووان دڵنیابوون کە گەلێك و سەرکردەیەکیان هەیە کە بە چاوی ڕێز و خۆشەویستی دەڕوانێتە هەموو نەتەوە و پێکهاتەکان، ئەو هەرێمەی لە دێر زەمانەوە بووەتە سیمبولی پێکەوەژیان و لانکەی مرۆڤایەتی، لە کاتێکدا ئەو ئاشتی و پێکەوەژیانەی لێرە هەیە لە زۆر وڵاتانی جیهاندا نییە، بە چاوی خۆمان بینیمان کە چۆن دەرگای مزگەوت و شوێنە گشتییەکان بۆ ئاوارە مەسیحی و ئێزدی و موسڵمانەکان کرانەوە و، لە ڕۆژە سەخت و تاریکەکاندا جوانترین ڕێز لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان نرا، ئەمەی لە کوردستان ڕووی دا، لە هیچ شوێنێکی دنیا نەبووە، ئەمەش بنەماکانی پێکەوەژیانی زۆر پتەوتر و گەورەتر کرد و سەرنجی وڵاتانی دنیا و



ڤاتیکانی بۆ لای خۆی بە درەوشاوەیی ڕاکێشا و، بووە هۆکاری ئەوەی کە ڕێکخراوەکانی ناحکوومیی چەندین وڵات و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بێنە هەرێمی کوردستان و سەردانی کەمپی ئاوارەکان بکەن، تا بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشدار بن لە پرۆسەی هاوکاریکردنی ئاوارەکان، ئێمە وەك مەسیحییەکانی هەرێم و عێراق و دنیاش بە چاوێکی گەورەیی و سوپاسەوە سەیری ئەو پێکەوەژیانە جوانەی هەرێمی کوردستان دەکەین و دەبینین ساڵ لەدوای ساڵیش زیاتر بەهێز و سەرنجڕاکێشتر بووە، ئەمە وێڕای ئەوەی هەندێك جار لێرە و لەوێ کێشە و گرفت دروست دەبێت، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت هەموو ئەم کێشە و گرفتانە بێ چارەسەر دەمێننەوە، لە بابەتی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان پێویستە حکومەتی عێراقیش هەمان هەنگاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگرێتەبەر و سوود لەم ئەزموونە وەربگرێت، عێراقیش چەندین نەتەوە و ئایین و ئایینزای تێدایە کە تا ئێستا دڵنیا نین لە ژیان وماڵی خۆیان و ئازاد و سەربەست نین لە مومارەسەکردنی کەلتوور و بۆنە و پیرۆزییەکانی خۆیان، لە عێراق تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت دەمارگیری و توندوتیژی لەلایەن گرووپە تیرۆریست و شۆڤینییەکانەوە زاڵە و زوڵمێکی زۆر دەرهەق بە ئایین و ئایینزاکانی جیاواز دەکرێت، لە کوردستان هەموو ئەم پێکەوەژیانە ڕەنگدانەوەی لە بیر و عەقیدەی بارزانیی نەمر دروست بووە، کە لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا چەندین کوردی ئێزدی و مەسیحی بەبێ جیاوازی بەشداربوون و خوێنی خۆیان بەخشیوە بەم خاك و نیشتمانە کە بەرهەمەکەی ئەمڕۆ حکومەت و پەرلەمانی کوردستانی ئازادە، کە هەموومان بە کورد و مەسیحی و ئێزدی و ئەرمەنی و کاکەیی و شەبەك و موسڵمان و .. تاد، لە ئەرك و مافدا تێیدا بەشدارین، لە ئەمڕۆدا هەموو دنیا بۆیان دەرکەوتووە کە حکومەت و دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان جێگەی متمانە و دڵنیاییە بۆ پێکەوەژیان و ئاشتی و لێبوردەیی.

*** لەو کاتەی تیرۆریستانی داعش پەلاماری عێراقیان دا، بەتایبەت ناوچە و شارەکانی کوردی**

**بە چاوی خۆمان بینیمان کە چۆن دەرگای مزگەوت و شوێنە گشتییەکان بۆ ئاوارە مەسیحی و ئێزدی و موسڵمانەکان کرانەوە و، لە ڕۆژە سەخت و تاریکەکاندا جوانترین ڕێز لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان نرا، ئەمەی لە کوردستان ڕووی دا، لە هیچ شوێنێکی دنیا نەبووە**

**ئێمە وەک مەسیحییەکانی هەرێم و عێراق و دنیاش بە چاوێکی گەورەیی و سوپاسەوە سەیری ئەو پێکەوەژیانە جوانەی هەرێمی کوردستان دەکەین و دەبینین ساڵ لەدوای ساڵیش زیاتر بەهێز و سەرنجڕاکێشتر بووە**

**لە بابەتی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان پێویستە حکومەتی عێراقیش هەمان هەنگاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگرێتەبەر و سوود لەم ئەزموونە وەربگرێت**

**لە عێراق تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت دەمارگیری و توندوتیژی لەلایەن گرووپە تیرۆریست و شۆڤینییەکانەوە زاڵە و زوڵمێکی زۆر دەرهەق بە ئایین و ئایینزاکانی جیاواز دەکرێت**

**ئێزدی و مەسیحییەکان، خەڵکێکی زۆر لەوانە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، لەو کاتەدا جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی بڕیاری دا کە دەرگە و سنووری هەرێمی کوردستان بە ڕووی ئاوارەکاندا بکرێتەوە و خزمەتیان بکەن، ئایا ئێوە ئەم هەڵویست و بڕیارەی سەرۆك بارزانی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- هەڵویستی جەنابی سەرۆك بارزانی و سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کردنەوەی دەرگەی هەرێمی کوردستان و پێشوازیکردن و حەوانەوەی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان، جێگەی پێزانین و ستایشە و ئەو هەڵویستە گەیەنرایە وڵاتانی دنیا، بەتایبەت بە جەنابی قەداسەتی پاپای ڤاتیکان، بۆیە بە چاوی خۆمان بینیمان کە قەداسەتی پاپا سەردانی عێراق و هەرێمی کوردستانی کرد و نوێژی قوداسی لە گۆڕەپانی شەهید فرانسۆ هەریری لە هەولێری پایتەختی کوردستان ئەنجام دا، هاتنی قەداسەتی پاپا تەنیا بۆ لای مەسیحییەکان نەبوو، بەڵکو بۆ دیتنی ئەو واقیع و پێکەوەژیانە جوانە بوو کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان سەرنجی وڵاتان و پاپای ڤاتیکانی ڕاکێشابوو، سوپاسگوزار بوو لەو پێکەوەژیانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، لە پاش گەڕانەوەشی بە نامە سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی و ڕێزداران نێچیرڤان بارزانی و مسرور بارزانی نارد، بە تەئکید ئەو هەڵویست و بڕیارەی سەرۆك بارزانی، هەروەها ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانی کوردستان دەردەچن، جێگای شانازیی ئێمەیە و بووەتە هۆی ئەوەی هەموومان بە یەکەوە هاوبەش بین لە خۆشی و ناخۆشیی کوردستاندا و دەستکەوتەکانمان لەو قەوارە جوانەی هەیە بیپارێزین، لەلایەکی دیکەوە بینیمان هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە بەشداریی ڕاستەوخۆی جەنابی سەرۆك بارزانی کە لە بەرەکانی جەنگ لە دژی داعش سەرپەرشتیی شەڕەکانی دەکرد، بووە هۆی ئەوەی هاونیشتمانیانمان لە دەشتی نەینەوا و چەندین شوێنی دیکە پارێزگارییان لێ بکرێت و، لە کۆتاییشدا هەر پێشمەرگە بوو کە ناوچە و شارەکانی ئێمەیان ڕزگار کرد، ئەمە بەڵگەیەکی گفتوگۆ لەسەرکردن نییە کە هەرێمی کوردستان و سەرۆك بارزانی و حکومەتی کوردستان بۆ هەموومانن، بە تایبەت ئەو پێکەوەژیانەی کە هەیە کوردستان جوانتر دەکات. هەر ئەو هەڵویست و بڕیار و کارانەی جەنابی سەرۆك بارزانی بوو کە وای کرد، لەو کاتەی سەردانی ئەورووپا و ڤاتیکانی کرد، وەك سەرۆکی دەوڵەتێك پێشوازی لێ کرا و مەراسیمەکانی گەیشتن و پێشوازی لە جەنابیان لە ئاستێکی زۆر پایەدار و گەورە و شکۆدار بوو.

*** ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان درێژەپێدان و پشتگیرکردنی تەواوی ئەو پێکەوەژیانەیە، ئایا ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەم بۆ زیاتر قووڵکردنەوەی گیانی برایەتی و پێکەوەژیان لە کوردستان چۆن دەبینیت؟**

- ستراتیژیەت و پلان و بەرنامەی کابینەی نۆیەم هەر لەگەڵ خوێندنەوەی کارنامەکەی حکومەت لەناو پەرلەمان لەلایەن ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەو خاڵ و بڕگە و پڕۆژە و گرنگیپێدانەی بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو، بەتایبەت لە بەشداریی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان وەك ئەندامی پەرلەمان و نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان و بوونی و بەشداریی پێکهاتەکان لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان و دامەزراندنی وەزارەتێك بە ناوی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان، بۆ یەکەم جار لەو کابینەیەدا، هاوکات لە ناو وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی چەندین بەڕێوەبەرایەتیی گشتی و دامەزراوەی دیکە دامەزراون بۆ کاروباری پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی جیاجیا لە هەموو سێکتەرەکاندا بە ناوچە و دەڤەر و پەرستگە و کەنیسەکان و دابینکردنی مووچە بۆ هەموو پیاوانی ئایینی، هەر وەك ماموستایانی ئایینی ئیسلامی پیرۆز و وەك مەسیحی چەندین کەنیسە لە دەڤەر و شوێنی جیا جیای کوردستان لەلایەن کابینەی نۆیەم نۆژەن کراونەتەوە، سەرەڕای دروستکردنی چەندین کەنیسەی گەورە و بەرفراوان لە سەنتەری شارەکانی هەرێمی کوردستان،

هەمــوو ئەمانــە و چەندیــن کار و پرۆژەی گرنــگ و خزمەتگوزاریــی دیکــە لــەو کابینەیــەدا بــە بڕیــار و فەرمانــی جەنابــی ســەرۆك وەزیــران بۆمــان جێبەجــێ کــراون، یــان لــە ژێــر ئەنجامــدان و لــە بەرنامــەدان، هەمــوو ئەمانــە هۆکارێکــی گرنگــن بــۆ گرنگیــدان بــە پێکەوەژیــان و زیاتــر ســەقامگیریی ئاشــتی و لێبوردەیــی لــە هەرێمــی کوردســتان. هــاوکات ســەرکەوتنێکی گەورەشــە بــۆ حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان، دەبــێ ئــەوەش بزانیــن کــە حکومەتــی هەرێــم داری ســیحریی لــە دەســتدا نییــە، تاوەکــو هەمــوو کێشــە و گرفتــە خزمەتگوزارییــەکان بــە یەکجــار و بــە مــاوەی ســاڵێك چارەســەر بــکات، بەڵکــو پێویســتی بــە پشــوودرێژی هەیــە.

*** لــە پرۆســەی نووســینەوەی دەســتووری کوردســتاندا ســەرۆك بارزانــی جەخــت لەســەر ئــەوە دەکاتــەوە، کــە پێویســتە نوێنــەری نەتــەوە و ئاییــنە جیــاوازەکان خۆیــان مافەکانــی خۆیــان لــە دەســتووری کوردســتاندا بنووسنــەوە و، بــە ئاســتێك بێــت کــە خۆیــان پێــی ڕازی بــن، ئایــا ئێــوە وەك مەســیحییەکان دەتانەوێــت مافەکانتــان چــۆن لــە دەســتووری کوردســتاندا دیــاری بکرێــت؟**

- ئــەو هەڵویســتەی ســەرۆك بارزانــی بــۆ زیاتــر گــەورەبــوون و قوڵبوونــەوەی پێکەوەژیــان لــە هەرێمــی کوردســتان بــۆ ئەمــڕۆ و بــۆ داهاتــووش لــە هەمــوو کار و بڕیــار و خزمەتگوزارییــەك بــۆ پێکهاتــە نەتەوەیــی و ئایینــی و ئایینزکانــی هەرێمــی کوردســتان گرنگــە و، پێدانــی متمانەیەکــی زۆر گــەورە و دیــارە بــە هەمــوو تاکێکــی ئــەو کۆمەڵگــە ڕەنگاوڕەنگــە، چونکــە کوردســتان وەك باخچــە و مێرگێکــە کــە هەمــوو جــۆرە گوڵێکــی تێدایــە و هــەر گوڵێکیــش بۆنــی تایبــەت بەخــۆی لــەو باخچەیــەدا دەدات، هــەر بۆیــە جەنابــی ســەرۆك بارزانــی دڵنیایــە کــە بەشداریــی نوێنــەری نەتــەوە و ئاییــن و ئایینــزاکان لــە نووســینەوەی دەســتووردا دەبێتــە هــۆکاری ئــەوەی:

یەکــەم: هیــچ نەتــەوە و ئاییــن و ئایینزایــەك لــە داهاتــوودا گلەیــی لــە مــاف و بەرژەوەندییەکانــی نەبێــت.

دووەم: دڵنیایــی و زیاتربوونــی متمانەیــە بــۆ پێکهاتــەکان کــە ئــەوان بەشــێکی دانەبــڕاون لــە کۆمەڵگــەی کوردســتان و بەشــدارن لــە دانانــی یاســا و پیادەکردنــی ئەرکەکانیشــیان.

ســێیەم: ئــەو بڕیــارەی ســەرۆك بارزانــی بــۆ بەشــداری لــە نووســینەوەی دەســتوور مانــای ئەوەیــە کــە هیــچ نەتــەوە و ئاییــن و ئایینزایــەك کەمینــە نیــن، بەڵکــو هــەر هەموومــان بــە یــەك چــاو تەماشــا دەکرێیــن و لــە هەمــوو مــاف و بەرژەوەندییەکــی نیشــتمانی و بەڕێوەبردنــی ئــەو دەوڵەتــە هاوبــەش و یەکســانین، هــەر بۆیــە ئــەوەی لــەو هەڵویســتە زیاتــر دەخوێندرێتــەوە، ئەوەیــە کــە جەنابــی ســەرۆك بارزانــی کاریزمــا و مەرجەعییەتــی هەمــوو گەلــی کوردســتانە بــە بــێ جیــاوازی، هــەر بۆیــە بڕیارەکانیشــی بــۆ هەمــوو کۆمەڵگەیــە بــە یەکــەوە و بــە یەکســانی.

*** بوونــی عەنــکاوە بــە قــەزا، وەك یەکێــك لــە شــوێنی مەســیحییەکان لــە هەرێمــی کوردســتاندا چــی دەگەیەنێــت؟ ئیــا تمووحــی ئێــوە لــەوەدا دەوەســتێت، یــان ئومێــد و ئاینــدەی زیاتــر و گەورەتــر لــە حکومەتــی کوردســتان چاوەڕوان دەکــەن؟**

- بوونــی ناحیــەی عەنــکاوە بــە قــەزا کــە لــە ســنووری پارێــزگای هەولێــر و لــە پــاڵ ســەنتەری شــارەکەدایە، گرنگیدانێکــی تایبەتــە بــە مەســیحییەکانی ئــەو پارێزگایــە و بــە گشــت مەســیحییەکانی هەرێمــی کوردســتان، چونکــە لــە ڕێگــەی ئــەوەی کــە بووەتــە قــەزا دەســەڵاتی کارگێــڕی و دارایــی بــۆ ئــەو شــارە زیاتــر و زۆرتــر دەبێــت و، ئەمــە وا دەکات سنووری شــارەکە (عەنــکاوە) لــە ڕووی جوگرافیــاوە بەرفــراوان بکرێــت، لــەو کاتەشــدا پــڕۆژە خزمەتگوزارییــەکان لــە هەمــوو ســێکتەرەکاندا زیاتــر گرنگییــان پــێ دەدرێــت، هەرچەنــدە ئێمــە تمووحــی لــەوە زیاترمــان هەیــە و هــەر شــتێك خێــر و خۆشــیی زیاتــر بــکات بــۆ میللــەت، ئێمــە پاڵپشــتی دەکەیــن، تمووحــی هەمــوو میللەتێــك ئەوەیــە کیــان و قــەوارەی زیاتــری بــۆ دەســتەبەر بکرێــت، ســەبارەت بــەو بڕیــارە هەرچەنــدە مــن خەڵکــی عەنــکاوە نیــم، بەڵکــو خەڵکــی دەڤــەری پارێــزگای دهۆکــم، بــەڵام ئــەو بڕیــارەی ڕێــزدار مســرور بارزانــی ســەرۆکی حکومەتــی کوردســتان بــۆ بەقەزابوونــی عەنــکاوە گرنگیدانێکــی دیکەیــە بــە پێکەوەژیــان و نەتــەوە و ئاییــن و ئاییــنزاکان، بەتایبــەت بــە مەســیحییەکانی کوردســتان، بۆیــە هەقــی ســتایش و دەســتخۆشــی و پێزانینــی زۆرە.

**لە شۆڕشی ئەیلول و گوڵاندا چەندین کوردی ئێزدی و مەسیحی بەبێ جیاوازی بەشداربوون و خوێنی خۆیان بەخشیوە بەم خاک و نیشتمانە کە بەرهەمەکەی ئەمڕۆ حکومەت و پەرلەمانی کوردستانی ئازادە**

**هەڵویستی جەنابی سەرۆک بارزانی و سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کردنەوەی دەرگەی هەرێمی کوردستان و پێشوازیکردن و حەوانەوەی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان، جێگەی پێزانین و ستایشە**

**ئەو بڕیارەی سەرۆک بارزانی بۆ بەشداری لە نووسینەوەی دەستوور مانای ئەوەیە کە هیچ نەتەوە و ئایین و ئایینزایەک کەمینە نین، بەڵکو هەر هەمووومان بە یەک چاو تەماشا دەکرێین و لە هەموو ماف و بەرژەوەندییەکی نیشتمانی و بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتە هاوبەش و یەکسانین**

**ئەو بڕیارەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بۆ بەقەزابوونی عەنکاوە گرنگیدانێکی دیکەیە بە پێکەوەژیان و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان، بەتایبەت بە مەسیحییەکانی کوردستان، بۆیە هەقی ستایش و دەستخۆشی و پێزانینی زۆرە**

# گرنگە هەموو هەوڵەکان لە پێناوی کەمکردنەوەی ماوەی حکومەتی کاربەڕێکەر و پەلەکردن لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بێت


**سیناریۆی ئەم جارەی پشکی هەرێم لە بودجەی عێراقدا دوای بڕیاڕی دەستەی پاریس، ڕێککەوتنی هەردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی کوردستانی لێ هاتەکایەوە**

پرۆسەی بڕیاڕدانی بودجەی دەوڵەتی عێراق و بابەتی پشکی کوردستان لەو بودجەیە ڕووداوێکی سیاسیی زۆر ڕوون و ڕاشکاو بوو، سەبارەت بەو مەترسییانەی تووشی کیانی هەرێمی کوردستان دەبنەوە، ئەمەش تا ڕاددەیەك هاوکات بوو لەگەڵ بڕیاری دادگای ئیتحادیی عێراق، سەبارەت بە نادەستووریبوونی درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمانی کوردستان، جگە لە بڕیارەکانی پێشتری.

ئەگەر بە کۆکراوەیی بڕوانینە ئەم دوو بابەتە و هەڵوێستی هێزە سیاسییەکان، ئەوا دیسانەوە وانەیەکی تاڵە، کە ناکرێ هەر لایەنێکی خەمخواردوو بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و پاراستنی دەستکەوتەکانی، بێ هەند تەماشای بکات و هەڵوەستەی سیاسییانەی پێویست نەکات.

کۆکراوەی ئەو ململانێیەی سەبارەت بەم دوو بابەتە کرا، جارێکی دیکە ئاماژەکردنە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە:

ـ سیناریۆی ئەم جارەی پشکی هەرێم لە بودجەی عێراقدا دوای بڕیاڕی دەستەی پاریس، ڕێککەوتنی هەردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی کوردستانی لێ هاتەکایەوە و، هەرچەندە حکومەتی هەرێم ددان بەوەدا نانێت، کە بڕیاری دەستەی پاریس و ڕێککەوتنی نوێ بۆ فرۆشتنی نەوت کە تا ئێستا نەفرۆشراوە و، مامەڵەکردن لەگەڵ پشکی هەرێم پاشەکشەیە و، کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانە، بەڵام دەسەڵاتدارانی بەغدا، «بەتایبەتی دەوڵەتی قووڵ» لەوە دەچێ بەو پاشەکشەیەش قایل نەبن و، لەسەر ڕێبازی کارکردن بۆ سەپاندنی خولیای ناوەندیتیی ڕەها لە حوکمی دەوڵەتی عێراق بەردەوام بن و، ئەمجارەش حکومەتی ناوەند هەروەك ڕەفتاری جارانیان، لە سەرەتاوە بەو پەڕی پشوودرێژی دانوستانیان کرد و، لە چوارچێوەی هاوسەنگیی هێزەکان و بە ڕچاوکردنی فشاری جۆراجۆریش ڕێککەوتن دەکەن، بەڵام کاتێك



**د. کاوه مەحموود**
سکرتێری حزبی شیوعیی کوردستان
بۆ گوڵانی نووسیوه

کار دەگاتە جێبەجێکردن، مانۆڕەکان لە لیژنە تایبەتمەندییەکان و لە دانیشتنەکانی پەرلەمان دەستپێدەکات و، کار بۆ بڕگە لادان و بڕگە زیادکردن دەکرێت، هەروەك لە قانوونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان سەبارەت بە هەڵبژاردن لە کەرکووك کردیان.

ـ ئەم لۆجیکەی دەسەڵاتدارانی بەغدا لە بابەتی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی دەوڵەتی عێراقدا دووبارە کرایەوە و، هەرچەندە ڕێککەوتن لە نێوان هەردوو ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و هەرێمی کوردستان کرا، کە ئەمەش تەواوکەری بابەتی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و، بەشداریی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە تیایدا، بەڵام خودی پەرلەمانتارانی نەتەوەی زۆربە لە لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کۆمەڵێك خاڵ و مەرج و لەمپەریان لە بەردەم دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەکارهێنانی پشکی هەرێم لەو بودجەیە داناوە، کە کرۆکی ئەو خاڵانە بریتییە لە وشککردن و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەی ئابووری و، مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەك پارێزگایەك و، چەمکی فیدراڵیش لە دەوڵەتدا دەکا بە حوکمە زاتییە کارتۆنییەکەی سەردەمی بەعس.

- ڕەفتاری لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ناکرێت لە کۆمەڵێك بابەتی دیکە جیا بکرێتەوە، لەوانە: بەردەوامبوونی تەعریب و شالاوی عەرەبی هاوردە لە تۆپزاوە و داواکردنی قەرەبووکردنەوەی بیست ساڵ و هێنانی بڕیاری دادگای عێراق بۆ ئەم مەبەستە، لە کاتێکدا تاپۆی ئەو زەوییە کشتوکاڵییانە بە ناوی جووتیارە کوردە ڕەسەنەکانی ئەو ناوچەیەن و، بابەتی وەرنەگرتنی سەرجەم داهاتی گەنم و جۆی جووتیارانی کوردستان، لە کاتێکدا تەواوی داهاتی جووتیارانی ناوەڕاست و باشووری عێراق لە لایەن حکومەتی عێراقەوە وەردەگیرێ و، جگە لە بڕیاری ڕاگرتنی تێپەڕاندنی هێڵی ئاسنینی نێوان بەندەری فاو

**پێویستە پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە شێوازی حوکمڕانی و کاراکردنی دامەزراوەکان و دۆسێکانی بواری ئابووری و گەشەپێدان و پاراستنی ئازادییەکان بکرێت، بەو مەبەستەی سەقامگیرییەکی گشتگیر بۆ خەڵک دابین بکرێت**

بۆ تورکیا بە خاکی کوردستانی باشوورەوە.

– ماوەی ساڵێك زیاترە لایەنی کوردستانی بەتایبەتی دەسەڵات لە ئیدارەکردنی قەیرانی ناوخۆیی کوردستان سەرکەوتوو نەبووە. بە گشتی کات و گۆڕینی تەرازووی هاوسەنگییەکانی پەیوەست بە دەوڵەتە هەرێمایەتییەکان و، هەڵوێستی کارتێکەرانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هەند وەرنەگیرا و، سەرەڕای تێبینی بەردەوامی یونامی، هەنگاوی پێویست بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان نەنرا.

– قەیرانەکانی کوردستان مۆرکێکی گشتگیری بە خۆوە گرتووە و مەسەلەکەش تەنیا ئەنجامدانی هەڵبژاردن (کە بێگومان گرنگە) نییە. پێویستە پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە شێوازی حوکمڕانی و کاراکردنی دامەزراوەکان و دۆسێکانی بواری ئابووری و گەشەپێدان و پاراستنی ئازادییەکان بکرێت، بەو مەبەستەی سەقامگیرییەکی گشتگیر بۆ خەڵك دابین بکرێت.

– دەسەڵاتی کوردستان لە بابەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەوشی ئێستای عێراقدا، تەنیا لەگەڵ دەسەڵاتێکی فەرمیی ڕووکەشی سیاسی، کە خۆی لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بینییەوە، مامەڵەی لەگەڵ بابەتە سیاسییەکاندا کرد، بێ ئەوەی ڕچاوی ئەوە بکات، کە بڕیاری سەرەکی لە عێراقدا بە دەست دەوڵەتی قووڵ (پەرەڵێڵەوە)یە، کە سەرچاوەی بڕیاری خۆی هەیە و، بابەتی دووفاقی و دووڕوویی بەشێکی سەرەکیی عەقڵییەتی بەڕێوەبردنی حوکمڕانییە لە عێراقدا، کە هەردەم زەمینە بۆ پاشگەزبوونەوە لە ڕێککەوتنەکان، یان جێبەجێنەکردنی قانوون و بڕیارەکان، بابەتێکی چاوەڕوانکراوە.

– ئاراستەی سیاسی لە بەغدا بەرەوە دەوڵەتی ناوەندێتی ڕەهایە و، ئەم ئاراستەیەش نەك تەنیا لە جێبەجێنەکردنی دەیان ماددە لە دەستووری عێراقدا هاتووە، کە دەبێ قانوونی بۆ دەربچێت، بەڵکو لە سەرجەم کار و کردەوەی و بڕیاری سیاسییە. نموونەی ئەم ئاراستەیە لە بابەتی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەدا دەرکەوت، کە مامەڵەکردنی حکومەتی فیدراڵ لەگەڵ هەرێمدا مامەڵەی حکومەتی ناوەندیی ڕەهایە نەك فیدراڵ و، فیدراڵیزمی هەرێمیش بە پێی ئەو بودجەیە بوو بە شێوازێك لە فیدراڵیزمی پارێزگاکان و، لە زۆر بڕگەی ئەو بودجەیەدا چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان وەك یەك پارێزگا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

– یەکێك لەو بابەتە تاڵەی لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا دووبارە و سێ بارە و چەند بارە کرایەوە، بابەتی گەلەکۆمەکێی هێزی سیاسیی نەتەوەی زۆربەیە بە هەردوو تایفەی ناکۆك لەگەڵ یەکتر لە سەرجەم هەڵوێستەکان و، تەبا لەگەڵ یەکتر لە هەڵوێستوەرگرتن دەربارەی مافەکانی گەلی کوردستان، کە لە لۆجیکی «شمالنا الحبیب» دەرناچێت.

– هەرچەندە کە بابەتی مەترسی لەسەر کیانی هەرێمی کوردستان لە لایەن بەغدا و بەشێك لە دەوڵەتە هەرێمایەتییەکان ڕوونە، بەڵام ناکرێ دان بەوەدا نەنرێت، کە خودی لایەنی کوردستانی بەتایبەتی دەسەڵات، بە هۆی ململانێی حزبیی بەرتەسك و ئامادەنەبوون بۆ دانانی دەستوور وەك مەرجەعێك بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان و، خراپ ئیدارەکردنی ململانێیە ناوخۆییەکان بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکان، مەترسی لەسەر کیانی هەرێمی کوردستان دروست دەکەن و، هەردەم وتراوە کە مەترسی و هەڕەشە لەسەر پاراستنی قەڵاکان لە ناوەوەی قەڵاکاندایە، نەك لە شوراکانەوە.

– ئەوەی لە ڕێڕەوی ڕووداوەکان و کاردانەوەی لایەنە سیاسییە کوردستانییەکاندا دەرکەوت، زاڵبوونی ناکۆکی و ململانێی ناوخۆییە و، بەکارهێنانی دادگای ئیتحادی عێراق و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە یەکتر بەپێی لۆجیکی کار و کاردانەوە و، هەوڵدان بۆ کەرتکردنی ڕای گشتیی کوردستان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بێ ئومێدکردنی جەماوەری گەلەکەمان و دروستنەکردنی پانتاییەکی گشتی بۆ ئەوەی دۆزی ڕەوای کوردستان دۆزی خەڵکی کوردستان بێت، نەك دۆزی ململانێی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان.

– لە ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان و دوای لاوازیی کارتێکردنمان لەسەر دۆستانی

**بابەتی دووفاقی و دووڕوویی بەشێکی سەرەکیی عەقڵییەتی بەڕێوەبردنی حوکمڕانییە لە عێراقدا، کە هەردەم زەمینە بۆ پاشگەزبوونەوە لە ڕێککەوتنەکان، یان جێبەجێنەکردنی قانوون و بڕیارەکان، بابەتێکی چاوەڕوانکراوە**

**فیدراڵیزمی هەرێمیش بە پێی ئەو بودجەیە بوو بە شێوازێک لە فیدراڵیزمی پارێزگاکان و، لە زۆر بڕگەی ئەو بودجەیەدا چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان وەک یەک پارێزگا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت**

**هەردەم وتراوە کە مەترسی و هەڕەشە لەسەر پاراستنی قەڵاکان لە ناوەوەی قەڵاکاندایە، نەک لە شوراکانەوە**

گەلەکەمان و، بە هۆی لاوازیی متمانەی خەڵك بە توانای دەسەڵاتدارانی هەرێمەکەمان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە ناوخۆییەکان و، بە هۆی ئەو پاشەکشەیەی کە لە ئاکامی بڕیاڕی «دادگای» پاریس و، هەڵوێستی نەیاری هەرێمایەتی لە ئارادایە و، لە ئاکامی لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکاری لە هەڵوێستی دۆستان و، دوای سووتانی چەندین کارت لە ململانێ لەگەڵ بەغدا بۆ وەدیهێنان و پاراستنی ڕاددەی نزمی مافەکانمان، لەوانەش کارتی وازهێنان لە بەشداریکردنی پرۆسەی سیاسیی عێراق، تەنیا کارت بۆ زەمینەی کاراکردنی بەرەنگاربوونەوە و متمانەوەرگرتنەوەی تەواوی خەڵکی کوردستان و، بەردەوامبوونی ململانێ بە شێوەیەکی گشتگیر و، بۆ پاراستنی ڕاددەی نزمی پشکی هەرێم لە بودجەی دەوڵەتی عێراقدا لەم هەلومەرجەدا، یەك هەڵوێستی کوردستانی پێویستە.

ـ لە کاروانی پێداچوونەوە بە سیاسەتە ناوخۆییەکان و مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکانیش، نابێ ئەوەش لە یاد بکرێت، کە چەمکێك هەیە پێی دەڵێن قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی، بزووتنەوەیەکیش هەیە پێی دەڵێن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی کوردستانی.

ـ ئیدارەکردنی قەیرانەکان سەرەتایەکی پێویستە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان و، ئەم سەرەتایە پێویستی بە دیالۆگی نیشتمانی و پاراستنی ئازادییەکانی خەڵك و بەشدارپێکردنیانە لە تێکڕای ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە چارەنووسیانەوە هەیە، ئەوەش پێویستی بە گەڕاندنەوەی متمانەی خەڵکە و، بە پێچەوانەشەوە بەردەوامبوونی بنبەستی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا نیشانەی نەبوونی بەرپرسیارییە بەرانبەر چارەنووسی خەڵك.

ـ لەم هەلومەرجەدا لاوازیی سیاسیی زەق لە ڕەوشی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی گەلی کوردستان لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە جێگۆڕکێ لە ململانێی لاوەکیی ناوخۆیی هێزە کوردستانییەکان کراوە و بە هۆی بەرژەوەندیی بەرتەسکی حزبایەتی چووەتە خانەی ململانێی سەرەکی و، لەسەر ئەم بنەمایەش هاوپەیمانیی نامەشرووع لەگەڵ ئەو هێزانە دەکرێ، کە بە شێوەیەکی مێژوویی دژ بە ئازادیی گەلی کوردستانن.

ـ لەم ڕەوشە سیاسییە ناهەموارەدا و بە هۆی سیاسەتی ئەو هێزە ناوخۆیی و هەرێمایەتییانەی کە لەگەڵ یەکدا ناکۆکن و تەنیا لەسەر دژایەتیی مافەکانی گەلی کوردستان کۆکن، هەرێمی کوردستان و مافی ڕەوای گەلەکەی لە مەترسیدایە و تەنیا ڕێگای بەرەنگاربوونەوەی گونجاو و شۆڕشگێڕانە بریتییە لە گەڕانەوە بۆ ئیرادەی گەلی کوردستان و بوونی جەماوەری کوردستان وەك کارتێکی شۆڕشگێڕی لە هاوسەنگیی ململانێیەکان و، بەشداریکردنی سەرجەم ئەو هێزە کوردستانییانەی خەمخۆری گەلن لە دەستپێشخەرییەکی نیشتمانی کوردستانی لە ڕێگای ئەنجامدانی دیالۆگی ناوخۆیی و کاراکردنی دامەزراوەکان و کارکردن بۆ داڕشتنی دەستووری هەرێمی کوردستان و پەیڕەوکردنی بنەماکانی حوکمڕانیی باش و ئەنجامدانی چاکسازیی هەمەلایەن و کۆتاییهێنان بەگشت دیاردەکانی دوو ئیدارەیی و، ڕشتبوون لەسەر نەهێشتنی بۆشایی قانوونی و ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە زووترین کاتدا و، دابینکردنی ژیانی پڕ کەرامەت و شیاو بۆ خەڵك و سوودوەرگرتن لەو وانە تاڵەی کە لەم ڕۆژانەدا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و لە بڕیاردانی پشکی هەرێمی کوردستاندا لەلایەن هێزی تایفەگەری و نەتەوەپەرستەوە ئاراستەی کەرامەت و ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەکرێت.

لە چوراچێوەی ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێ کردن، وەڵامی پێویست، کە ڕەنگدانەوەی تێگەیشتن و سوودوەرگرتن لە وانە تاڵاکەکان بێت، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە هەنگاوەکان بۆ بەهێزکردنی گیانی بەرەنگاربوونەوەی جەماوەری کوردستان بۆ ئەوەی خۆی خاوەنی دۆزی ڕەوای خۆی بێت، کارا بکرێت، ئەمەش پێویستی بە زەمینەخۆشکردنە، کە هەنگاوەکانی ئەم ڕێڕەوە بە یەکڕیزیی لایەنە کوردستانییەکان و دروستبوونی یەك لیستی کوردستانی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەست پێ دەکات و، هەنگاوی دووەمیش پەلەکردنە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

**ئەوەی لە ڕێڕەوی ڕووداوەکان و کاردانەوەی لایەنە سیاسییە کوردستانییەکاندا دەرکەوت، زاڵبوونی ناکۆکی و ململانێی ناوخۆییە و، بەکارهێنانی دادگای ئیتحادی عێراق و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە یەکتر**

**بەردەوامبوونی بنبەستی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا نیشانەی نەبوونی بەرپرسیارییە بەرانبەر چارەنووسی خەڵک**

**جێگۆڕکێ لە ململانێی لاوەکیی ناوخۆیی هێزە کوردستانییەکان کراوە و بە هۆی بەرژەوەندیی بەرتەسکی حزبایەتی چووەتە خانەی ململانێی سەرەکی و، لە سەر ئەم بنەمایەش هاوپەیمانیی نامەشرووع لەگەڵ ئەو هێزانە دەکرێ، کە بە شێوەیەکی مێژوویی دژ بە ئازادیی گەلی کوردستانن**



دکتۆر محەمەد سدیق
ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# وێڕای هەموو تێبینی و ڕەخنەکانمان بودجەی عێراق بودجەیەکی باشە و ڕەنگدانەوەی لەسەر خۆشگوزەرانیی خەڵکی کوردستان دەبێت

**ڕەشنووسی پرۆژە یاسای بودجەی عێراق دواجار لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق عێراق پەسەند کرا و تێپەڕێندرا، وێڕای هەموو ئەو ڕەخنە و سەرنج و تێبینییانەی کە هەبوو، خۆی لە خۆیدا پەسەندکردنی بودجە نەخشەڕێگەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە، خۆ ئەگەر وەکو خۆی جێبەجێ کرا، ئەوا ڕەنگدانەوەی باشی لەسەر بژێوی و ژیانی هاووڵاتییان و خۆشگوزەرانیان دەبێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بە پشکی هەرێمی کوردستان لە دامەزراندن و پاشەکەوت و پێشمەرگە، گۆڤاری (گوڵان) ئەم دیمانەیەی لەگەڵ دکتۆر محەمەد سدیق ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سازدا .لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** ئەو بودجەیەی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پەسەند کرا، بودجەیەکە بۆ سێ ساڵ، ئایا بە شێوەیەکی گشتی لایەنە ئەرێنییەکانی بۆ خەڵکی کوردستان چییە و چ گۆڕانکارییەك لە مووچە و خۆشگوزەرانیی خەڵکی کوردستان دروست دەکات؟**

- دیارە ئەم جارە بودجەی گشتیی عێراق بۆ سێ ساڵە، وێڕای تێبینی و سەرنج و ڕەخنەکانی کورد لە پرۆژەی ڕەشنووسی یاسای بودجەی گشتیی عێراق و زۆر بابەت و مادده و بڕگەی ناو بودجەکە، دواجار لە پەرلەمانی عێراق پرۆژەکە پەسەندکرا و تێپەڕ بوو، بەمەش ڕەشنووسەکە بووە یاسا و دەبێت هەمووان پابەندی جێبەجێکردنی بن، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، دەبینین بە شێوەیەکی گشتی بودجەی عێراقی فیدراڵ زۆر لایەنی ئیجابی تێدایە، بەوەی ئەگەر وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، ئەوا بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان زۆر باشە و کاریگەریی ئەرێنی لەسەر هەلومەرجی خۆشگوزەرانیی خەڵك دێنێتەکایەوە و، مووچەی مووچەخۆران لەکاتی خۆیدا دابەش دەکرێت، ئەمەش لای مووچەخۆران ئارامی دروست دەکات و بازاڕیش ڕوو لە بووژانەوە دەکات، لێرەدا دەمەوێت پرسێك ڕوون بکەمەوە، بەوەی زۆربەی ئەو بڕگانەی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بودجە دانوستاندن و ڕێککەوتنی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لەسەر کردووە، هەمان بودجەیە کە نێردراوەتە پەرلەمان و دواجار بە گۆڕانکارییەکی کەمەوە پەسەند کرا.

*** باسی هەندێك بابەت و سەرنج و تێبینیت کرد کە لە ناو یاساکەدا هەن، ئایا مەبەستت ئەوە بوو کە لە لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بە نایاسایی کرا و مشتومڕێکی زۆری لێ کەوتەوە؟**

- ڕاستە نیگەرانیی زۆرمان لەسەر ئەو دەستکاری و بەلاڕێدابردنەی ناو لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق هەبوو لە بارەی ئەو ماددانەی پەیوەندییان بە پشکی هەرێمی کوردستانەوە هەبوو، بەتایبەتی لە ماددەی ١٣ و ١٤ی بودجە، بەڵام بە دیوێکی دیکەدا ئەوەی ئێمە ویستمان جێگیری بکەین لە پشکی هەرێمی کوردستان کە ١٢،٦٧٪ـە و هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دانوستاندن و ڕێککەوتنیان لەسەر کردبوو، دواجار خۆشبەختانە هەر ئەوە پەسەند کرا. ڕەنگە مەبەستی پرسیارەکەت لەسەر هەندێك بڕگە و بابەت بێت، کە لە ئاست ویستی ئێمەی کورددا نییە، لێرەدا پێویستە ئەو ڕاستییە لە یاد نەکەین کە بە شێوەیەکی گشتی پەرلەمانی عێراق تەنیا لە ئێمەی کورد پێك نایەت، بەڵکو لایەنی دیکەی زۆر تێدایە و بە هەمووان زۆرینەی پەرلەمانی پێك دەهێنن، پەرلەمانی عێراق لایەنی وای تێدایە نەك هەر دژی قەوارەی هەرێمی کوردستانن، بەڵکو تا سەر ئێسقان دژایەتیی نەتەوەی کوردیش دەکەن، کەسانێکی زۆریشی تێدایە ئەگەرچی دانوستاندن و ڕێککەوتنمان لەگەڵ دەکەن، بەڵام لە کاتی کرداردا جێبەجێی ناکەن و بە پێچەوانەی بەڵێنەکانی خۆیان جووڵە دەکەن.

*** پێشتر قوباد تاڵەبانی و تیمی یەکێتی گەڕابوونەوە ناو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران و کێشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی چارەسەر کرابوون، بۆچی فراکسیۆنی یەکێتی**

**زۆربەی ئەو بڕگانەی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بودجە دانوستاندن و ڕێککەوتنی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لە سەر کردووە، هەمان بودجەیە کە نێردراوەتە پەرلەمان و دواجار بە گۆڕانکارییەکی کەمەوە پەسەند کرا**

**پەرلەمانی عێراق لایەنی وای تێدایە نەک هەر دژی قەوارەی هەرێمی کوردستانن، بەڵکو تا سەر ئێسقان دژایەتیی نەتەوەی کوردیش دەکەن، کەسانێکی زۆریشی تێدایە ئەگەرچی دانوستاندن و ڕێککەوتنمان لەگەڵ دەکەن، بەڵام لە کاتی کرداردا جێبەجێی ناکەن و بە پێچەوانەی بەڵێنەکانی خۆیان جووڵە دەکەن**

**دوای دەستپێشخەرییەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی، ڕاستەوخۆ ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندی پێوە کردن و قوباد تاڵەبانی گەڕایەوە ناو ئەنجومەنی وەزیران**

**هەموومان ئومێدمان خواست هەموو ئەو ڕەخنە و بۆچوونە جیاواز و داواکارییانە لە ناو ئەنجومەنی وەزیران و لە نێو ماڵی کورد گفتوگۆیان لەسەر بکرێت و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە**

**لەسەر داوای ڕێزدار سەرۆک مەسعود بارزانی داوای ئەوەمان لێ کراوە بە هیچ شێوەیەک سازش لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان نەکەین و بەردەوام فاکتەری یەکگرتن و یەک گوتاریی کورد بین**

**بەو شێوازەی پرۆژە یاساکە هاتە پەرلەمان لەلایەن هێزەکانی ناو هاوپەیمانێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بڕیار و دەنگیشی لەسەر درابوو، بەداخەوە دواتر فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرهەڵستکارییان کرد، لایەنە عەرەبییەکانیش ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە و پشتیان تێکردین**

**لە پەرلەمانی عێراق ئەمەیان کرد؟**

- لە ڕاستیدا پێویستە ئەم پرسیارە ئاراستەی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق و تیمی یەکێتی بکرێت، هەرچەندە ئەوان سەرەتا نیگەرانییان هەبوو، بەڵام دوای دەستپێشخەرییەکەی جەنابی سەرۆك بارزانی، ڕاستەوخۆ ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندی پێوە کردن و قوباد تاڵەبانی گەڕایەوە ناو ئەنجومەنی وەزیران، هەموومان ئومێدمان خواست هەموو ئەو ڕەخنە و بۆچوونە جیاواز و داواکارییانە لە ناو ئەنجومەنی وەزیران و لە نێو ماڵی کورد گفتوگۆیان لەسەر بکرێت و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە، خۆ ئەگەر نیگەرانییەکیش لەسەر هەر پرسێك لە کوردستان هەبێت، ئەم نیگەرانییە نابێت ببردرێتە بەغدا، واتە کارێك نەکرێت بۆ لەکەدارکردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان و گەلی کورد و مافەڕەواکانی، بۆ ئەوەی لایەنە عەرەبییەکان ئەوانەی نەیاری کوردن ئەم پێشهاتەیان پێ خۆش بێت، ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەسەر داوای ڕێزدار سەرۆك مەسعود بارزانی داوای ئەوەمان لێ کراوە بە هیچ شێوەیەك سازش لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان نەکەین و بەردەوام فاکتەری یەکگرتن و یەك گوتاریی کورد بین، ئەوەی ئێمەی زۆر نیگەران کرد،ئەو دەستکاری و گۆڕانکارییانە بوو، کە لە هەردوو ماددەی ١٣ و ١٤ی بودجە ئەنجام درا، لە کاتێکدا پێشتر بەڕێز دکتۆر فوئاد حوسێن کە نوێنەرایەتیی ئێمەی دەکرد لە دانوستانەکان لەگەڵ سەرۆکی لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی بابەتی وا باس نەکرابوو، بەڵکو بەو شێوازەی پرۆژە یاساکە هاتە پەرلەمان لەلایەن هێزەکانی ناو هاوپەیمانێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بڕیار و دەنگیشی لەسەر درابوو، بەداخەوە دواتر فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرهەڵستکارییان کرد، لایەنە عەرەبییەکانیش ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە و پشتیان تێکردین. بە پوختی زیاتر کێشەکە لەسەر ماددەی ١٤ بوو، کە تێیدا بڕگەیەکیان زیاد کردبوو، ئەویش بڕگەی ٨ بوو، لەم بڕگەیە لە خاڵی (أ) کێشەمان نەبوو، بەڵام لە خاڵی (ب) کاتێك باس لە ئەگەری کێشە لە ناردنی بودجە لە نێوان هەردوو لایەنی ناو پێکهاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دروست بوو، ئەو کات لیژنەیەك پێك دەهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی ناکۆکییەکە و دیراسەتکردنی و ناردنی بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ، بۆ ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەلای خۆیەوە بڕیاری چارەسەرکردنی بدات، کەچی پەرلەمانتارانی یەکێتی بەمە ڕازی نەبوون و دەیانگوت دەبێ وشەی (تمویل)ی بۆ زیاد بکرێت، ئەم بڕگەیە دەنگی لەسەر درا و تێپەڕی، کەچی برادەرانی فراکسیۆنی یەکێتی بۆ جارێکی دیکە ئەمەیان هەڵوەشاندەوە و لایەنە عەرەبییەکانیش بە پێشنیارەکەی برادەرانی فراکسیۆنی یەکێتی ڕازی بوون.

*** خاڵێکی دیکە کە لە میدیاکان زۆر باس دەکرێت، پرسی دانەوەی پاشەکەوتی فەرمانبەرانی کوردستانە، باس لەوە دەکرێت کە فراکسیۆنی پارتی دژی ئەم بڕگەیە بووە لە ماددەی ١٤ی بودجە، پاشانیش هەر فراکسیۆنی پارتی پێشنیارێکی هەبوو کە دانەوەی پاشەکەوت لە ١٠٪ بکرێتە ١٢٪، ئایا ئەم پرسە بۆ وای لێهات؟**

- نابێ ئەو ڕاستییە لە یاد بکەین کە سەرچاوەی سەرهەڵدانی (پاشەکەوتی مووچە) بەهۆی بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراق دروست بووە، بۆیە دانەوەی ئەم پاشەکەوتە دەکەوێتە سەر حکومەتی فیدراڵی، لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا ئومێدێك هەیە بەوەی جارێکی دیکە بەو بابەتەدا دەچنەوە و هەردوو دیوانی چاودێریی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دیوانی چاودێریی دارایی حکومەتی عێراق پاکتاوکردنی حیساباتی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دەکەن لە ساڵی ٢٠٠٤ تاکو ٢٠٢٢، لەم بارەیەوە من گومانم نییە کە ئەگەر ئەو پارەیەی حکومەتی عێراقی بردوویەتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە تەواوی بدرێتەوە و پاکتاوکردنەکە بە شێوازێکی ڕاست

ئەنجام بدرێت و بەبێ ئامانجی لابەلا جێبەجێ بکرێت، ئەوکات دەتوانرێ بەو بڕە پارەیە پاشکەوت بۆ فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان و فراکسیۆنەکەی لە پەرلەمانی عێراق هەرگیز دژی دانەوەی پاشەکەوتی مووچە نییە، ئەمە موزایەدەیەکی سووکە بە خەڵکی کوردستان و فەرمانبەرانەوە دەکرێت، دکتۆر شاخەوان عەبدوڵڵا جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لەگەڵ هەموو لایەنە کوردستانییەکان ڕێککەوتنی کردووە بەوەی دانەوەی ئەو ٪۱۰ یە بکرێتە ٪۱۲ ئەمەش بە ڕێککەوتنی هەموو لایەنە کوردستانییەکان بووە، ئەوە بوو پشێوییەك لە ناو هۆڵی پەرلەمان هەبوو، ژمارەیەکی زۆر دەنگیان دا، بە تێڕوانینی ئێمە لە بەرژەوەندیی گەڕانەوەی پاشەکەوتەکە کە پێشنیاری پارتی بوو، دەنگەکان درا، خۆ ئەگەر دەنگەکان هەژمار بکرێنەوە، ئەوا بێگومان پێشنیاری دانەوەی ٪۱۲ی پاشەکەوتی مووچەخۆران دەنگی پێویست بەدەست دەهێنێت.

*** هەر لەم بودجەیەدا بڕێك پارە بۆ هێزی پێشمەرگە دیاری کراوە، پرسیار ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی پارەکە بەراورد بە حەشدی شەعبی زۆر کەمە، ئایا لە ڕووی مەعنەوییەوە ئەم پارەیە چ بایەخێکی هەیە؟**

- سەرەتا دەبێ ئەم ڕاستییە بزانین کەوا پڕۆژە یاسای بودجە وەکو پێشنیاری ئەم ڕەشنووسە، کاتێك لە حکومەتی فدراڵییەوە دێتە ناو پەرلەمانی عێراق، هەموو لایەنە سیاسییەکانی پێکهێنەری حکومەت گفتوگۆ و دانوستاندن و ڕێککەوتنیان لەسەر کردووە، بە پێی دەستوور ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆی نییە بابەت و ماددە زیاد بکات، ئەگەرچی چەند بابەت و بڕگەیەکمان بۆ بودجە زیاد کرد، منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام، کە پارەکە بەراورد بە حەشدی شەعبی زۆر کەمە، خۆ ستەمکردن لە هەمبەر پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان هەر تەنیا لەسەر ئاستی بودجە ڕووی نەداوە، بگرە لەسەر پڕچەککردن و زۆر لایەنی لۆجستی و هاوکاریی سەربازی و بەشداریکردنی ڕێژەی کورد لە هێزی ئاسمانی و سێکتەرەکانی دی و زۆر بابەتی دیکەشە، لەمەشدا لەگەڵ ئەوەی پشکی هەرێم لە بودجەی پێشمەرگەدا کەمە، بەڵام وەکو سەرەتایەك بۆ دەستەبەرکردنی مافی پێشمەرگەی کوردستان لە عێراق لە سەردەمانی پێشوو باشترە، بەوەی کە هیچی بۆ تەرخان نەکرابوو.

***لەم بودجەیەدا بڕیار دراوە نزیکەی ۹۰۰ هەزار فەرمانبەر لە عێراقدا دابمەزرێن، بەڵام پشکی کوردستان زۆر کەمە باس دەکرێت تەنیا ۱۷ هەزارە، ئەمە ڕێژەیەکی زۆر کەمە، بۆ نەتانتوانی زیادی بکەن؟**

- منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام بەوەی بابەتی دامەزراندنی فەرمانبەران، ئەوەی بەر پشکی کوردستان دەکەوێت زۆر کەمە، بەڵام ئەمەش



وەکو زۆر بابەتی دیکە لە ئاست خواست و ئومێدی ئێمەدا نییە و سەرچاوەی بۆ ئەو نارەوایەتییە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دەنگێکی زۆری نەیاران و دوژمنانی کورد و بەهێزیی حوکمی زۆرینەیان لە بەغدا و لە ناو هۆڵی پەرلەمانی عێراق. نابێ ئەوەش لە یاد بکەین کە هەر لەسەر ئەم بابەتە باس لەوە کراوە ئەوانەی گرێبەستی هەڵبژاردنن لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەبنە گرێبەستی بەکارخستن و هەمیشەیی، کە نزیکەی ۳۰۰۰ فەرمانبەری ئێمەشی تێدایە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لەسەر بابەتی دامەزراندنی فەرمانبەران پشکی هەرێمی کوردستان زۆر کەمە.

**سەرچاوەی سەرهەڵدانی (پاشکەوتی مووچە) بەهۆی برینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراق دروست بووە، بۆیە دانەوەی ئەم پاشکەوتە دەکەوێتە سەر حکومەتی فیدراڵی**

**خۆ ستەمکردن لە هەمبەر پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان هەر تەنیا لەسەر ئاستی بودجە رووی نەداوە، بگرە لەسەر پڕچەککردن و زۆر لایەنی لۆجستی و هاوکاریی سەربازی و بەشداریکردنی ڕێژەی کورد لە هێزی ئاسمانی و سێکتەرەکانی دی و زۆر بابەتی دیکەشە**

## د. ئیدریس ڕەمەزان بۆ گوڵان:

# بودجەی عێراق و پشکی هەرێمی کوردستان وێڕای تێبینی و سەرنجەکانمان خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی دەهێنێت

**دوای پەسەندکردنی بودجە، خەڵکی کوردستان لە چاوەڕوانیی گۆڕانکاری و باشبوونی بارودۆخی ئابووری و خۆشگوزەرانیدان، ئەگەرچی بوونی کورتهێنان لە بودجەکە و پابەندکردن و ئیلتزاماتەکانی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی لایەنە سیاسییەکانی بەغدا، نیگەرانیی لێ کەوتووەتەوە، بەڵام هەمووان هاوڕان لەسەر ئەوەی بودجە وێڕای سەرنج و تێبینییەکان زۆر لایەنی ئەرێنی هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم تەوەرە گۆڤاری گوڵان چەند پرسیاری ئاراستەی دکتۆر ئیدریس ڕەمەزان مامۆستای کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری لە زانکۆی سەڵاحەدین کرد، لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

* وەك کەسێکی شارەزا و پسپۆڕ لە بواری ئابووریدا چۆن دەڕواننە بودجەی عێراق، ئایا بە شێوەیەکی گشتی لایەنە ئەرێنییەکانی بودجە بۆ خەڵکی کوردستان چییە و چ گۆڕانکارییەك لە مووچە و خۆشگوزەرانیی خەڵکی کوردستاندا دروست دەکات؟

- بودجەی گشتیی عێراق بۆ سێ ساڵی ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥ وێڕای هەموو ئەو کێشمەکێشە سیاسی و دەستکاریکردنە نادەستووری و نایاساییەی دەرهەق بەو ماددانە کرا، کە تایبەتە بە هەرێمی کوردستان و چووە قاڵبی موزایەدەی سیاسی و دەستکاریکردنی بە پێچەوانەی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی



**گەیشتنی بودجە بە قۆناغی کرداری جێبەجێکردنی هەوڵێکە بۆ بووژانەوەی ئابووری و گەشەکردنی بازاڕ و بەدەستهێنانی دەرفەتی کار**

عێراقدا ئەنجام درابوو، هەر پەسەندکردنی بودجەکە و تێپەڕاندنی و نزیکبوونەوەی جێبەجێکردنی مادده و بڕگەکانی گەشەیەکی ئابووری لێ دەکەوێتەوە و کاریگەریی باشی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێت، چونکە گەیشتنی بودجە بە قۆناغی کرداری جێبەجێکردنی هەوڵێکە بۆ بووژانەوەی ئابووری و گەشەکردنی بازاڕ و بەدەستهێنانی دەرفەتی کار، ڕاستە بودجەی گشتیی عێراق پڕیەتی لە کەموکورتی و، ئێمەش وەکو لایەنی کوردی تێبینی و سەرنجمان هەیە لەسەر بودجەکە، بەتایبەتی دەستێوەردانی لایەنە سیاسییەکانی عێراق و هەندێك لایەنی نێوخۆیی بۆ بەرژەوەندیی تەسك و مەرامی شەخسی، بەڵام لە کۆی گشتیدا کارپێکردنی بودجەکە دەبێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان ناوەند و هەرێمی کوردستان و هاتنی بڕە پارەیەکی زۆر بۆ هەرێمەکە، دواجار خۆ ئەگەر ئەو بودجەیە وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، ڕاستە بەشێکی زۆری بودجەکە بۆ کەرتی بەکاربردن دەڕوات، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی بودجەکەش بۆ وەبەرهێنانیش دەڕوات، کە گرنگیی بۆ بووژانەوەی کەرتی وەبەرهێنان و ئابووری لە سەرانسەری عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە. ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، پابەندبوونی هەرێمی کوردستانە بە هەندێك بڕگە و ئیلتیزاماتی قورس، لەگەڵ ئەمەشدا دواجار ئێمە هەموو مانگێك بڕە پارەیەکی باشمان بۆ دابینکردنی مووچە و بەگەڕخستنی کاروکاسبی لە بەغداوە بۆ دێت .

*** بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە کە پڕۆژە یاسای بودجە هەندێ بڕگەی دەستکاری کرا، وەکو ئاماژەت پێ دا، بەو شێوەیە نەبوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ڕێککەوتنیان لەسەر کردبوو، ئایا ئەو گۆڕانکارییانە ئەوەندە کاریگەری دەبێت کە جێی مەترسی بێت؟**

- سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای هەموو ئەو دەستکاری و کێشمەکێشانەی

لەسەر مادده و برگە یاساییەکانی بودجە کرا، کە زۆربەیان نادەستووری و نایاسایی بوون، دواجار ڕەزامەندییان دەربڕی لەسەر واژۆکردن و تێپەڕاندنی پڕۆژە یاساکە، ئەوەی لە ناو پەرلەمانی عێراق بەتایبەتی و لە ناو لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ڕووی دا، بابەتێکی چاوەڕوانکراو بوو، چونکە هەموو ساڵێك کۆمەڵێك پەرلەمانتار لە ژێر فشاری حزبەکانیان بێت، یان لەبەر هۆکاری خۆدەرخستن و موزایەدە ئەم کارە نەشیاوانە دەکەن، لە هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا ئەم پاشگەزبوونەوەی حزب و لایەنە سیاسییانە زۆرن کە ڕێککەوتنیشت لەگەڵ دەکەن، کەچی کاتێك دێتە سەر جێبەجێکردن خاوەنی بەڵێنی خۆیان نین. لەناو گفتوگۆکانی بودجەدا ئاراستەکان واقیعبین و دووربین نەبوون، خۆی لەخۆیدا دواخستنی پەسەندکردنی بودجە و ئەو شێوازە گفتوگۆیانە و دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان و کەمکردنەوەی پشك و دانانی کۆت و بەند و ئیلتیزاماتی قورس و، زۆرجار ئیلتیزاماتی تەعجیزی بۆ ئەم ململانێ سیاسی و ئەجیندە دەرەکییانە و بەدەستهێنانی دەستکەوتی تەسکی شەخسی و حزبی دەگەڕێتەوە، کە زۆر لە حزب و لایەنە سیاسییەکان و پەرلەمانتارەکانیان تێی کەوتوون، بە ڕادەیەك ئەم بەرژەوەندییە تەسکانەی حزبی و شەخسی خراونەتە سەرووی بەرژەوەندییە ڕامیاری و ئابوورییەکانەوە و زیانی گەورە بە ئابووریی عێراق و کوردستان دەگەیەنن، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو ڕاستییەی بودجە پڕۆژەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە لە پێناو خەڵکی و بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی و بەرزکردنەوەی ئەدای بەڕێوەبردنی ئابووری، بەڵام ئەم بۆچوونە گەشبین و ئومێدبەخشە بە واتای ئەوە نایەت ئەم بودجەیە ببێتە هۆی بەدیهێنانی گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە و وەرچەرخانێکی مێژوویی، بەتایبەتی بوونی کورتهێنانی نزیکەی ٦٠ تریلیۆن دینار لە بودجەکە و زاڵبوونی لایەنی بودجەی بەکاربردن لەسەر وەبەرهێنان و دانانی بودجە بە ٧٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەوت و ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ زیاتر لە دوو مانگ، کە بە زیانی نزیکەی دوو ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت، هاوکات مەترسیی داشکانی بەهای نەوت بۆ خوارووی ٦٠ دۆلار هەیە، کە لەو کاتەدا کورتهێنانەکە زۆر زیاتر دەکات، هەروەها بودجەکانی ڕابردووش ئەوەیان سەلماندووە کە لە ڕووی پراکتیکییەوە لایەنی سیاسی و چەکداری زۆری باڵادەست هەن کە لە ڕێگەی پڕۆژە و بەڵێندەرایەتی و بوونی خەرجی زەبەلاحی چەکدارییەوە زیانی گەورەیان بە بودجەکە گەیاندووە، ئەم بودجەیەی کە بۆ سێ ساڵی داهاتوو دانراوە، واقیعی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە دیاری ناکات و زەحمەتە هەموو گرفت و کێشەکان چارەسەری بنەڕەتی بۆ بدۆزرێتەوە، تەنیا ئەوەیە جووڵەیەك بە ئابووری و لایەنی دارایی نێوخۆی وڵات دەدات.

*** باسی ئەو گەلەکۆمەکێ و دژایەتیکردنەی هەرێمی کوردستانت کرد کە لەلایەن عەرەبەکانەوە بەرانبەر پشکی هەرێم و ئەو ماددانەی ١٣ و ١٤ی تایبەتن بە هەرێمی کوردستان ئەنجام درا، بەڵام نێوماڵی کوردیش لە بەغدا یەك نەبوون، پێشتر قوباد تاڵەبانی و تیمی یەکێتی گەڕابوونەوە ناو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران و کێشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی چارەسەر کرابوون، بۆچی لە لیژنەی دارایی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق ئەمەیان کرد؟**

- دژایەتیکردنی کورد و قەوارەی هەرێمی کوردستان لە ناو حکومەت و پەرلەمان و تەنانەت لە ناو نوخبەی عەرەبیدا مێژوویەکی کۆنی هەیە، ئەوان تا ئێستا وا سەیری کورد دەکەن بەوەی هێزی یاخی و دوژمنی ئەوانە و هەر بەو جۆرەش شەقامی خۆیان فریو داوە، کاتێك گفتوگۆکان دێتە سەر شاشەی تیڤییەکان و بە بەرنامە داڕێژراو بێت، یان بە ناچاری، یانیش بۆ فریودانی لایەنگرانیان بێت، بەو شێوەیە هەڵسوکەوت دەکەن، ئەوان وا خۆیان نیشان دەدەن کە داکۆکیکاری پارێزگا و ناوچەکانی خۆیانن و، بۆ ئەوەی لایەنگران و دەنگدەرانیان سزایان نەدەن کە هیچیان نەکردووە، پەنا بۆ ئەوە دەبەن کە گوایە هەرێمی کوردستانە کە ناوچە و پارێزگا و شارەکانی ئەوانی تێك داوە، لە کاتێکدا ئەوان لە بەغدا چەندین

**لە هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا ئەم پاشگەزبوونەوەی حزب و لایەنە سیاسییانە زۆرن کە ڕێککەوتنیشت لەگەڵ دەکەن، کەچی کاتێك دێتە سەر جێبەجێکردن خاوەنی بەڵێنی خۆیان نین**

**ئەم بەرژەوەندییە تەسکانەی حزبی و شەخسی خراونەتە سەرووی بەرژەوەندییە ڕامیاری و ئابوورییەکانەوە و زیانی گەورە بە ئابووریی عێراق و کوردستان دەگەیەنن**

**لایەنی سیاسی و چەکداری زۆری باڵادەست هەن کە لە ڕێگەی پڕۆژە و بەڵێندەرایەتی و بوونی خەرجی زەبەلاحی چەکدارییەوە زیانی گەورەیان بە بودجەکە گەیاندووە**

**دژایەتیکردنی کورد و قەوارەی هەرێمی کوردستان لە ناو حکومەت و پەرلەمان و تەنانەت لە ناو نوخبەی عەرەبیدا مێژوویەکی کۆنی هەیە، ئەوان تا ئێستا وا سەیری کورد دەکەن بەوەی هێزی یاخی و دوژمنی ئەوانە و هەر بەو جۆرەش شەقامی خۆیان فریو داوە**

ساڵە پشكی هەرێم و هاووڵاتیانی دەخۆن و بەپێی دەستوور و ماددە یاساییەكان مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیبوونی خەڵكی كوردستان ناكەن، ئەوەتا ئەوان ئامادە نەبوون مووچەی میلاكی فەرمانبەرانی ناوچەكانی نەینەوا و كەركووك بخەنەوە سەر ئەستۆی پارێزگاكانی خۆیان، ئەوەی لە ماددەكانی ١٢ و ١٣ و ١٤ بەدەست هاتووە خێرێك نییە بدرێتە هەرێمی كوردستان و تاكەكانی. سەبارەت بە دانانی بەند و كۆت و ئیلتزاماتی قورسیش وەكو ناچاركردنی ناردنی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت لەلایەن هەرێمی كوردستانەوە، كە ڕادەستی كۆمپانیای سۆمۆی بكات، لە كاتێكدا هەر خۆی ئەو كۆمپانیایە داوای یاسایی لەسەر زۆر كۆمپانیای بیانی بواری نەوت و گاز لە هەرێمی كوردستان تۆمار كردووە، بەردەوام فشار و پاڵەپەستۆی خستووەتە سەریان، ئیتر چۆن ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی كوردستان لە ناو هەموو ئەم هەموو گوشار و فشارانەدا بەرز دەكرێتەوە، یان پارێزگاری لێ دەكرێت؟

ڕەفتار و هەڵسوكەتی ئەندامانی ناو لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق لە فراكسیۆنی یەكێتی و بە پاڵپشتی و هاندانی شۆڤێنییەكان، دژایەتیكردنی هەرێمی كوردستان بوو وەكو قەوارەیەكی دەستووری و فیدراڵی، تەنانەت پاشگەزبوونەوەی هەموو ئەو بنەمایانەی پێكەوەژیان و هاوبەشی و فیدراڵی و دیموكراسییە كە لەسەر ئەو بنەمایە عێراقی نوێ لەسەری دامەزراوە. باشە با لە هەرێمی كوردستان ناكۆكیی سیاسی هەبێت، بەڵام چۆن دەبێت لە بەغدا بەو شێوەیە ڕەفتار بكەیت لە دژی قەوارەی هەرێم كە تەنیا موڵكی پارتی نییە، بەڵكو موڵكی هەموو نیشتمانپەروەر و دڵسۆز و خەباتگێڕەكان و خانەوادەی شەهیدان و قوربانییەكانە؟ ئەوە بەدیهێنانی مەرامە سیاسی و بەرژەوەندییە شەخسییەكان و لێدانە لە قەوارەی هەرێمی كوردستان و لە ١٦ ئۆكتۆبەردا بینیمان كە جگە لە زیانگەیشتن بە كوردستانییان و خودی ئەو حزب و قەوارەیەی سازشی كرد، هیچی دیكەی لێ سەوز نەبوو.

*** خاڵێكی دیكە كە لە میدیاكاندا زۆر باس دەكرێت، پرسی دانەوەی پاشەكەوتی مووچەی فەرمانبەرانی كوردستانە، باس لەوە دەكرێت كە فراكسیۆنی پارتی دژی ئەم بڕگەیە بووە لە ماددەی ١٤ی بودجە، پاشانیش هەر فراكسیۆنی پارتی پێشنیارێكی هەبوو دانەوەی پاشەكەوت لە ١٠٪ بكرێتە ١٢٪، ئایا ئەم پرسە بۆ وای لێهات؟**

- ورووژاندنی ئەم بابەتانە كە مافی ئاسایی مووچەخۆرانی كوردستانە و حكومەتی هەرێمی كوردستان و سەركردایەتیی سیاسیی كورد نكۆڵییان لەم مافە نەكردووە، بەڵام دەبێت لە ناو بودجەدا سەرچاوەی تەمویلی دارایی بۆ تەرخان بكرێت، تاوەكو لە ڕووی واقیعییەوە جێبەجێ بكرێت، هەر ئەمەش بوو وای كرد پارتی دیموكراتی كوردستان لە ڕێگەی فراكسیۆنەكەیەوە نەك لە ١٠٪ تەرخان بكات بۆ پێدانەوەی پاشەكەوت، بەڵكو داوای ١٢٪ی كرد و هەموو فراكسیۆنە كوردستانییەكانیش ڕەزامەندییان نیشان دا، بەڵام كاتێك هاتە ناو پەرلەمان بۆ دەنگدان، فراكسیۆن و پەرلەمانتارە عەرەبەكان بە دۆست و نەیار و دوژمنی هەرێمەوە هەمووی یەك دەنگ بوون دژی تێپەڕاندنی ئەم ماددەیە، لە كاتێكدا ئەوان خۆیان وا نیشان دەدەن كە خەمخۆری مووچەخۆرانی هەرێمن، كەچی وا دەرنەچوو.

*** باسی ئەو فەرمانبەرانەت كرد كە لە سنووری پارێزگای كەركووك و نەینەوان و حكومەتی هەرێمی كوردستان مووچەیان پێ دەدات، پرسیار ئەوەیە بۆچی لایەنی عەرەبی دژی ئەم پێشنیارەی فراكسیۆنە كوردستانییەكان بوون؟**

- سەرەتا كێشەی كورد لە عێراقدا كێشەی خاكە، هەروەكو چۆن سەرۆك بارزانی بەردەوام جەختی لەسەر دەكاتەوە، ئەوانیش پێیان خۆش نییە ئەو فەرمانبەرانەی كورد مووچەكانیان لەسەر ئەو پارێزگایانە خەرج بكرێت، ئەگەر بۆیان بكرێت هەر ڕێگە نادەن بە ئەركی وەزیفیی خۆشیان هەڵسن، لەلایەكی دیكەوە ئەوان خوازیار نین بارگرانی لەسەر بواری بەكاربردن و مووچە لەسەر پشكی هەرێمی كوردستان سووك بێت، لە دوای ١٦ی ئۆكتۆبەریشەوە بەردەوام فەرمانبەرانی عەرەب و توركمان لەو شارانە دادەمەزرێنن و ڕێژەیەكی زۆر كەم نەبێت، كوردی تێدا نییە.

**ڕەفتار و هەڵسوكەتی ئەندامانی ناو لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق لە فراكسیۆنی یەكێتی و بە پاڵپشتی و هاندانی شۆڤێنییەكان، دژایەتیكردنی هەرێمی كوردستان بوو وەكو قەوارەیەكی دەستووری و فیدراڵی**

**با لە هەرێمی كوردستان ناكۆكیی سیاسی هەبێت، بەڵام چۆن دەبێت لە بەغدا بەو شێوەیە ڕەفتار بكەیت لە دژی قەوارەی هەرێم كە تەنیا موڵكی پارتی نییە، بەڵكو موڵكی هەموو نیشتمانپەروەر و دڵسۆز و خەباتگێڕەكان و خانەوادەی شەهیدان و قوربانییەكانە؟**

**لە ١٦ ئۆكتۆبەردا بینیمان كە جگە لە زیانگەیشتن بە كوردستانییان و خودی ئەو حزب و قەوارەیەی سازشی كرد، هیچی دیكەی لێ سەوز نەبوو**

**لە دوای ١٦ی ئۆكتۆبەریشەوە بەردەوام فەرمانبەرانی عەرەب و توركمان لەو شارانە دادەمەزرێنن و ڕێژەیەكی زۆر كەم نەبێت، كوردی تێدا نییە**



دکتۆر سەباح سوبحی

ئەندامی لیژنەی نەوت و کانزاکان لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# وەک فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ گەڕانەوەی پاشەکەوتی فەرمانبەران بووین و پرۆژە و پێشنیاری ئێمە بوو کە ١٢٪ی پاشەکەوتەکە بدرێتەوە

**بودجەی گشتیی عێراق و دیاریکردنی پشکی هەرێم بەو دەستکارییە نادەستووری و نایاساییانەی لـە ماددەکانـی (١٣ و ١٤)دا کـرا، بـەڵام دواجـار بودجەکـە لـە بەرژەوەندیـی خەڵکـی کوردسـتان و بووژانـەوەی بازاڕدایـە، ئەگـەر عێـراق پابەنـدی جێبەجێکردنـی بڕگەکانـی بێـت، هـەر لـەو بارەیـەوە گۆڤـاری گـوڵان دیدارێکی لەگـەڵ دکتـۆر سـەباح سـوبحی ئەندامـی لیژنـەی نـەوت و کانـزاکان لـە پەرلەمانـی عێـراق سـازدا.**

*** سـەرەتا دەمانەوێت بزانیـن ئـەو بودجەیـەی لە پەرلەمانی عێراق پەسەند کرا کە بودجەیەکە بۆ سێ ساڵ، ئایا بەشێوەیەکی گشتی لایەنە ئەرێنییەکانـی بـۆ خەڵکـی کوردسـتان چییـە و چ گۆڕانکارییـەك لـە مووچـە و خۆشگوزەرانیی خەڵکی کوردستان دروست دەکات؟**

- یاسـای بودجـە کێشـە و گرفتـی زۆرە و ١٠٠٪ بەپێـی تمووحـی ئێمـە نییـە، چونکـە ئـەو ڕەشنووسـی یاسـایی بودجەیـە کـە لەلایـەن حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و بەغـدا ڕێککەوتنـی لەسـەر کرابـوو، لەلایـەن لیژنـەی دارایـی ئەنجومەنـی نوێنـەران لـە چەندیـن شـوێن و مـاددە و بڕگـەدا دەسـتکاری کرابـوو، هـاوکات هەنـدێ لایەنـی سیاسـی حـەز بـە قـەوارەی هەرێمـی کوردسـتان ناکـەن و لەنـاو لیژنـەی دارایـی ئەنجومەنـی نوێنەرانـن و ئەوانیـش ڕۆڵـی خراپیـان گیـڕاوە و دەسـتکاریی هەنـدێ بڕگـە و ماددەیـان کـرد، بەداخـەوە هەنـدێ بڕگـەی دیکـەش کـە بـە زیانـی قـەوارەی هەرێمـی کوردسـتان تـەواو دەبـوو، زیـاد کرابـوون، بـەڵام بـە هـەوڵ و کارکردنەکانمـان لـە نـاو ئەنجومەنـی نوێنـەران لـە کاتـی خوێندنـەوەی مـاددە و بڕگەکان نەمانهێشـت هیـچ مـاددە و بڕگەیـەك لـە دژی هەرێمـی کوردسـتان و بەرژەوەندییـە باڵاکانـی تێپەڕێـت، لە هەموویان گرنگتر ئەو بڕگەیە کە دەیانویسـت حکومەتـی عێراقـی بـە تەنیـا و بـە جیـا مامەڵـە لەگـەڵ پارێـزگای سـلێمانی بـکات لـە ڕووی ناردنـی بودجـە و پـارە، لـە کاتێـکدا ئەگـەر هـەر گلەیـی و کێشـەیەکی لەگـەڵ حکومەتـی کوردسـتان هەبێـت، خۆشـبەختانە ئـەو بڕگەیە کە مەبەستی بچووککردنەوەی قەوارەی هەرێمـی کوردسـتان بـوو، نەمانهێشـت تێپەڕێـت، بـەڵام ئـەو ماددەیـە کـە بەشـە بودجـەی هەرێمـی کوردسـتان (١٢,٦٧)ـە لـە نـاو یاسـای بودجـەدا بـۆ سـێ سـاڵ جێگیـر کـرا و بـە هیـچ بیانـوو و کێشـەیەك حکومەتـی فیدڕاڵـی ناتوانێـت ئـەو بودجەیە ڕابگرێت، کارمـان لەسـەر ئـەوە کرد کە یاسای نـەوت و غـاز ببێتـە ئەمری واقیـع و ئـەو ڕێککەوتنـەی لـە نێـوان هەرێـم و بەغـدا لەسـەر نـەوت کـراوە، درێـژە دەکێشـێت تـا دانانـی یاسـای نـەوت و غـاز، ئەمـە لـە یاسـای بودجـەدا جێگیـر کـراوە، ئـەو یاسـای بودجەیـەی پەسـەند کـراوە، سـەرەڕای کەموکورییەکانـی دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ئابووریـی کوردسـتان زیاتـر گەشـە بـکات و مووچـەی فەرمانبـەران کێشـە و گرفتـی نەبێت.

**ئەو بڕگەیە کە دەیانویست حکومەتی عێراقی بە تەنیا و بە جیا مامەڵە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی بکات لە ڕووی ناردنی بودجە و پارە، لە کاتێکدا ئەگەر هەر گلەیی و کێشەیەکی لەگەڵ حکومەتی کوردستان هەبێت، خۆشبەختانە ئەو بڕگەیە کە مەبەستی بچووککردنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان بوو، نەمانهێشت تێپەڕێت**

*** هـەر لـەم بودجەیـەدا بڕێـك پـارە بـۆ هێـزی پێشـمەرگە دیـاری کـراوە، پرسـیار ئەوەیـە لەگـەڵ ئـەوەی پارەکـە بـەراورد بـە حەشـدی شـەعبی زۆر کەمـە، ئایـا لـە ڕووی مەعنەوییـەوە ئـەم پارەیـە چ بایەخێکـی هەیـە؟**

- ڕاسـتە ئـەو بـڕە پارەیـەی بـۆ هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان لـە یاسـای بودجـەی عێراقـی فیـدڕاڵ دانـراوە، بەتایبـەت بـەراورد بـە حەشـدی شـەعبی زۆر کەمـە، بـەڵام بـە زۆرینـە ئـەو بڕگەیـە تێپـەڕی و پەسـند کـرا، بـەڵام لـە ڕووی مەعنەوییـەوە زۆر گرنگـە و ئیعترافکردنـە بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان کـە بەشـێکە لـە دامـەزراوەی وەزارەتـی بەرگریـی عێـراق، لەلایەکـی دیکـەوە پێشـتر لـە یاسـاکانی دیکـەی بودجـە بـاس لـە پێشـمەرگە بـەو شـێوەی ئێسـتا نەکـراوە، بەڵکـو پێـش ئێسـتا هێـزی پێشـمەرگە لەگـەڵ پاسـەوانی سـنوور، یـان بـە نـاوی ئاسایشـی نیشـتمانی و جـۆری دیکـە نـاوی هاتـووە.

*** بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە کە پڕۆژە یاسای بودجە هەندێ بڕگەی دەستکاری کرا و بەو شێوەیە نەبوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ڕێککەوتنیان لەسەر کردبوو، ئایا ئەو گۆڕانکارییانە چی بوون؟**

- گۆڕانکارییەکان لە پڕۆژە یاساکەی بودجە کرابوو ئەوە زیاتر لە ماددەی (١٤) لە بڕگەی (٧و٨)دا بوو، کە کە لە بڕگەی (٧)دا هەوڵی ئەوەی تێدا بوو کە لە دروستبوونی هەر کێشەیەك لە نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا ڕاستەوخۆ بودجەکەی هەرێمی کوردستان ببڕن، ئێمەش پێداگریمان لە گۆڕینی ئەو بڕگەیە کرد و نەمانهێشت بە هیچ جۆرێك تێپەڕێت، تا گەیشتە ئەو حاڵەتەی کە ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیویست پەسند کرا و لە دروستبوونی هەر کێشەیەکدا دەسەڵاتی چارەسەری کێشەکان بە ئەنجومەنی نوێنەران درا و، بڕینی بودجەی بە هیچ شێوەیەك تێدا نییە، هەروەها بڕگەی (٨) کە یەکێ لەلایەنە سیاسییەکانی هەرێم کە بەداخەوە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، داوای کردبوو کە لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانی بودجەی پارێزگایەك دابین بکات، ئەوە حکومەتی فیدراڵی ڕاستەوخۆ بەشە بودجە بەو پارێزگایە بدات، بەڵام خۆشبەختانە بە کار و هەوڵەکانی ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان نەمانهێشت ئەو بەشەی بڕگەی (٨) تێپەڕێت، چونکە لە هەقیقەتدا ئەوەی لەو بڕگەیە هەبوو، هەیبەت و قەوارەی هەرێمی کوردستان بچووك دەکاتەوە، هەر بۆیە لەلایەن ئێمەوە بە هیچ جۆرێك چ وەك لایەنی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و چ وەك ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی ئەمە جێگەی قبووڵ و گفتوگۆ نەبوو .

*** پێشتر قوباد تاڵەبانی و تیمی یەکێتی گەڕابوونەوە ناو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران و کێشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی چارەسەر کرابوون، بۆچی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق ئەمەیان کرد؟**

- زۆر بەداخەوە بۆ ئەو هەڵوێستەی کە یەکێتی لەم بارەوە نواندی، بەڵام لێرەدا داواکارین لە هەموو لایەنەکانی هەرێمی کوردستان لە بابەت و یاساکانی دیکەی وەك نەوت و غاز و ماددەی ١٤٠ هەماهەنگ و یەك ڕیز و یەك هەڵویست بین، چونکە ئێمە بەتایبەت یەکێتی و پارتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوبەشین لە ئیدارەدان و خزمەتکردنی کوردستان، بۆیە پێویستە بۆ زیاتر گەشەکردن و بەهێزتربوونی قەوارەکەمان لە بەغداش یەك دەست و یەك هەڵویست بین.

*** خاڵێکی دیکە کە لە میدیاکان زۆر باس دەکرێت، پرسی دانەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستانە، باس لەوە دەکرێت کە فراکسیۆنی پارتی دژی ئەم بڕگەیە بووە لە ماددەی ١٤ی بودجە، پاشانیش هەر فراکسیۆنی پارتی پێشنیارێکی هەبوو بۆ دانەوەی پاشەکەوت لە ١٠٪ بکرێتە ١٢٪، ئایا ئەم پرسە بۆ وای لێهات؟**

- ئەو بڕگەیە لە یاسای بودجە زیاد کرابوو و ئێمە جەختمان لەسەری کردووە کە ئەوە هەقی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانە و سەلماندمان وەك فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەداین پاشکەوتی مووچەی فەرمانبەران بدرێتەوە، بەڵام بە پڕۆژە و پێشنیارێك کە پێشکەشی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانمان کرد و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران پێشنیارەکەشی خوێندەوە، کە زۆرلایەنی مەنتیقی بوو کە لە زیادەی نرخی بەرمیلێك نەوت دانراوە کە لە سەرووی ٧٠ دۆلار بێت، ئەوە ڕێژەی (٣٠٪)ـەی کە مانگانە پارەیەکی زۆریش دەکات، تەرخان بکرێت بۆ دانەی پاشەکەوتەکەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی (١٢٪) و زۆربەی لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو پڕۆژە و پێشنیارەی ئێمەدا بوون، کە ئەمەش جێگەی دڵخۆشی بوو بۆ ئێمە، بەڵام بەداخەوە ئەو لایەنە شیعانەی کە پێشتریش لە پڕۆژە یاسایی بودجە دژی هەرێمی کوردستان بوون، ئەوەیان قبووڵ نەکرد، بە بیانووی ئەوەی کە ئەو پاشەکەوتە لەلایەن هەرێمەوە بڕاوە، دەبێت خۆیان بەرپرسیاریەتی هەڵگرن، ئێستاش هەوڵ و کارکردنمان لەسەر گێڕانەوەی پاشەکەوتی فەرمانبەرانی هەرێم هەیە کە دەبێت حکومەتی عێراقیش بەرپرسیاریەتی خۆی تێدا هەڵبگرێت.

*** لەم بودجەیەدا بڕیار دراوە نزیکەی ٩٠٠ هەزار فەرمانبەر لە عێراقدا دابمەزرێن، بەڵام**

**هەندێ لایەنی سیاسی حەز بە قەوارەی هەرێمی کوردستان ناکەن و لەناو لێژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانن و ئەوانیش ڕۆڵی خراپیان گێڕاوە و دەستکاریی هەندێ بڕگە و ماددەیان کرد**

**ئەو ماددەیە کە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان (١٢,٦٧)ـە لە ناو یاسای بودجەدا بۆ سێ ساڵ جێگیر کرا و بە هیچ بیانوو و کێشەیەک حکومەتی فیدڕاڵی ناتوانێت ئەو بودجەیە ڕابگرێت**

**ئەو یاسای بودجەیەی پەسند کراوە، سەرەڕای کەموکوڕییەکانی دەبێتە هۆی ئەوەی ئابووریی کوردستان زیاتر گەشە بکات و مووچەی فەرمانبەران کێشە و گرفتی نەبێت**

**ئەو بڕە پارەیەی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە یاسای بودجەی عێراقی فیدڕاڵ دانراوە، بەتاییبەت بەراورد بە حەشدی شەعبی زۆر کەمە، بەڵام بە زۆرینە ئەو بڕگەیە تێپەڕی و پەسند کرا، بەڵام لە ڕووی مەعنەوییەوە زۆر گرنگە و ئیعترافکردنە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان**



**پشکی کوردستان زۆر کەمە و وەك باس دەکرێت تەنیا ٣٧ هەزارە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەمە کە ڕێژەیەکی زۆر کەمە بۆچی نەتانتوانی زیادی بکەن؟**

- بێگومان هەوڵمان دا بۆ زیادکردنی ڕێژە و ژمارەی دامەزراندن بۆ هەرێمی کوردستان لەوەی کە بۆی دانراوە، بەڵام لەو لایەنەشەوە دیسان لە ناو ئەنجومەنی نوێنەران زۆرینە ڕۆڵی خۆیان دیت، بەو شێوەی ئەو پرسە دانرابوو، تێپەڕی، هەروەها لەلایەکی دیکەوە دەبینین سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر هەوڵ و پلانەکان بۆ ئەوەیە دامەزراندن لە کەرتی تایبەت زیاتر بێت، چونکە ئەو ڕێژە زۆرەی دامەزراندن کە لە عێراق دەکرێت بە ڕەوا و ڕاستی نازانین، لەبەر ئەوەی ڕۆژێك دادێت کە ئەو دامەزراندنە زۆرە دەبێتە هۆی دارمانی دەوڵەت، بەتایبەت لە کاتێکدا نرخی نەوت لە (٧٠) دۆلار دابەزێت، بۆ نموونە بۆ (٦٥) دۆلار ئەوە عێراق ناتوانێت ئەو ژمارە زۆرەی فەرمانبەران کە هەیانە مووچەیان بۆ دابین بکات.

*** سەبارەت بەو فەرمانبەرانەی کە لە سنوری پارێزگای کەرکووك و نەینەوان و حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەیان پێ دەدات، پرسیار ئەوەیە بۆچی نەتانتوانی ئەم فەرمانبەرانە بخەنەوە سەر پارێزگاکانی خۆیان، بۆچی لایەنی عەرەبی دژی ئەم پێشنیارەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بوون؟**


- بەداخەوە ئەمە لە تێڕوانینێکی شۆڤینی لەلایەن چەندین پەرلەمانتاری عەرەبەوە خۆی دیتەوە و دژی وەستانەوە، کە لە هەقیقەتدا لەو کاتەدا عەقڵییەتە ناوەندی و دەمارگیری و شۆڤینییەکان لە عێرافدا دژی کورد زۆر بە جوانی خۆی دەرخست، کە قبووڵیان نەکرد ئەو مامۆستایانەی لە خوێندنی کوردی لەو سنوورانەی ماددەی ١٤٠دا لە پەروەردەی کوردی وانە دەڵێنەوە و دامەزراون، بخرێنە سەر حکومەتی فیدراڵی، هەر بۆیە ئەو بڕگەیە نەك هەر پەسەند نەکرا، بەڵکو بووە جێگەی نارەزایی و قبووڵ نەکرا.

**پێشتر لە یاساکانی دیکەی بودجە باس لە پێشمەرگە بەو شێوەی ئێستا نەکراوە، بەڵکو پێش ئێستا هێزی پێشمەرگە لەگەڵ پاسەوانی سنوور، یان بە ناوی ئاسایشی نیشتمانی و جۆری دیکە ناوی هاتووە**

**داواکارین لە هەموو لایەنەکانی هەرێمی کوردستان لە بابەت و یاساکانی دیکەی وەک نەوت و غاز و ماددەی ١٤٠ هەماهەنگ و یەک ڕیز و یەک هەڵویست بین**

# نەبوونی دیالۆگ

## فەلسەفەی ناکۆکیی زارەکی لە هەرێمی کوردستان



**دکتۆر سامان سۆرانی**

دکتۆرا لە فەلسەفە، زانکۆی هایدڵبێرگ، ئەڵمانیا

بۆ گوڵانی نووسیوە

ماوەی چەند مانگێکە لە میدیاکانی هەرێمی کوردستان گوێبیست و بینەری دەق و وتاری زبر و توندی پڕ لە هەڵچوونین، کە بەرهەمی سیاسەت و کەلتووری ئەو حزب و جووڵە و ڕەوتانەیە، کە لە دەیەکانی ڕابردوو کادیر و لایەندارانی خۆیان پێ پەروەردە کردووە.

ئەمڕۆ قسەکردن دەربارەی ناکۆکیی زارەکی لە نێوان حزبەکانی هەرێمی کوردستان بووە بە ڕاستییەکی تاڵ. هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ئەم ناکۆکییە و بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڕێبازە سیاسییە نەزۆکە زەروورەتێکی ئەخلاقییە، بۆیە کارکردنی جددی و بەردەوام بۆ گەڕانەوەی متمانە لە نێوان ئەندامانی ئەو حزب و بزاڤانە لەسەر بنەمای چاندنی هزری دیموکراسی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی کەلتووری دیالۆگ گرینگ و پێویستە.

گفتوگۆی نێوان لایەنەکان سەرەڕای توندوتیژیی ناوەڕۆکەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی مرۆڤایەتیی ماوە بەسەرچوو، نەوەك بۆ ئەم سەردەمە، کە سەردەمی کۆمپیوتەر و بەرهەمهێنانی نەرم و کارمەندانی زانیاری و کۆمەڵگەی ئینتەرنێتی ڤێرچواڵە.

بابەتەکە ئێستا ئەوە نییە، بزانرێ کام یەك لەم حزبانە لە ڕابردوودا زیاتر هەوڵی داوە بۆ چەسپاندنی بەهاکانی هاووڵاتیبوون و خۆشەویستیی نیشتمان و بەرگریکردن لە قەوارەی کوردستان، بەڵکو پێویستە واز لە پیرۆزکردنی بیرۆکەکان بهێنین، بۆ ئەوەی بتوانین بەشدار بین لە دامەزراندنی کەشێکی نوێی بیرکردنەوە، کە بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕانەی کۆن و قسەی بریقەدار تێپەڕێنێت، ئەو بیرکردنەوانەی کە ناتوانن لە ڕووداوەکان و دروستکردنی جیهان تێبگەن.

با لەو دراوە هزرییانە گەڕێین، کە لە ناوخۆ ناکۆکی و باری لە ناکاو دروست دەکەن و کۆمەڵگە بەرەو شەڕی ناخۆ ڕادەکێشن، تا ناوی چاکسازی و ئازادی نەبێ بە بەدکار و جەللاد و هەموو سنوورەکان و ماف و پیرۆزییەکان پێشێل نەکرێ. چارەنووسی ململانێ لەپێناو دەسەڵات، بە بەکارهێنانی توندوتیژی وا لە کۆمەڵگەکەمان دەکات، باجێکی زۆر قورس بدات، خوێنڕشتن و وێرانکاری لێ دەکەوێتەوە، سەرکوتکردن و بەفیڕۆدانی لێ شین دەبێت، هەروەها ناکۆکیی ناوخۆیی دروست دەکات، شەڕی گەورە و کۆچی بەکۆمەڵ، تیرۆری مرۆڤ، ڕیشەکێشکردن و ڕاپێچکردنی ئەو کەسانەی لێ دەکەوێتەوە، کە جیاواز بیر دەکەنەوە بە عەقڵی داخراو و چەقبەستوو.

هەر کەسێك بیر لە چارەنووسی بیردۆزە زیرەکەکان و پڕۆژە فراوانەکان بکاتەوە، کە لەسەر ئەفسانەکانی ئازادی و بنەماکانی دادپەروەری و یەکسانی بنیاد نراون، بۆی دەردەکەوێت کە هەر ئەوانە بوون، کە ڕژێمە فاشیستییەکان و فەناتیسمەکانیان دامەزراندووە و ناسنامە داخراوەکان و کۆمەڵگە

**جەنابی سەرۆک بارزانی لە دوا پەیامی خۆی ئاماژەی بەوە کرد، کەوا ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ناو هۆڵی پەرلەمان دەمامکی ئەو لایەنانەی داماڵی و ڕوخساری ڕاستەقینەی ئەو لایەنە شۆڤێنییانەی دەرخست، کە ڕێز لە بەڵێن و واژۆکانی خۆیان و ڕێز لە دەستوور ناگرن**

هەژارەکانیان بەرهەم هێناوە، ئەوانە بە بەرهەمەکانیان دەناسرێنەوە.

ئەمڕۆ بونیادنانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە هەموو کاتێ زیاتر پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگی نێوان حزبەکانی دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵات هەیە، لە پێناو دەستنیشانکردنی قەیرانی ئێستا بە شێوەیەکی زانستی و ورد و وەگەڕخستنی بیرۆکەکان و بەکارهێنانی وزە کرداریيەکان بۆ خستنەڕووی چارەسەری بونیادنەر و گونجاو و واقعی و میانڕەو، کە بگونجێت لەگەڵ ئەم دۆخە سیاسییە تایبەتەی کوردستان، تا بگەین بە گەشەسەندن و دادپەوەریی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پاراستنی.

ئەو لایەنانەی کە بە چاوی تۆمەت دەڕواننە کارەکانی حکومەت و وەکو ڕۆژی قیامەت چاوەڕوانی موحاسەبەکردنی حکومەتن، مەبەستیان چاکسازی نییە، بەڵکو هەوڵ دەدەن، نکۆڵی لە سەرجەم لایەنە ئەرێنییەکانی پەیوەست بە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و داد بکەن، پەنا بۆ نەیارەکانی هەرێمی کوردستان دەبەن، تا لە ڕێگەی ئامرازەکانی دەسەڵاتی فیدراڵ سزای حکومەت و گەلی کوردستان بدەن.

ئەو لایەنانە مەبەستیان کەلێنێکی گەورە بکەوێتە نێو ماڵی کوردستان و جەستەی کوردستان لەت لەت بێت. پێویستە ئێمە ڕێگر بین لەوەی ڕەشەبا و گەردەلوولی دەرەکی بەسەر هەرێمی کوردستاندا هەڵ بکات.

ئەوی ئەمڕۆ پێویستمان پێی هەیە، ئەوەیە کار بۆ گۆڕینی شێوازەکانی دیدگامان بکەین، میکانیزمەکانی بیرکردنەوە و ڕێساکانی کارکردن و بونیادنانمان بە نموونەی نوێ و عەقڵیەتێکی داهێنەرانە پڕ جەك بکەین، لۆژیکێکی ئاشتییانە و مەدەنیی دوولایەنە بەکار بهێنین.

نابێت تا ماندوو دەبین هەر خەریکی هەڵکۆڵینی برینی کۆن بین و خۆخۆرانە کار بۆ لاوازبوونمان بکەین و ئەوەش بدۆڕێنین، کە بە دەستمان هێناوە.

پێویستە بە عەقڵێکی بونیادنەری کار بۆ ئایندە بکەین، دەرفەت بڕەخسێنین بۆ نوێکردنەوەی میکانیزمەکان و کەرەستەی گفتوگۆکانمان، تا بتوانین ڕۆڵ بگۆڕین و داهێنان لە ئەرکەکانمان بکەین، ئەوەش ئاشکرایە کەوا بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی فیکری و سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی هیچ ڕێگەیەکی ترمان نییە، بێجگە لە گفتوگۆ و ڕێزگرتن لە بەها نیشتمانییەکان و لە بۆچوونی ڕای بەرانبەر و پشتبەستن بە عەقڵێکی ڕۆشنگەرایی.

ڕاستە دیموکراسییەت فیردۆسێکی نزیك نییە، بەڵکو دەرفەتێکی ڕەخساو و ئەگەرێکی کراوەیە، تا بتوانین بە باشترین شێوە لە سایەی ئەو ڕاستی و گۆڕانکارییانە خۆمان بگۆڕین، بە مەرجێ بە زمانی ئیمکان و داهێنان و بە عەقڵێکی کراوە و سازگار مامەڵە بکەین.

با دەستبەرداری ئەو عەقڵییەتە بین، کە کەسانی بەرانبەر، بە کەم و سادە و نەزان دادەنێن، بە داخەوە هەندێ لەو کەسانەی کە خۆیان بە بیرمەند دادەنێن، حوکمی ڕەها دەدەن و هەڵسەنگاندنی گشتگیر دەکەن و دەڵێن ئێمە ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتین، لە کاتێکدا بە کەرەستەی ژەنگاویی ڕابردوو سەنگەرگیری دەکەن.

جەنابی سەرۆك بارزانی لە دوا پەیامی خۆی ئاماژەی بەوە کرد، کەوا ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ناو هۆڵی پەرلەمان دەمامکی ئەو لایەنانەی داماڵی و ڕوخساری ڕاستەقینەی ئەو لایەنە شۆڤێنییانەی دەرخست، کە ڕێز لە بەڵێن و واژۆکانی خۆیان و ڕێز لە دەستوور ناگرن، جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە، کەوا هەرێمی کوردستان موڵکی گەلی کوردستان و بەرهەمی خوێنی شەهیدان و خەباتی ڕزگاریخوازییە و هەرێم هێڵی سوور و هێڵی مەرگە و هەموومان لە پێناوی گیان بەخت دەکەین. بۆیە پێویستە هێزە کوردستانییەکان یەك ڕیز و یەك دەنگ بن و پێکەوە کار بۆ زامنکردنی مافەکانی گەلی کوردستان بکەن، ڕێگە نەدەن کەسانی زیانبەخش و نەیار قەوارەی هەرێم لاواز بکەن و دامەزراوەکانی تێك بدەن، تا ئەزموونی دیموکراسیەت لە هەرێم سەرنەکەوێت.

ئێمە نیشتمانێکمان ناوێت، لەسەر دیواری ڕق و کینە لە سێدارە بدرێت. ئێمە نیشتمانێکمان ناوێت، کە وەکو پووشی پاییز بشکێ، یان وەکو باڵندەیەکی ئازاد لە تاراوگە و دوور لە نیشتمان بمرێ.

جۆن لۆکی فەیلەسووف و بیرمەند و دانای ئینگلیزی دەڵێت: «ئەگەر لە شوێنی بەرزەفڕ بووم، کە لەوانەیە نەتوانم بۆشاییەکەی ژێر خۆم پڕ بکەمەوە، ئەوا کەوتنم لەو شوێنەوە بۆ خوارەوە تۆقێنەر دەبێت و دەنگێکی گەورە دەداتەوە.»

لە کۆتاییدا ئێمەش دەڵێین: با پشت بە خۆمان ببەستین و پێکەوە نیشتمان ئاوەدان بکەین، چونکە ئەو کەسەی پێش نەکەوێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە پاشەکشە دەکات. ئەو کەسەی نەتوانێ دۆخی ئێستای خۆی و تایبەتمەندییە سیاسییەکانی بخوێنێتەوە، ئەوا گۆڕانکارییەکان بە پەراوێزخراوی دەیهێڵنەوە و واقیع تۆڵەی لێ دەکاتەوە.

**ئەوی ئەمڕۆ پێویستمان پێی هەیە، ئەوەیە کار بۆ گۆڕینی شێوازەکانی دیدگامان بکەین، میکانیزمەکانی بیرکردنەوە و ڕێساکانی کارکردن و بونیادنانمان بە نموونەی نوێ و عەقڵیەتێکی داهێنەرانە پڕ جەک بکەین**

**بە داخەوە هەندێ لەو کەسانەی کە خۆیان بە بیرمەند دادەنێن، حوکمی ڕەها دەدەن و هەڵسەنگاندنی گشتگیر دەکەن و دەڵێن ئێمە ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتین، لە کاتێکدا بە کەرەستەی ژەنگاویی ڕابردوو سەنگەرگیری دەکەن**

**ئێمە نیشتمانێکمان ناوێت، لەسەر دیواری ڕق و کینە لە سێدارە بدرێت. ئێمە نیشتمانێکمان ناوێت، کە وەکو پووشی پاییز بشکێ، یان وەکو باڵندەیەکی ئازاد لە تاراوگە و دوور لە نیشتمان بمرێ**

دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆری ئولریک بروکنەر بۆ گوڵان:

# شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا شەڕێکی هەرێمایەتی نییە و لەسەر خاکیش نییە

**ئولریك بروكنەر، پرۆفیسۆری دیراساتی ئەورووپییە لە زانكۆی ستانفۆرد لە بەرلین. پێشتر مامۆستا بووە لە بەشی زانستە سیاسییەكان لە زانكۆی بەرلینی ئازاد و وانەبێژ بووە لە زانكۆی فودان لە شانگهای، زانكۆی سابانجی لە ئەستەنبول و زانكۆی لیوبلیانا لە سلۆڤینیا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەكدا چەند پرسێكی لەگەڵدا تاوتوێ كرد كە پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا و بەرەوپێشچوونی ئەم شەڕە و هۆكارەكانی درێژەكێشان و بەردەوامبوون و دەرئەنجام و دەرهاویشتەكانی.**

* پێش هەڵگیرسانی شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا زۆر كەس پێیان وابوو كە شەڕێكی لەم چەشنە دووره لەوەی ڕوو بدات، دوای بەرپابوونیشی هەندێ پێشبینی هەبوون كە شەڕەكە درێژە ناكێشێت و لە ماوەیەكی كەم و لە زەمەنێكدا كورتدا كۆتایی پێ دێت و یەكلا دەبێتەوە، بەڵام ئەوە بوو ئەم شەڕە هەڵگیرسا و ئەوەتا درێژەشی كێشاوە، خوێندنەوە و شرۆڤەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟

- سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بكەم، هەر كەسێك كە پێی وا بوویێت كە ئەم شەڕە كورتخایەن دەبێت و لە ماوەیەكی كەمدا یەكلا دەبێتەوە، ئەوا لەسەر كۆمەڵێك ئەگەر و گریمانەی ناڕوون ئەم پێشبینییەی كردبوو. ئەمە جگە لەو كەسانەی كە پێشبینییەكانیان لەسەر ئەو بنەمایە بنیاد نابوو كە ئۆكرانییەكان ئیرادە و گیانی بەرهەڵستی و شەڕكردنیان نییە و ئەگەر هەشیان بێت، ئەوا ئامرازە و چەك و پێداویستییان بۆ ئەم شەڕە نییە، بەم شێوەیە شەڕەكە لە ماوەی چەند ڕۆژێكدا كۆتایی پێ دێت و تەواو دەبێت. بە چەشنی ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٦دا بەسەر وڵاتی هەنگاریادا هات، یان ئەوەی لە پراگ ڕووی دا لە ساڵی ١٩٦٨دا، یان خەفەكردنی ڕاپەرینی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، كاتێك یەكێتیی سۆڤیەت لە ڕێی تانكەكانەوە دەستێوەردانی كرد و دۆخەكە لە ماوەی چەند ڕۆژێكدا كۆتایی هات. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە كە ئەمە پاشخان و بنەمای بیركردنەوەی ئەو شرۆڤەكارانەیە كە پێیان وابوو ئەم جارەش ڕووسیا بە ئاسانی و بە ماوەیەكی كەم دەتوانێت دۆخەكە كۆنترۆڵ بكات و لە بەرژەوەندیی خۆی یەكلای بكاتەوە. ئەوەی ئەم شرۆڤەكارانە لەبەر چاویان نەگرتبوو، دۆخی سوپای ئۆكرانیا و ڕاددەی ئامادەیی ئەم سوپایە و هەروەها كاریگەریی كەسایەتیی سەرۆكی

**كاریگەریی كەسایەتیی سەرۆكی ئۆكرانیا (ڤیۆدۆر زینلیسكی) بوو كە توانی یەكهەڵوێستی و یەكگرتوویی لە نێو گەلەكەیدا بێنێتەئاراوە**

**مەسەلەکە ئەوە نەبوو کە ڕووسیا هەڕەشەیەکی وجوودی لەسەر بێت بە هۆی ئەوەی ناتۆ لە ڕێی ئۆکرانیاوە هەڕەشە و مەترسی لەسەر ڕووسیا دروست بکات، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەبوو کە ئۆکرانیا بەرەو دۆخێکی باشتر هەنگاوی هەڵدەگرت**

**دەوڵەتە ئەندامەکانی ناتۆ سیستمی پەرلەمانین و هیچ پەرلەمانێکی ئەو دەوڵەتە ئەندامانە دەنگی نەدەدا بۆ ئەوەی وڵاتەکەی بەشدار بێت لە هێرشکردنەسەر گەورەترین هێزی ناوکی لە ڕۆژهەڵاتی کیشوەرەکەیانەوە**

**ڕووسیا تەنیا مەبەستی ئەوە بوو کە ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێی خەڵکەکەی بورووژێنێت، بۆ ئەوەی خەڵکی ڕووسیا ئایندەی خۆیان بکەنە قوربانیی بێ مانایيەک کە تەنیا لە شەڕێکی لەم چەشنەوە سەرچاوە دەگرێت**

**لە ئێستادا دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵکی ڕووسیا بەرەو خراپ دەچێت، بەڵام سەرۆک پوتین دەیەوێت ترس و دڵەڕاوکێ لای خەڵک دروست بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت لە دەوری ئەرکێکی هاوبەش کۆیان بکاتەوە**

ئۆکرانیا (ڤیودۆر زینلیسکی) بوو کە توانی یەکهەڵوێستی و یەکگرتوویی لە نێو گەلەکەیدا بێنێتەئاراوە و ئەو هەستەی لای خەڵکەکەی خوڵقاندووە کە هەموو کەسێك پاڵەوانە و هەموو کەسێك ئامادەیی تێدایە گیانی بەخت بکات بۆ وڵات و نیشتمانەکەی. کە پێم وایە ئەمە پرسێك بوو لەبەرچاو نەگیرابوو لە کاتی پێشبینیکردنی ئەوەی تا چەند ئەم شەڕە ئەگەری ئەوە هەیە درێژە بکێشێت. هەروەها پرسێکی دیکە کە ئەو شرۆڤەکارانە پێشبینییەکانی خۆیان لەسەر بنیاد نابوو، ئەوە بوو کە ڕووسیا هێزێکی باڵایە- سوپەر پاوەر- و ئۆکرانیاش ماوەیەکی زۆر نییە کە وەك دەوڵەتێکی نەتەوەیی بوونی هەیە و لە ئارادایە.

*** بەڵام ئێستا و لە ڕاستیدا پێشتریش دەرکەوتووە، ئەمە شەڕێکە ڕووسیا ناتوانێت بە ئاسانی و بە ماوەیەکی کەم بۆ بەرژەوەندیی خۆی یەکلایی بکاتەوە، ئیتر بۆچی ڕووسیا پێداچوونەوە بە بڕیار و هەڵوێستی خۆیدا ناکات و بۆچی بە ئاراستەیەکدا کار ناکات کە ببێتە هۆی گرتنەبەری ڕێگاچارەیەکی دیکەی ناسەربازی بۆ یەکلاکردنەوەی شەڕەکە؟**

- لە ڕاستیدا من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە هەر خودی هەڵگیرساندنی شەڕەکە بۆ زۆر کەس و بە خۆشمەوە مایەی سەرسامی و سەروسوڕمانە، چونکە بۆچی ڕووسیا کە گەورەترین وڵاتە لە ڕووی ڕووبەرەوە، دێت شەڕ بەرپا دەکات بۆ دەستبەسەرداگرتنی خاکی دەوڵەتێکی دراوسێی؟ مەبەستم ئەوەیە ڕووسیا پێویستی بە داگیرکردن و کۆنترۆڵکردنی خاکی زیاتر نییە. لەم ڕوانگەیەوە من دەتوانم بڵێم ئەمە شەڕ و ناکۆکییەك نییە لەسەر خاك و شەڕێکی هەرێمایەتیش نییە، بەڵکو لەوە گەورەترە، بەڵام هەرچۆنێك بێت، پرسیارە بنەڕەتییەکە- هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێ کردووە- ئەوەیە تا چەند پوتین دەیەوێت درێژە بەم دۆخە و بەم شەڕە بدات.

*** بەڵام ئەگەر پرسیارەکەی پێشوومان دووپات بکەینەوە و لە کۆتایی وەڵامەکەی ئێوەشەوە ئەو پرسیارە بکەینەوە، ئایا سەرۆك ڤلادمیر پوتین دەیەوێت بە درێژەپێدانی ئەم شەڕە چ دەستکەوتێك بە دەست بهێنێت، بەتایبەتی کە تا ئێستا ڕووسیا جگە لە زیانی سەربازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گوشاری دارایی و ئابووری دەستکەوتێکی گەورە و بەرچاوی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە؟**

- هەروەم ئاماژەم پێ کرد، ئێمە لە بنەڕەتەوە نازانین هۆکاری ڕاستەقینەی هەڵگیرساندنی ئەم شەڕە چییە بۆ ئەوەی لەسەر ئەم بنەمایە شرۆڤەکاری و خوێندنەوە بکەین بۆ شەڕەکە. چونکە ئەگەر ئێمە لە چەندین لێدوانی سەیر و سەمەرەی ڕووسیا بڕوانین، وەك ئەوەی دەبێت ئۆکرانیا لە نازیەت دابماڵدرێت- ئەمە سەرباری ئەو ڕاستییەی کە خودی سەرۆکی ئۆکرانیا کەسێکی جوولەکەیە-، هەروەها پێداگریی ڕووسیا لەسەر ئەوەی دەبێت ئۆکرانیا لە چەك دابماڵدرێت، کە ئەمەش لێدوان و پێداگرییەکی بێمانایە، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئۆکرانیا ڕووبەڕووی دەوڵەتێکی دراوسێی دەستدرێژیکار بووەتەوە و پێشێلکارییەکی گەورەی یاسای نێودەوڵەتی بەرانبەر کراوە. مەبەستم ئەوەیە هەر وڵاتێك ڕووبەڕووی ئەم پێشێلکاری و دەستدرێژکارییانە ببێتەوە، ئەوا هێندەی دەتوانێت بەرهەڵستی و بەرگری دەکات. کەواتە ئەوە تێڕوانینێکی بێ مانایە کاتێك باس لەوە دەکرا کە ئۆکرانیا بووەتە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی بە هۆی ئەوەی ئەو وڵاتە بووەتە وڵاتێکی نازی. کەواتە مەسەلەکە ئەوە نەبوو کە ڕووسیا هەڕەشەیەکی وجوودی لەسەر بێت بە هۆی ئەوەی ناتۆ لە ڕێی ئۆکرانیاوە هەڕەشە و مەترسی لەسەر ڕووسیا دروست بکات، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەبوو کە ئۆکرانیا بەرەو دۆخێکی باشتر هەنگاوی هەڵدەگرت، کاتێك پێی وابوو ئایندەی وڵاتەکەی باشتر دەبێت، ئەگەر بێت و لە ڕۆژئاوا نزیك ببێتەوە. واتە ئەمە دەبووە هۆی باشترکردنی باروگوزەران و ژیانی ئۆکرانییەکان بەراورد بە ژیانی ڕووسەکان، کە ئەمەش لە دەرئەنجامدا دەبووە هۆی ئەوەی خەڵکی ڕووسیا ژیان و گوزەرانی خۆیان بە خەڵکی ئۆکرانیا بەراورد بکەن، کە ئەم کارەش سەری دەکێشا بۆ لاوازبوونی میسداقییەتی دەسەڵاتی ڕووسیا لە تێڕوانینی خەڵکەکەیەوە. من پێم وایە ئەمە زیاتر ڕێی تێدەچێت وەك لەو بانگەیەشەی کە ڕووسیا



برەوی پێ دەدا کە گوایە ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسیی نەمان بووەتەوە لەلایەن ناتۆوە، چونکە پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ناتۆ دێت و هێرش دەکاتە سەر ڕووسیا، کە ئەمە ڕێی تێ نەدەچوو. چونکە دەوڵەتە ئەندامەکانی ناتۆ سیستمی پەرلەمانین و هیچ پەرلەمانێکی ئەو دەوڵەتە ئەندامانە دەنگی نەدەدا بۆ ئەوەی وڵاتەکەی بەشدار بێت لە هێرشکردنەسەر گەورەترین هێزی ناوکی لە ڕۆژهەڵاتی کیشوەرەکەیانەوە. ئەمە هیچ لۆژیکێکی تێدا نییە، مەبەستم ئەوەیە هیچ یەکێك لەو وڵاتانە خوازیاری ئەوە نەبووە کە ڕووسیا تێك بشکێنێت و نەیدەویست هەوڵی داگیرکردنی ڕووسیا بدات کە پێنج تەوقیتی کاتی جیاواز لە وڵاتەکەیدا هەیە. کەواتە ئەمانە هەموو بانگەشەی بەتاڵ بوون و ڕووسیا تەنیا مەبەستی ئەوە بوو کە ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێی خەڵکەکەی بورووژێنێت، بۆ ئەوەی خەڵکی ڕووسیا ئایندەی خۆیان بکەنە قوربانیی بێ مانایەك کە تەنیا لە شەڕێکی لەم چەشنەوە سەرچاوە دەگرێت. هەر چۆنێك بێت لە ئێستادا دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵکی ڕووسیا بەرەو خراپ دەچێت، بەڵام سەرۆك پوتین دەیەوێت ترس و دڵەڕاوکێ لای خەڵك دروست بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت لە دەوری ئەرکێکی هاوبەش کۆیان بکاتەوە، لەم ڕووەوە پێم وایە سەرۆك پوتین پێی وایە هەڵگری ئەرك و پەیامێکە کە دەبێت بیهێنێتەدی و ئەمەش کاری وڵاتانی ڕۆژئاوا دژوارتر دەکات، چونکە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەیانەوێت لە ڕێی هاوکاریکردنی ئۆکرانیا باجی شەڕەکە لەسەر ڕووسیا قورستر و گرانتر بکەن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کەسێك، یان سەرۆکێك کە پێی وایە سەرگەرم و سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەرکێکە نایەت لەو زیانانە ورد ببێتەوە کە ڕووبەڕووی بووەتەوە، لە دەرئەنجامدا بە ئاراستەیەك بیر ناکاتەوە کە ببێتە هۆی پێداچوونەوە بە بڕیاری شەڕەکە و ئەگەری گۆڕینی بڕیارەکەش. چونکە ئێمە دەزانین کە کەسانی وەك جۆزێف ستالین ئەم کارەیان نەکرد، هیتلەریش بەم شێوەیە بیری نەکردەوە، ئیتر بۆچی پوتین کارێکی لەم چەشنە بکات. ئێوە بڕوانن کە سزاکان بارێکی سەخت و دژواری بۆ خەڵکی ڕووسیا دروست کردووە، بە بێ ئەوەی کاریگەریی ئەوتۆ بکاتەسەر بڕیاربەدەستانی ئەو وڵاتە، هەروەها ئەم دۆخە نەبووەتە هۆی ئەوەی سەرۆك پوتین دەست لە بە قوربانیکردنی هەزاران گەنجی گەلەکەی و ئایندەی وڵاتەکەشی هەڵبگرێت.

**وڵاتانی ڕۆژئاوا دەیانەوێت لە ڕێی هاوکاریکردنی ئۆکرانیا باجی شەڕەکە لەسەر ڕووسیا قورستر و گرانتر بکەن**

**سزاکان بارێکی سەخت و دژواری بۆ خەڵکی ڕووسیا دروست کردووە، بە بێ ئەوەی کاریگەریی ئەوتۆ بکاتەسەر بڕیاربەدەستانی ئەو وڵاتە**



**جومانە کرادشە**

**پەیامنێری تۆڕی میدیایی (CNN)بۆ گوڵان:**

# لە ڕێگەی ئەرکەکەمەوە هەوڵم داوە، دەنگی ئافرەتانی ستەملێکراو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بگەیێنمە هەموو جیهان

**جومانە کرادشە، پەیامنێری تۆڕی میدیایی (CNN) لە نووسینگەی لەندەن، لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە دۆخی خانمانی میدیاکار لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی دەکات، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە توانا و لێهاتوویی میدیاکارانی ئافرەت هیچیان لە میدیاکارانی پیاو کەمتر نییە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

*** جومانە کرادشە، زیاتر بەوە ناسراوە کە لە ڕووماڵکردنی جەنگ و شوێنە مەترسیدارەکان ڕاستەوخۆ هەواڵەکان دەگوازێتەوە، ئایا سەرەتای دەستپێکردنت وەکو خانمێکی پەیامنێر لەو بوارەدا سەخت نەبوو؟**

- لە ساڵی ٢٠٠٦ ـەوە لەگەڵ سی ئێن ئێن وەکو پەیامنێر کاردەکەم، یەکەم کارم لە دەرەوەی ناوچەکەم عێراق بوو دوای ئازادکردنی، سەرەتای دەست بە کاربوونم لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦ تاوەکو ٢٠١١ زۆرترین کارکردنم لە عێراق بووە و ڕووماڵی هەواڵەکانم کردووە، دواجار لە ساتەوەختی پەلاماردانی داعش بۆ شنگال جارێکی دی هاتمەوە بۆ عێراق، هەمیشە حەزم کردووە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کارەکانم چڕ بکەمەوە، لەبەر ئەوە زۆرترینی کارەکانم و دەرچوونم بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

*** ئایا لە ئێستادا بارودۆخی خانمانی میدیاکار بە گشتی و خانمانی میدیاکار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن دەبینیت؟**

- بەراورد بەو کاتانەی کە ئێمە دەستمان بە کاری ڕۆژنامەوانی کرد، دەبینین لەم چەند ساڵەی دواییدا، ڕەوتی ڕۆژنامەنووسانی مێینە وەرچەرخانێکی گەورەی دروست کردووە و ڕێژەیەکی زۆرباشی خانمان لەم مەیدانە کاردەکەن، ژمارەیەکی زۆر لە کچانی تازە پێگەیشتوو بە هۆی خۆشەویستییان بۆ کاری میدیایی تێکەڵ بە بواری ڕاگەیاندن بوون. لە ڕابردوودا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کارکردن لە بواری میدیایی بۆ ئافرەت نەك ئاسان نەبوو، بەڵکو زۆریش نامۆ بوو بە کەلتووری ئەو ناوچەیە، چونکە ئەگەر ڕاستگۆیانە قسە بکەین، نەك تەنیا کارکردن لە ڕاگەیاندن، بەڵکو لە زۆربەی سێکتەرەکانی کاردا کارەکان پیاوانەن، زیاتر لەوەی ژنانە بن. ئەگەر سەیری کاری میدیایی خۆمان بکەین، تێبینی ئەوە دەکەین کە ئێمەی ڕاگەیاندنکاران زۆرترین تەعامولمان لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەرە، بۆ نموونە لەگەڵ بەرپرسەکان و لەگەڵ بەرپرسانی فەرمانگە حکوومییەکان، بەتایبەت ئەگەر بەدواداچوون لەسەر پرسە ئەمنییەکان بکەین.

من کە ساڵی ٢٠٠٣ هاتم بۆ عێراق، تەمەنم ٢٢ ساڵ بوو، خەڵکێکی زۆر لۆمەی باوکمیان دەکرد، کە چۆن ڕێگەی داوە کچێکی گەنج بە تەنیا وڵات بە وڵات بڕوات، باوکیشم لە وەڵامدا پێی گوتبوون، ئەوە ئامانجی خۆیەتی و منیش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی هاوکاری دەبم. واتە پاڵپشتی و هاندانی خێزان بۆ منداڵ بەتایبەت بۆ کچ زۆر گرنگە، ئەگەر پاڵپشتیی کەسە نزیکەکانی ناو خێزان هەبێت، ڕێگەی گەیشتنمان بە خەونەکانمان زۆر نزیکتر دەبێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا لەسەر ئاستی جیهان هەلومەرجی ڕۆژنامەگەری گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە، هاوکات خانمانی ڕۆژنامەنووس بەشدارێکی کاران لەو بوارەدا، تەنانەت لە کاتی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکانی جەنگ و کارەساتە مەترسیدارەکان، چەندان ڕاگەیاندنکاری ئافرەتمان بینی کە لە پرۆسەی ڕووماڵکردنەکان بەشدار بوون، هەموو ئەوانە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە توانا و لێهاتوویی میدیاکارانی ئافرەت هیچیان لە میدیاکارانی پیاو کەمتر نییە.

بە خۆشحاڵییەوە ئەو بەشدارییە کارایەی خانمان لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ڕەنگی داوەتەوە و، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئافرەتان لە بواری میدیایی سەرکەوتنی گەورەتر تۆمار دەکەن، ئافرەتانی هەرێمی کوردستان بە نموونە کە لە ڕووماڵکردن و هەواڵسازی شانبەشانی پیاو دەچنە بەرەکانی جەنگ و هێڵی پێشەوەی جەنگ، ئەوەش بۆ خودی خانمانی میدیاکار

**لەم چەند ساڵەی دواییدا، ڕەوتی ڕۆژنامەنووسانی مێینە وەرچەرخانێکی گەورەی دروست کردووە و ڕێژەیەکی زۆرباشی خانمان لەم مەیدانە کاردەکەن**

**نەک تەنیا کارکردن لە ڕاگەیاندن، بەڵکو لە زۆربەی سێکتەرەکانی کاردا کارەکان پیاوانەن، زیاتر لەوەی ژنانە بن**

**ئەگەر پاڵپشتیی کەسە نزیکەکانی ناو خێزان هەبێت، ڕێگەی گەیشتنمان بە خەونەکانمان زۆر نزیکتر دەبێت**

دەستکەوتێکی گەورەیە، بە حوکمی کارەکەم لە ماوەی کارکردنم چەندین جار سەردانی هەولێرم کردووە، هەر جارێك کە هاتووم، هەولێرم بە گەورەتر و ڕازاوەتر و پێشکەوتووتر بینیوە، بە تایبەت لەڕووی فراوانیی ڕێگاوبان و زۆربوونی باڵەخانەی سەرنجڕاکیش، ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە هەولێر ساڵ بە ساڵ و بەردەوام لە گەشەسەندندایە. بەڵام بەداخەوە لە هەندێك دەزگای ڕۆژنامەوانیی جیهانی، جیاوازی لە نێوان مووچەی ئافرەت و پیاو دەکرێت و پارەی کەمتر بە ئافرەت دەدرێت، ئەوەش پێشێلی مافی ئافرەتە کە یەکسانی ڕەچاو ناکرێت و، ماندوو بوونی ئافرەت بێ بەها وێنا دەکەن، ئەوەش تا ئەمڕۆ بەردەوامە و گەورەترین کێشەی ئەمڕۆی خانمانی میدیاکارە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، بە خۆشحاڵییەوە ئەو دیاردەیە لە تۆڕی میدیایی سی ئێن ئێن بوونی نییە.

*** بەپێی ئەزموونی کارەکەت ئەو ئاستەنگانە چین کە ڕووبەڕووی خانمانی میدیاکار دەبێتەوە؟**

- کێشەی سەرەکیی ئێمەی خانمان ئەوەیە کە ئاسان نییە بتوانین هاوسەنگی لە نێوان کار و ماڵدا ڕابگرین، چونکە کاری میدیایی کات و ساتی دیاریکراوی نییە، بەڵکو کارەکە بەردەوامە، بەڵام میدیاکار تاوەکو کاری مەیدانی نەکات، ناتوانێ ببێتە میدیاکارێکی سەرکەوتوو، من ئەو ئەزموونەی کە هەمە، هی ئەوە نییە کە بەشی ڕاگەیاندنم تەواو کردووە، بەڵکو ئەزموونی من کاری مەیدانی لە پشتە، من بەش بە حاڵی خۆم وەکو ڕۆنامەوانێك ئەو ئاستەنگەم ئەزموون کردووە و دەزانم ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییە زۆر قورسە، چونکە کارکردن و بەدواداچوونی بەردەوام و ئامادەکردنی هەواڵ لە ڕووی فکر و رووحەوە ماندووت دەکات، لە بەرانبەریشدا تۆ ماڵێك و خێزانێك و منداڵت هەیە، کە پێویستییان بە گرنگیپێدانە، لەو حاڵەتەدا بۆ ئافرەت گرنگترین شت ئەوەیە کە هاوبەشی ژیانی هەبێت، بە مەرجێك ئەو هاوبەشە لێت تێ بگات و ڕێز لە کارەکەت و ماندووبوونەکەت بگرێت، هاوکات پاڵپشت و پشتگیریکاریش بێت، لەم بابەتە من زۆر بە بەختم، هاوسەرێکی باشم هەیە لە هەموو کەس زیاتر یارمەتیم دەدات و پاڵپشتیم دەکات، لە کاتی نەبوونم گرنگی بە ماڵ و بە کوڕەکەمان دەدات. من زۆر جار کە لە ئەرکەکەم تەواو دەبم، بە تایبەت ئەگەر ئەرکێکی چەند ڕۆژەمان ئەنجام دابێت، پێش ئەوەی بگەڕێمەوە، ماڵەوە دەچم بۆ شوێنێکی ئارام پشوو بە ڕۆحم دەدەم و دەحەسێمەوە، بۆ ئەوەی ئەو ماندووبوون و پەشێوییە دەروونییەم بەسەر ئەندامانی خێزانەکەم بەتاڵ نەکەمەوە.

*** بە حوکمی کار کردنت و ڕووماڵکردنی هەواڵ لە ناوچەکە، دەربارەی ئافرەتی کورد چیت بیستووە؟**

- ئافرەتی کورد زۆر بەهێز و خۆڕاگرن، ناسنامە و نەتەوە و خاك و نیشتمانی خۆیانیان زۆر خۆش دەوێت و ناوبانگی خۆڕاگرییان لە تەواوی جیهان ڕەنگی داوەتەوە، من گەورەیی ئافرەتی کوردم ئەو کاتە بەرجەستە کرد و بینیم کە داعش پەلاماری ئێزدییەکانی شنگالی دا، من ئەو کات لە نزیکەوە ئافرەتی کوردم بینی.

*** وەکو میدیاکارێکی ئافرەت تاچەند توانیوتە ببیت بە دەنگی ئافرەتانی ستەملێکراو و دەنگیان بگەیێنیتە شوێنی مەبەست؟**

- ئەوە لە گرنگترین کارەکانی من بووە و هەردەم هەوڵم داوە چیرۆکی ئافرەتانی ستەملێکراو بگەیێنمە ئەو شوێنەی کە پێویستە بگات، یەکەم شت لە کاری رۆژنامەوانی کە زۆر گرنگە، ئەوەیە کە ڕاستگۆ بیت لەگەڵ بەرانبەرت پێش ئەوەی بێ لایەن بیت، کاتێك بەرانبەرەکەت کە ستەملێکراوە و کێشە و خەمەکانی خۆتت بۆ باس دەکات و، لە نهێنیی ژیانی خۆی بەشداریت پێ دەکات، ئەو کات لە مانای ئەمانەتپارێزی تێدەگەیت، ئەو چۆن باسی چیرۆکی خۆی بۆ من دەکات، منیش بە هەمان شێوە و بە ڕاستگۆیی و بە ئەمانەتەوە بۆ هەموو جیهانی دەگوازمەوە، ئەوەش بە ئەرکی سەرشانی خۆم دەزانم، هەرچەندە بەرپرسیارێتییەکی زۆر گەورەیە و لە ئەستۆمدا، زۆرترین ڕاپۆرت و بەدواداچوون کە لەم دواییانە ئەنجامم دا، چیرۆکی ئافرەتانی ئێزدی بوو، هەروەها چیرۆکی ژنانی سووریا و لیبیا بوو، کە ئەوان جگە لە قوربانی هیچ ناو و نیشانێکی دیکە هەڵناگرن. لە ڕێگەی ئەرکەکەشمەوە هەوڵم داوە، دەنگی ئافرەتانی ستەملێکراو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بگەینمە هەموو جیهان، تەنانەت کاری میدیایی و بەدواداچوونی سەختم لەبارەی ژنانی ئەفریقیا و سۆماڵ خستووەتە بەر چاوی جیهان، ئەو ئافرەتانەی کە هەم ماڵ بەڕێوە دەبەن و منداڵ بەخێو دەکەن، هەم لە هەمان کاتیشدا بۆ دەستەبەری قوتی خێزانەکانیان کار دەکەن و پارە پەیدا دەکەن، لە بەرانبەریشدا پیاوەکانیان لە

**بە حوکمی کارەکەم لە ماوەی کارکردنم چەندین جار سەردانی هەولێرم کردووە، هەر جارێک کە هاتووم، هەولێرم بە گەورەتر و ڕازاوەتر و پێشکەوتووتر بینیوە**

**بەداخەوە لە هەندێک دەزگای ڕۆژنامەوانیی جیهانی جیاوازی لە نێوان مووچەی ئافرەت و پیاو دەکرێت و پارەی کەمتر بە ئافرەت دەدرێت**

**ئەو ئەزموونەی کە هەمە، هی ئەوە نییە کە بەشی ڕاگەیاندنم تەواو کردووە، بەڵکو ئەزموونی من کاری مەیدانی لە پشتە**

**بە چاوی خۆم بینیومە ئافرەتان دەچنە کێڵگە و کاری کشتوکاڵی دەکەن، لە هەمان کاتیشدا منداڵەکانیان بە باوەشەوەیە، ڕاستە ئەو ئافرەتانە قوربانین، بەڵام پاڵەوانیشن**

ماڵـەوەن و کار ناکـەن. بـە چـاوی خـۆم بینیومـە ئافرەتـان دەچنـە کێڵگـە و کاری کشـتوکاڵی دەکـەن، لـە هەمـان کاتیشـدا منداڵەکانیـان بـە باوەشـەوەیە، ڕاسـتە ئـەو ئافرەتانـە قوربانیـن، بـەڵام پاڵەوانیشـن، چونکـە کـۆڵ نـادەن و لـە ڕێگـەی کارکردنیـان بـە دوای گۆڕانکارییـــەوەن.

*** بەبۆچوونـی خـۆت وەك پەیامنێرێکـی ئافـرەت، گواسـتنەوەی چیرۆکـی ئافرەتانـی سـتەملێکراو و نیشـاندانی ئـەو نایەکسـانییەی بەرانبەریـان دەکرێت، هیـچ لـە بارودۆخـی ئـەوان دەگۆڕێـت؟**

- بـە دڵنیاییـەوە کاریگـەری دەبێـت، کاتێـك زوڵـم و سـتەمی نیـوەی کۆمەڵگـە دەخرێتـە بـەر چـاو و گوێـی کۆمەڵگـەی جیهانـی و لـە وێـوەش بـۆ پارێـزەران و داکۆکیکارانـی مافـی مـرۆڤ، دەنگدانـەوە دروسـت دەکات، تەنانـەت میدیـا زۆر جار وای کردووە یاساکان بۆ بەرژەوەندیی کەسانی ستەملێکراو بەتایبـەت چینـی ئافرەتـان بگۆڕدرێـن. ئـەو موعاناتـەی بەسـەر ئافرەتانـی ئێزدیـدا هـات، یەکێـك بـوو لـە قێزەوەنتریـنی ئـەو شـتانەی کـە لـە ژیانـی کارکـردن لـە میدیـا بینیومـە، زۆر زەحمەتـە بـاوەڕ بـەوە بهێنیـت کـە کارەسـاتێکی وەهـا لـە سەدەی بیست و یـەك ڕوو بدات، کـە هـەزاران کچ و ژنی ئێزدی ڕفێنـدران و بوونـە قوربانی، تەنانـەت زیاتـر لـە دوو هـەزار لـەو ژنانـە تـا ئێسـتا ئـازاد نەکـراون و چارەنووسـیان نادیـارە، بەداخـەوە ئێـش و ئـازار و نارەحەتییەکانـی ژنانـی ئێـزدی وەسـف ناکرێـت، ئەوانـەش کـە ئـازاد کـراون، بارودۆخـی دەروونیـان ناجێگیـرە و لـە ژیـان و مانەوەیـان دڵنیـا نیـن، ئـەوان ماڵەکانیـان وێران کراوە، کەسوکارەکانیان یـان مـردوون، یـان ڕفێنـدراون، ئاسـەواری ئـەو کارەسـاتەیان هـەر بەسـەرەوە مـاوە و بـە ئاسـانی نەیانتوانیـوە تێکـەڵ بـە کۆمەڵگـە ببنـەوە، ئـەو ئافرەتانـە پێویسـتیان بـە چاودێریـی تەندروسـتی و دەروونییـەوە، پێویسـتە لـە ڕووی دەروونییـەوە دووبـارە دروسـت بکرێنـەوە بـۆ ئـەوەی بگەڕێنـەوە سـەر ژیانـی پێشـوویان و لـەو شـوێنەوە دەسـت پـێ بکەنـەوە.

هـاوکات پێویسـتە لەلایـەن حکومەتـی هەرێـم و حکومەتـی عێـراق و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و دادگای نێودەوڵەتـی بـە یاسـا بەرگـری لـە مافەکانیـان بکرێـت، بـە جۆرێـك ئـەو ڕووداوانـە دووبـارە نەبنـەوە و لێپێچینـەوە لـە بکەرانـی ئـەو تاوانـە بکرێـت، دوای تێپەڕبوونی نزیکـەی دە سـاڵ بەسـەر کارەسـاتەکە کەچـی برینەکانیـان سـاڕێژ نەبـووە و تـا ئەمـڕۆش خوێنـی لـێ دەچۆڕێـت.

**کورتە پێناسەی جومانە کرادشە:**

ساڵی ١٩٨١ لـە لوبنـان لـە دایـك بـووە، دایکـی کوڕێکـی هەشـت سـاڵانە، بەکالۆریۆسـی لـە ڕاگەیانـدن هەیـە و دەرچـووی زانکۆی لوبنانی ئەمریکییـە لە بەیـرووت، مـاوەی ١٧ سـاڵە لەگـەڵ تـۆڕی سـی ئێـن ئێـن دەسـتی بـە کار کـردووە، ئێسـتاش لـە نووسـینگەی لەنـدەن وەکـو پەیامنێـر کاردەکات.





## پەیام حەمەغەریب:

# جێگەی دڵخۆشییە کە لەم کارگە بچووکەمان هەشت ئافرەت کار دەکەن

پەیام حەمەغەریب یاروەیس دانیشتووی شاری سلێمانییە و ساڵی ١٩٩٣ لە هەڵەبجەی تازە لە دایک بووە، بەکالۆریۆسی لە زانستی بایۆلۆژی هەیە، دوای تەواوکردنی خوێندن، لەبری ئەوەی چاوەڕێی دامەزراندن بکات، بە هزرێکی ژنانە تێکەڵی مەیدانی کار بووە، وەك خۆی باسی دەکات، ماوەی شەش ساڵە وەکو دیزاینەری جلوبەرگ کار دەکات.

پەیام حەمەغەریب سەبارەت بە دەستپێکی کارەکەی دەڵێت: «من هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی وێنەکێشانم هەبوو و، لە زۆربەی پیشانگاکانی قوتابخانە بەشدار بووم و هەمیشە پلەی یەکەمم بەدەست هێناوە. دوای دەرچوونم ماوەی ساڵ و نیوێك بە شێوەی خۆبەخش لە نەخۆشخانەیەك کارم کرد، دواتر بیرم لەوە کردەوە کە هەم بۆ خۆم و هەم بۆ دەستگرتنی خێزانەکەم پێویستە کارێك و داهاتێکم هەبێت. بە حوکمی ئەوەی دایکم دروومانی دەزانی، ئیدی لەگەڵ خوشکەکەم دەستمان بەم کارە کرد، خوشکەکەم بەشی (ئای تی) تەواو کردووە، سەرەتا کە دایکم پێشنیاری ئەوەی بۆ کردم کە مەکینەیەکی نەخشم بۆ بکڕێت، زۆر دڵخۆش بووم. دایکم لێی پرسیم: ئەگەر ئەم مەکینەیەت بۆ بکڕم، کاری لەسەر دەکەیت؟ هێندە دڵخۆش بووم، باوەڕم نەکرد، مەکینەکە خۆی کۆمەڵێك وێنەی نەخشی تێدابوو، کە دەستمان کرد بە کارەکە تەنیا

**لەگەڵ ڕەوت و پێشکەوتنەکانی جیهان لە هەزارەی سێیەمدا، خەباتی بێ وچانی خانمان بۆ یەکسانی کار و دەرفەت لە سەرانسەری دونیا بەردەوامی هەیە، ئافرەتی کوردیش لە کۆمەڵگەیەکی چەقبەستوو، توانیویەتی بۆ دەستەبەری مافە ڕەواکانی بە ڕووی هەموو ناعەدالەتییەکدا بوەستێتەوە و بۆ دەربازبوون لە بازنەیەکی داخراو بەهرە و تواناکانی ئاوێتە بکات. جێگەی پێزانین و هەڵوەستە لەسەر کردنە کە ژمارەیەکی زۆری ئافرەتان بە پیشەی جیاوازەوە سەرقاڵن، بەشێکیان جگە لەوەی کە بوونەتە خاوەن کار و ئابووریی سەربەخۆی خۆیانیان هەیە، لە هەمان کاتیشدا دەرفەت و هەلی کاریان بۆ کۆمەڵێك ئافرەت ڕەخساندووە. پەیام حەمە غەریب یارەیس کچە گەنجێکی پڕ وزەیە و ماوەی شەش ساڵە سەرگەرمی کاری دیزاینەری جلوبەرگە، لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان ئەزموونی کارکردنی بۆ خوێنەران باس دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

نەخشی مەکینەکەمان بەکار دەهێنا، بەڵام ڕۆژێکیان براکەم دەستی بەری کەوت و نەخشەکان سڕانەوە، ئیتر لەوەوە هەوڵم دا کە نەخشی دیکە پەیدا بکەم، خوشکەکەم بە حوکمی ئەوەی دەرچووی بەشی ئای تی بوو، زۆر زیرەك بوو، هاوکاریی کردم و چۆنیەتی بەکارهێنانی بەرنامەیەکی پێ گوتم، ئیتر یەکەم هێلەکم دروست کرد، کە دوو هاوڕێی خۆم داوایان کرد، بۆیانی بکەم و قوماشەکەیان هێنا، دوای ئەوەی دوو هێلەکەکەم دروست کرد، سوپاس بۆ خودا ڕەزامەندی و داواکاری زۆری خەڵکی لەسەر بوو، هەستمان کرد کە ئەگەر دەست بدەینە جلی کوردی، داواکاریی خەڵك باشتر دەبێت. دوای ئەوە شتی دیکەی زۆرمان دروست کرد، دواتر بە هۆی ئەوەی موشتەریەکانمان زیاتر لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی بوون، بڕیارمان دا ماڵمان بۆ سلێمانی بگوازینەوە، پاشان وردە وردە گەیاندنمان زیاد کرد بۆ تەواوی کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان و عێراقیش، ئێستا زۆر جلوبەرگی جۆراوجۆر ئامادە دەکەین بۆ دەرەوەی وڵات کە زۆریان بەدڵە و بەردەوام خوازیاری هەیە».

پەیام حەمەغەریب سەبارەت بە ئاستەنگەکانی بەردەم کارەکەی و چۆنیەتی زاڵبوون بەسەریاندا دەڵێت: «سەرەتا یەك مەکینەی دروومانمان هەبوو، من و خوشکەکەم بە نۆرە بەکارمان دەهێنا، خۆم بە شەو و خوشکەکەشم بە ڕۆژ. بەڵام ئێمە لە ناوچەکەی خۆمان یەکەم کەس بووین کە بە مەکینەی نەخش دەستمان پێکرد، جگە لە بابەتە دووبارەکان، ئێستا دەتوانین زۆر شتی پێ دروست بکەین».

سەبارەت بە فێرکاری و یارمەتیدانی فێرخوازانیش گوتی: «زۆرجار ئافرەتان پەیوەندیم پێوە دەکەن و لە چارەسەرکردنی گرفتی مەکینەکەیان و ڕێکخستنی نەخشەکان یارمەتیان دەدەم».

ئەو خانمە دەستڕەنگینە دڵخۆشە بەوەی هەلی کاری بۆ کەسانی دیکەش رەخساندووە، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «سوپاس بۆ خوای گەورە ئێستا شاگردمان هەیە و جێگەی دڵخۆشییە کە لەم کارگە بچووکەمان هەشت ئافرەت کار دەکەن».

وەك دوا وتەشی گوتی: «لە تاقیگەیەکی پزیشکی حەفتانە دوو ڕۆژ دەچم بە خۆبەخش کاردەکەم، بۆ ئەوەی کارەکەم کە بڕوانامەم لەسەری وەرگرتووە لە بیرم نەچێتەوە. ئافرەت پێویستە خۆی کاری هەبێت، نەك چاوەڕێ بکات پارەی بدەنێ. ئافرەت دەبینم لەبەرئەوەی کاری خۆی نییە، هاوسەرەکەی بڕی پێویستی ناداتێ بۆ چارەسەرکردن یان هەر شتێکی دیکە کە بەڕاستی پێویستی بێت، بۆیە زۆر پێویستە ئافرەت بە جددی هەوڵ بدات و ببێتە خاوەن کار و داهاتی خۆی هەبێت. ئیمە بەردەوام کار دەکەین بۆ ئەوەی کارەکەمان بەرەو پێش بەرین، کار دەکەین تا خەڵکی دیکەش بهێنینە ناو کارەکەمان و دیزاین و مۆدیلی نوێ بخەینە بازاڕەکانەوە و پەرە بە جلوبەرگی کوردییش بدەین».

**ئێستا زۆر جلوبەرگی جۆراوجۆر ئامادە دەکەین بۆ دەرەوەی وڵات کە زۆریان بەدڵە و بەردەوام خوازیاری هەیە**

**سەرەتا یەک مەکینەی دروومانمان هەبوو، من و خوشکەکەم بە نۆرە بەکارمان دەهێنا، خۆم بە شەو و خوشکەکەشم بە ڕۆژ**

**زۆر پێویستە ئافرەت بە جددی هەوڵ بدات و ببێتە خاوەن کار و داهاتی خۆی هەبێت**

# یەکەمین دیمانەی شانۆیی کوردی دیاسپۆرا لە وڵاتی ئەڵمانیا بەڕێوە دەچێت

**بەئامانجی درووستکردنی پردی پەیوەندی و تێکەڵبوونی کلتوورەکان و ناساندنی هونەری شانۆی کوردی، یەکەمین دیمانەی شانۆی کوردیی دیاسپۆرا لەژێر دروشمی (بیرەوەری، گێرانەوە، گەڕانەوە بۆ نیشتیمان، بۆشانۆ) لە وڵاتی ئەڵمانیا لە ڕۆژانی ١٦، ١٧، ١٨ی ئەم مانگە بەڕێوە چوو بەم ناونیشانە:**

**Theaterverin Teutschenthal**

**Maerkertraase 30A**

**06179Teutschenthal**

**کاتژمێر ١٨:٠٠ ئێوارە.**

**دیمانەکە وەك دەستپێك و هەنگاوی یەکەمە بۆ زیاتر ناساندن و لێکنزیکبوونەوەی کلتووره جیاوازەکان و چێژ بینین لەهونەری شانۆیی.**

**ئا- کامەران حاجی ئەلیاس**

سەبارەت بەم دیمانەیە بەڕێز (کاروان عەلی مەجول) وەك سەرۆکی دیمانەکە گوتی: «شانۆ ئەو هونەر زیندووەیە کە هەموومان کۆدەکاتەوە، بۆیە ئێمەی گرووپی هونەریی کاباریّتی کوردی، یەکەم هەنگاومان بەرەو ڕێکخستنی یەکەمین دیمانەی شانۆیی نا، خۆشحاڵم کە دەبینە مایەی کۆکردنەوەی چەند شانۆکارێکی بە ئەزموون کە سەردەمانێك ئێمەیان فێری خۆشویستنی شانۆ دەکرد، با ئەم بەیەکگەیشتنە بکەینە دیمانەی جوانی و ئازادی و پەیامی مەزنی شانۆ، هیواخوازیشم کەئەم دیمانەیە بکەینە نەریتێکی ساڵانە».

### ڕۆژی یەکەم ١٦ی ٦ دەستپێکی دیمانەکە بەم شێوەیە دەبێت:

یەکەم پێشانگەی نیگارکێشی لەلایەن هونەرمەند شیلان ڕەشید و چەند پارچە میوزیکی کوردییش لەلایەن هونەرمەندان (فاروق میرزا سدیق)، پاشان وتەی سەرۆکی دیمانەکە لەلایەن هونەرمەند (کاروانی عەلی مەجۆل)ـەوە پێشکەش کرا، هەروەها وتاری گرووپی کابارێی کوردی کە ڕێکخەری دیمانەکەیە، لەلایەن هونەرمەند ڕزگار مونزیرەوە پێشکەش کران، پاشان دوو بەرهەمی شانۆیی پێشکەش کرا، ئەوانیش بریتین لە :

یەکەم : مۆنۆدرامای (فرمێسك لە چاوی ڕۆژگاردا) لە نوسینی مەهاباد قەرەداخی و دراماتورگی دەهەب باولۆس، وەرگێڕانی بۆ زمانی ئەڵمانی د.نیگار حەسیب قەرەداغی و ئامادەکردن و نواندنی هونەرمەند فرمێسك مستەفا، هەروەها میوزیکی بەرهەمەکەش لەلایەن هونەرمەند فاروق میرزا سدیقەوە ئامادە کراوە، ئەم نمایشە لە کاتژمیر:١٩:٠٠ی ئێوارە بەزمانی ئەڵمانی پێشکەش کرا.

نمایشی دووەم : کە بەرهەمی گرووپی کابارێی کوردییە بەناوی (لایکچی)، نوسین و دەرهێنانی هونەرمەند(ڕزگار مونزیر) ونواندنی هەر یەك لە هونەرمەندان (هیوا عەونی و فاروق میرزا سدیق)ـە.ئەم بەرهەمە کارێکی کۆمیدییە و لە کاتژمێر: ٢٠:٤٥ی شەو بەزمانی کوردی نمایش کرا.

### ڕۆژی دووەمی دیمانەکە ١٧ی ٦ کە پێکهاتووە لە دوو بەرهەمی شانۆیی بەم شێوەیە:

یەکەم: شانۆی ڕێحانە، لە نوسین و دەرهێنانی هونەرمەند گەزیزە عومەر و نواندنی هەر یەك لە هونەرمەندان (بێگەرد ئەحمەد، بڕیار ڕەشید، فرمێسك مستەفا) ئەم کارەش بەرهەمی تیپی هاوڕێیانی گەزیزەیە و لە کاتژمێر ١٩:٠٠ بەزمانی کوردی نمایش کرا.

بەرهەمی دووەمی ئەم ئێوارەیە، بەرهەمێکی لابووری شانۆی لالشە لە وڵاتی نەمسا،کە بریتییە لە پیرفۆرمانسێکی فیدیۆی بەناوی (یادەوەری) کۆنسێپت و کامێراو دەنگ و میلۆدی و ئامادەکاری ڤیدیۆی و پیرفۆرمەر هونەرمەند (د.نیگار حەسیب قەرەداخی) یە، کاتژمێر:٢١:٠٠ شەو پێشکەش کرا.

**ڕۆژی سێیەمی دیمانەکە ١٨ی ٦ بەم شێوەیە بوو:**

یەکەم: سیمینارێك بۆ نووسەرودەرهێنەر میرزا مەتین، لەژێر ناونیشانی (جووڵە شانۆییەکانی باکووری کوردستان لە نێوان لاسایکردنەوە و گێڕانەوەدا).

ڕێکخەری سیمینارەکە کاتژمێر ١٤:٠٠ی پاش نیوەڕۆ لەلایەن شانۆ مەتۆوە بەڕێوە چوو، پاشان تیپی نواندنی سلێمانی مۆنۆدرامای (ژنێکی تەنیا) لە نوسینی (فرانکۆڕاماو داریۆفۆ) و وەرگێڕان و دەرهێنانی (فازڵ قەساب) لە نواندنی هونەرمەند (نەشمیل غەریب) لە کاتژمێر ١٨:٠٠ ی ئێوارە بە زمانی کوردی نمایش کرا.



جێگەباسە لە کاتژمێر ٢٠:٠٠ ی شەو وتاری کۆتایی دیمانەکە لەلایەن کاروان عەلی مەجۆلەوە پێشکەش کرا، لەدوای هەر نمایشێك لە نمایشەکانی ئەم دیمانەیەش گفتوگۆیەکی کراوە لەلایەن هونەرمەند بورهان قەرەاخییەوە بۆ هونەرمەندان و بینەران ڕێك خرا.

**دەستەی باڵای ئەم دیمانەیەش لەم هونەرمەندانە پێکهاتوون:**


کاروان عەلی مەجۆل: سەرۆکی دیمانە.

ڕزگارمونزیر: بەڕیوبەری هونەری

هیوا عەونی: کارگێڕی

فرمێسك مستەفا: ڕێکخستن و پەیوەندیەکان.


بورهان قەرەداخی: وتەبێژی دیمانەکە، هەربۆیە ئەویش ڕایگەیاند: «جێگەی خۆیەتی کە بڵێین کەسانێکی زۆر لە هونەرمەندان و میدیاکاران و کەسانی خۆبەخش لەپشت دیمانەیەوەن، تا کارەکانی بەسەرکەوتویی ئەنجام بدرێن، لەپێناو ئاڵوگۆڕی کلتووریدا».






## تاتۆی لیدی گاگا:

# هەموو وێنەکێشانێک مان




لەیدی گاگا هەمیشە ساتەکانی ژیانی تایبەتی خۆی لەگەڵ هەوادارەکانیدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لە دیارترین و سەرنجڕاکێشترینی ئەم کلیپانە لە بینەرەکانیەوە وێنەی دیارترین تاتۆکانە کە بەسەر هەموو جەستەیدا هەڵکەندراون.. لێرەدا وردەکارییەکانی هەر تاتۆیەک و ئەو کلیپانە دەخەینەڕوو واتا لێرەوە لە وێنەکاندا!

**تاتۆی شمشاڵ**

ئەم تاتۆیە زۆرجار لە زۆرێک لە وێنەکانی لیدی گاگادا دەردەکەوێت کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام بڵاوکراوەتەوە، شمشاڵێکی مۆسیقییە کە لەسەر بەشی ناوەوەی ماسولکەی قۆڵی ڕاستی هەڵکەندراوە، لەلایەن هاوڕێکەی تۆنی بینێت بۆی دیزاین کراوە، ئەم تاتۆیە هێمای پەیوەندییەکەیە بە مۆسیقاوە.

**تاتۆی ئەهریمەنە بچووکەکان**

تاتۆی ئەهریمەنە بچووکەکان کە بە لیدی گاگا بەناوبانگە، چنگێکی زەبەلاحە کە لە ژێر چەناگەی چەپیدا کێشراوە، گاگاش دەڵێت کە هێمای هەوادارەکانییەتی کە سەرسامن پێی، وە شانازی پێوە دەکات چونکە بۆی هەڵگری چەندین مانایە، وەک دڵسۆزی، پەرۆشی، و ئەو هێزەی کە لەگەڵ هەوادارەکانیدا هاوبەشی دەکات!

**تاتۆی مارکەی ماکیاژەکەی HAUS**

بۆ یادکردنەوەی برگەیەکی بەرچاو لە دوای خستنەبازاڕی مارکەی ماکیاژەکەیەوە، هاوس ئۆف گاگا، لەیدی گاگا وشەی «هاوس»ی لەسەر قۆڵی چەپی هەڵکەندووە، کە گاگاش زۆر شانازی پێوە دەکات چونکە نوێنەرایەتی تێکەڵەیەکی تەواوەتی هەستە ئەرێنییەکانی خۆی دەکات سەبارەت بە قۆڵی خۆی پڕۆژە، و ئەو دەستکەوتە نائاساییەی کە بەدەستی هێناوە.

تاتۆی هێمای ئاشتی

لەساڵی ٢٠٠٦دا، گاگا تاتۆیەکی نوێی نیشانەی ئاشتی لەسەر مەچەکی چەپی هەڵبژارد، ئەمەش نیشانەی سەرسامی بوو بە جۆن لێنۆن، کە لە ڕاستیدا لە



## ـــــای هەیە

وتارەکەیدا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی لێنۆن ئۆنۆ بۆ ئاشتی لە ساڵی ٢٠١٢ دان بەوەدا نا.
وەک ڕێزێک بۆ باوکی جۆ جێرمانۆتا، لەیدی گاگا وشەی باوکی لە دڵێکدا لەسەر شانی هەڵکەندووە، وەک سوپاسگوزارییەک بۆ نەشتەرگەرییە سەرکەوتووەکەی دڵی لە ساڵی ٢٠٠٩.

**تاتۆی یەکەشەمشەمەکوێرە**

گاگا لە ساڵی ٢٠١٠ تاتۆیەکی نوێی لە شێوەی یەکەشەمشەمەکوێرەدا هەڵبژارد، کە بە وشەکانی گۆرانییەکەی «بەم شێوەیە لەدایک بووە» لەسەر ڕانی چەپی ڕازاوەتەوە، ئەمەش وەک نیشانەی خولیای منداڵی بۆ پۆنی بچووکەکانی من.

**تاتۆی ئەلبوومی ئارتپۆپ**

لە ساڵی ٢٠١٢، گاگا بۆ یەکەمجار ئەلبوومی خۆی بەناوی ئارتپۆپ لەسەر مەچەکی چەپی نمایشکرد، کە لە ئینستاگرام بڵاویکردەوە، بە ناوی «New ink new Album».

هەواڵی دەستگیرانی ئەو ئەستێرە نێودەوڵەتییە، شاکیرا، دوای چەندین مانگ لە جیابوونەوەی لە جیرارد پیکێ، گەمارۆدا، بەڵام پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەستێرەی بەناوبانگی پێشبڕکێی ئۆتۆمبێلی بەریتانی، لویس هامیلتۆن، دیارترین بوو.
هەندێک پێیان وابوو کە شاکیرا بەهۆی زۆر دەرکەوتنیان پێکەوە پەیوەندییەکی سۆزداری لەگەڵ لویس هامیلتۆن دروستکردووە، هەروەها چەندین وێنەی گرتووە کە لەگەڵ هاوڕێ هاوبەشەکانیان کۆیانکردووەتەوە، ئەمەش ئەگەری پەیوەندی نێوان ئەستێرەی کۆڵۆمبی و بەناوبانگترین ئەستێرەی پێشبڕکێی ئۆتۆمبێل زیادکردووە.



# خۆشەویستە نوێیەکەی شاکیرا

خۆشەویستە نوێیەکەی شاکیرا بووەتە قسەی جیهانی، بەتایبەتی کە جیابوونەوەی لە پیکێ بووەتە لوتکەی قسەی پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا، لە کاتێکدا ڕەخنە لە ئەستێرەی تۆپی پێ دەگیرێت بەهۆی خیانەتەکەی لە ئەستێرە کۆلۆمبییەکە، کە پاڵپشتی و هاوسۆزییەکی زۆری لەگەڵیدا بەدەستهێناوە پێگە و وشە کاریگەرەکان دوای جیابوونەوە.
سەرچاوە نزیکەکانی شاکیرا بابەتەکەیان یەکلایی کردۆتەوە سەبارەت بە پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەستێرەی پێشبڕکێی ئۆتۆمبێلی بەریتانی لویس هامیلتۆن، بۆیە یەکێک لە کەسە نزیکەکان پشتڕاستی کردەوە کە پەیوەندی شاکیرا و هامیلتۆن لە پلەی یەکەمدا لە هاوڕێیەتی بوون لاناچێت و لە لێدوانەکانیدا بۆ گۆڤاری ڤانیتاتیس وتی؛ ئاماژەی بەوەشکردووە، شاکیرا و هامیلتۆن ماوەیەکی زۆرە هاوڕێی یەکترن، خەڵک نازانێت چەند هاوڕێی شاکیرا و چەندیان بەناوبانگن، ئەوانیش تووشی سەرسوڕمان دەبن.
جێگای سەرنجە لویس هامیلتۆن یەکەم کەس نییە کە پەیوەندییەکەی شاکیرا بۆی بڵاوکرایەوە، بەڵکو پێشتر یاریزانی تۆپی باسکەی ئەمریکی جیمی باتلەر و تۆم کروزی ئەستێرەی جیهان بوون، کە دەنگۆی ئەوە بوون کە ڕەتکرانەوە.
هەواڵی دەستگیرانی شاکیرا مێشکی هەوادارانی سەرقاڵ دەکات، بە لەبەرچاوگرتنی سەرقاڵبوونیان بە باری سۆزداری، بەتایبەتی دوای جیابوونەوەی توندی لە پیکێ و خیانەتەکەی لێی، هەروەها پەیامە کاریگەرەکانی شاکیرا و ئاڵوگۆڕی لێدوانەکانی نێوان خۆی و خۆشەویستە نوێیەکەی پیکێ.

# تیپی شانۆی ئاشتی

## (٣-٣)

تاریق کارێزی

*** ڕیشەی شانۆی کەرکووک بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

- ئاشکرایە، شاری کەرکووك چەندین نەتەوە لەخۆ دەگرێت، هەر یەك لەو نەتەوانە هەوڵی خۆیان لە بواری شانۆدا هەبووە، بەڵام بە پێی بەڵگەیەك کە لە ژمارە (٥٢٢)ی ڕۆژنامەی (نەجمە) لە ١١/تەمووز/١٩٢١دا بڵاو کراوەتەوە، تێیدا ئاماژە بە نمایشێکی شانۆیی بە ناونیشانی (عومەر کوڕی خەتتاب و بێوەژنەکە) کراوە، کە بە زمانی عەرەبی پێشکەش کراوە. ئەوە بە خاڵی سەرەتای نمایشی شانۆیی لە کەرکووك دادەندرێت. ئەگەر بێینە سەر باسی سەرەتای هەوڵەکانی شانۆی کوردی لە کەرکووك، ئەوە دەبینین بارودۆخی سیاسی و ڕۆڵی نەرێنیی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق، هۆکار بوون بۆ درەنگ دەرکەوتنی شانۆی کوردی لەم شارەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ساڵی ١٩٢١ـەوە تا ساڵی ١٩٥٨ شانۆی کوردی هەبووە و هەوڵی بەردەوام بەدی دەکرێت، بەڵام لە پاش شۆڕشی ١٩٥٨ شانۆی کوردی لەو شارەدا دەڕواتە قۆناغێکی دیکەوە، چ لە ڕووی دروست بوونی گرووپ و تیپی شانۆوە، چ لە ڕووی ژمارەی زۆری نمایشەوە، بەڵام قۆناغی ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٥ دەبێتە سەردەمی زێڕینی شانۆی کوردی لەم شارەدا، تا ئێستاش بەردەوامە.

*** شانۆی کەرکووك چ پێگەیەکی لە نێو نەخشەی شانۆی کوردستاندا هەیە؟**

- پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ تا دەگاتە ئێستا، شانۆی کوردی لە کەرکووك دەبێتە بەشێکی گرنگی شانۆی کوردی و پێگەی خۆی لەسەر نەخشەی شانۆی کوردستان و عیراقیش، قایم و جێگیر دەکات. لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٥ لە ڕێی چەندین تیپ و گرووپ و هونەرمەندی دیار و چالاکەوە، شانۆی کەرکووك



دەبێتە پێشەنگی شانۆی کوردستان، ئەوەتا لە یەکەمین فیستیڤاڵی هونەری کوردی لە بەغدا، شانۆیی (تەقینەوە) زۆربەی خەڵاتەکانی شانۆی لە فیستیڤاڵەکەدا بردەوە. هەردوو زنجیرە درامای (مەرەزە) و (بەهاری دزراو) بەردەوامی بە چالاك بوونی هونەرمەندانی کەرکووك دەدەن. ئەو قۆناغە دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەی پاش ئەوان، قۆناغ بە قۆناغ تیپ و گرووپ و هونەرمەندی چالاك بەردەوامی بە دەسکەوتەکانی شانۆی کوردی لەم شارەدا دەدەن، تا ئەمڕۆش شانۆی کوردی لە کەرکووك لە بەرزترین ئاستدایە، لەسەر نەخشەی شانۆی کوردستان و تەواوی عیراقیش، خاوەن پێگەی خۆیەتی.

*** تیپی شانۆی ئاشتی کەی دامەزرا، بۆ ئێستا چالاك نییە، تا ئێستا چیی پێشکەش کردووە؟**

- پاش ئەوەی شانۆی کوردی لە ساڵانی ١٩٧٥ تا ١٩٩١ لە کەرکووك لە پای هەلومەرجی سیاسی، تووشی سست بوونێك بوو، لە ساڵی ١٩٩١دا وەك پێویستییەکی مێژوویی، تیپی شانۆی ئاشتی دامەزرا، قۆڵی خۆی لێ هەڵماڵی و رۆڵی بەرچاوی خۆی لە گێڕانەوەی شانۆی کوردی لە کەرکووك بۆ پێگەی ڕاستەقینەی خۆی بینی، ئەویش لە ڕێی پێشکەش کردنی دەیان نمایش و سازدانی فیستیڤاڵی شانۆیی و ڕێکخستنی کۆنفرانسی شانۆیی، لە پاڵ گرێدانی دەیان کۆڕ و سیمینار بۆ شانۆکارانی ناوداری کوردستان و عیراق و بەشداری کردنی شانۆکارانی شار لە دەیان فیستیڤاڵ و بەدەست هێنانی چەندین خەڵات و بڕوانامەی ڕێزلێنان. ئێستا چەندین گرووپ و تیپ و نەوەی جیاجیای شانۆکاران لە چالاکی بەردەوامن، بەڵام قەیرانی دارایی و پشتگیری نەکردن لە کار و پرۆژەی شانۆکارانی گەنج، ڕەنگدانەوەی نەرێنیی بەسەر هونەری شانۆوە هەبووە، ئێمەش وەك شانۆکارانی خاوەن ئەزموونی شار، باوەڕمان وایە کە پێویستە هەردەم پشتگیری لە شانۆکارانی گەنج بکرێت.

*** هەڵسەنگاندنت بۆ دۆخی شانۆی پارچەکانی دیکەی کوردستان چۆنە، شانۆ لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

- لە پاش ساڵی ٢٠٠٣، پردێکی هەماهەنگی لە نێوان پارچەکانی کوردستان دروست بوو، ئەویش لە ئاستی تاکدا بێت یان گرووپ و تیپەکانی شانۆدا، ئەمەش زەمینەی ڕەخساند بۆ ئاگادار بوون لە ڕەوتی شانۆی پارچەکانی دیکە، جگە لە بەدی هاتنی هاوکاری لە نێوان هەمووواندا، لە ڕێی بەشداری کردن لە فیستیڤاڵەکانی شانۆ لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، بە پێچەوانەشەوە، ئەمەش وای لێ کردین تا ڕادەیەکی باش ئاگاداری بزاڤی شانۆیی تێکڕای پارچەکانی کوردستان بین. لە ڕاستیدا ئاستی شانۆ لەوێ زۆر باشە، بە تایبەت لە باکوور و لە ڕۆژهەڵاتدا، لەو دوو پارچەیەی کوردستان چەندین هونەرمەندی بە ئەزموون، چەندین تیپ و گرووپی ئاست بەرز هەن، ئەمەش هیوا دەبەخشت بەوەی ئەوان باشترین نوێنەر بن بۆ شانۆی کوردی لە کوردستانی مەزن و لە ئاستی نێونەتەوەییشدا.





تاڤان شێخ نەسرەدین ڕاهێنەر و یاریزانی ئەسپ سواری:

# بەهۆی ئاست بەرزیم ڕێگەپێدانی ڕاهێنەریم پێ بەخشرا

ئەسپ سواری یارییەکی جیهانییە و ساڵانە چەندین پاڵەوانێتی لەسەر ئاستی جیهان بەڕێوە دەچێت و ژمارەیەکی زۆری وڵاتان بەشدارن لە چالاکییەکاندا، بەڵام لە کوردستان و بگرە لە عێراقیش وەکو پێویست گرنگی بەم یارییە نەدراوە، هەوڵەکانی خزمەتکردن و بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە زیاتر تاکە کەسین، یانەی سوارچاکیی (کۆڕاز) لە پارێزگانی سلێمانی ماوەیەکی زۆر گرنگی بە یارییەکانی ئەسپ سواری دەدەن و چەندین یاریزان و ڕاهێنەری بە ئەزموون لەم یانەیەدا کار دەکەن، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەم یانەیە بکەنە نموونەیەکی بەرزی یاریی ئەسپ سواری لە سەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و کوردستان و عێراقیش، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکان و کۆنەکانی یانەکەش کچە یاریزان و ڕاهێنەر (تاڤان شێخ نەسرەدین بەهائەدین)ـە، کە یاریزانی یانەی جەیش و ڕاهێنەری ئەسپ سواریی یانەی کۆڕازە، تاڤان لەدایکبووی پارێزگای سلێمانییە و خاوەنی بڕوانامەی بە کالۆریۆسە لە کارگێڕیی کاردا، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیاریکمان لێ کرد ئەوەیش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** بۆچی ئەسپ سواریت هەڵبژارد؟**

- سوارچاکی خولیای باوکم بوو هەر لە منداڵییەوە ڕاهێنانی پێ دەکردین، حەزو خۆشەویستیی باوکم وای کرد ئێمە ئەم بوارە هەڵبژێرین.

*** لە کوردستان ئاستی یاریی ئەسپسواری لە چ ئاستێکدا دەبینیی؟**

- لە ئێستادا بە خۆشحاڵییەوە بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، هەوڵی تاکە کەسیی باش دراوە بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم بوارە، بەڵام هێشتا پێویستی بە کاری زیاترە بۆ زیاتر برەوپێدانی.

*** بۆچی وەکو پێویست گرنگی بەم یارییە نادرێت؟**

- چونکە هەوڵەکان تاکە کەسین و ئەو کەسانەی کە هەوڵی بەرەوپێشچوونی دەدەن کەمن، بەهۆی کەمی یان نەبوونی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا، چونکە لە ناو کۆمەڵگەی ئێمە ئەم وەرزشە نوێیە و خەڵك پێ ئاشنانییە ئەوانە هەمووی هۆکارەکانن.

*** چ بکرێت بۆ ئەوەی ئەم یارییە بچێتە قۆناغێکی باشتر؟**

- زۆر شت هەیە دەبێت بکرێت، لەوانە دروستکردنی کادیر و کەسانی بەئەزموون و شارەزا لە بوارەکە، کردنەوەی خول بۆ دروستکردنی ڕاهێنەر و دادوەری شارەزا و بە ئەزموون.

*** هەست ناکەیت یارییەکی قورست هەڵبژاردووە؟**

-ڕاستە زۆر جار هەست بە قورسی یارییەکە دەکەم بەتایبەت لە سەرەتای فێربوون و یاریکردنم، چونکە تەنیا من کچ بووم لە ناو هەموو یاریزانەکاندا، بەڵام خۆشەویستم بۆ ئەسپ و یارییەکانی سوارچاکی و، پاڵپشتیی زۆری باوکم وای کرد کە هەست بە قورسایی یارییەکە نەکەم و بەردەوام بم.

*** کێشەو گرفتتان چییە لەم یارییە؟**

- کێشەکان لە چاو ساڵانی پێشتردا کەمترن، بەڵام هەر هەیە، نەبوونی گۆڕەپانێکی سوارچاکی بە گشتی بۆ پاڵەوانێتییەکان، هەروەها نەبوونی ڕاهێنەر و دادوەری بەتوانا و بە ئەزموون لە بوارەکە.

*** بۆچی ڕووت لە بواری ڕاهێنەری کرد؟**

- چونکە بەشدارم لە زۆربەی پاڵەوانێتییەکانی ناوخۆی کوردستان کرد و پلەی یەکەمم بەدەست هێنا، بەهۆی ئاست بەرزیم لەلایەن لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانەوە ڕێگەپێدانی ڕاهێنەریم پێ بەخشرا.

*** لە ئەسپسواری ئێوە وەکو یاریزان و ڕاهێنەر هیچ کات تووشی کێشە و گرفت بوونەتەوە؟**

- بێگومان کێشە و گرفت هەر دەبێت، بەڵام زۆر کاریگەریی نەبوو لە سەر من، چونکە من باوکم و خانەوادەکەم بە گشتی پاڵپشت بوون.

*** هیواو و ئاواتت وەکو کچە ئەسپسوارێك چییە؟**

- هیوا و ئاواتم ئەوەیە کە بتوانم وەکو باوکم بەشداری لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکاندا بکەم، وەکو ڕاهێنەریش هیوام وایە ئەو هەنگاوانەی لەم دواییانەدا ناومە بۆ دروستکردنی گرووپێك یاریزانی کچ، جێگەی خۆی بگرێت و بتوانم کچانی شارەزا و بە ئەزموون بهێنمە ناو ئەم بوارەوە و جێدەستی خۆم لەم بوارە بەجێ بهێلم.

*** بەرنامەی داهاتوو چییە بۆ ئەم وەرزشە؟**

-وەکو یاریزان لە ئێستادا خەریکی مەشقکردنم لە سەر یاریی ڕمبازی کە لەلایەن ڕاهێنەری نێودەوڵەتی مەشق و ڕاهێنانم پێ دەکرێت لە بەغداد.

*** بڕیارت نەداوە تیپێك بۆ سلێمانی دروست بکەی؟**

- ڕاستییەکەی پرۆژەم هەیە کە گرووپێك پێك بهێنم بۆ کچان، کە بتوانن لە داهاتوودا ببنە هۆی بەرەوپێشچوونی سوارچاکی و شارەزا و بە ئەزموون بن، بەڵام تەنیا سلێمانی نا، بەڵکو بۆ هەموو کوردستان.

*** بۆچی یاری بۆ یانەیەکی شاری بەغداد دەکەی؟**

- چونکە ئەو یانەیەی ئێستا یاریی بۆ دەکەم یارمەتیدەرمە تا بگەم بە خەونی گەورەی خۆم و باوکیشم، ئەویش کە یاریکردنە لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکاندا، هەروەها هەر لە سەرەتاوە پاڵپشتم بوون بۆ گەیشتن بەوەی دەمەوێت.

*** چ یادگارییەکی باوکت هەیە کە هەموو کات شانازی پێوە دەکەی؟**

- باوکم پێش کۆتاییهاتنی تەمەنی ئارەزوو و ئاواتی تەواوکردن و کردنەوەی یانەی سوارچاکیی کوران بوو، کە ئەم یانەیە بووەتە گەورەترین و بەنرخترین یادگاریی باوکم بۆ ئێمە، ئێمەش لە دوای باوکم هەر بەو هێز و گروتینەی باوکمەوە بەردەوام دەبین تا تەواوکردنی و بە زیندووهێشتنەوەی ئەو یادگارییە گەورەیە و زیندووهێشتنەوەی ناوی باوکم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆرسوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان، دەمەوێت سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە پاڵپشتمان بوون لە سەرەتاوە تا ئێستا، ئومێدەوارم هەموومان بەیەکەوە ئەم وەرزشە زیاتر پێش بخەین.



# براهیم دیاز گەڕایەوە مەدرید




ریال مەدرید بە فەرمی گرێبەستە نوێیەکەی لەگەڵ براهیم دیاز مۆرکرد و بە میدیاکانی ناساند ئەو یاریزانە لە یەکەمین لێدوانیدا رایگەیاند ئەزموونێکی باشی وەرگرتووە و ئینجا گەڕاوە یانەکەی پێشووی.

هەفتەی رابردوو پشکنینی پزیشکی بۆ براهیم دیاز ئەنجامدرا و ئەم یاریزنە لاوە بە فەرمی تاکو ساڵی ٢٠٢٧ گرێبەستی لەگەڵ ریال مەدرید مۆرکرد.

دوای مۆرکردنی گرێبەستە نوێیەکەی ریال مەدرید یاریزانەکەی پێشکەش کرد و براهیم دیاز لە وەرزی داهاتوو لەگەڵ ریال مەدرید درێسی ژمارە ٢١ دەپۆشێت.

دیاز بە دووەمین گرێبەستی ئەم هاوینەی ریال مەدرید دادەنرێت دوای ئەوەی لە چەند رۆژی رابردوو لەگەڵ فران گارسیا گەیشتە رێککەوتن و گرێبەستی لەگەڵ مۆرکرد.

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا براهیم دیاز گوتی: ئەو سێ ساڵەی لەگەڵ ئەی سی میلان بووم زۆر شتی باش فێربووم و زیاتر گەشەم کرد توانیم خۆم لەگەڵ یانەکە بگونجێنم و لە ناوەوە و دەرەوەی یاریگا خۆم لەگەڵ دەوروبەرم گونجاند ئێستاش بە ئارەزوویەکی زۆرەوە گەڕاومەوە ریال مەدرید.

براهیم دیاز گوتی: من بە بەختم، کە توانای یارکردنم بەهەردوو قاچ هەیە، ئەوە تایبەتمەندیەکی باشە بێگومان حەز دەکەم لە هەر سێ هێڵی هێرشبەریاری بکەم، ئەو کاتەی هاتمە ریال مەدرید بچووک بووم، بەڵام ئێستا ئەزموونم وەرگرتووە و کۆمەڵێک یاریم لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا کردووە بەختێکی باشم هەیە، کە لە سێ خولی گەورەی ئەوروپا یاریم کردووە خولی ئینگلیزی پێویستی بە توانایەکی جەستەیی بەرز هەیە و خولی ئیسپانی زیاتر هونەریە لە ئیتاڵیاش پێویستت بە تەکتیکێکی بەرزی یاریکردن دەبێت.

یاریزانە لاوەکەی ریال مەدرید هێمای بۆ ئەوەش کرد رۆیشتنی کەریم بنزیما و ڤینیسیۆس کاریگەری لەسەر ریال مەدرید دروست دەکات، گوتی: لە هەموو کاتێکدا ئەوە ریال مەدریدە و پێویستە هەمیشە باشترین پیشکەش بکەیت، چونکە نوێنەرایەتی باشترین یانەی جیهان دەکەیت.

# خەونە گەورەکەی زیدان چییە



زینەدین زیدان راهێنەری پێشووی ریال مەدرید لە نوێترین دیمانەیدا رایگەیاند خەون بە راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی فەرەنسا دەبینێت.

لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەی جی کیو زینەدین زیدان ئاشکرای کرد ئێستا کاتەکەی گونجاو نییە، بەڵام خەون بە راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی فەرەنسا دەبینێت و هیواداره رۆژێک لە رۆژان ئەمە رووبدات و راهێنەرایەتی هەڵبژاردەکەی بکات.

زیدان گوتی: کاتێک لە یانەی (کان)ی فەرەنسا یاریم کرد هەوڵی یاریکردنەدا لە یانەی بۆردۆ و دواتر یۆڤانتۆس و پاشان ریال مەدرید بۆ ئەوەی ئەزموونی زیاتر وەربگرم بەهیوای گەیشتن بە لوتکە و زۆر ئامادەکاریی بۆ شتەکان ناکەم و پێموایە لە دوو ساڵی یەکەمم لەگەڵ ریال مەدرید کاری نایابم کردووە، کە چەند پاڵەوانێتیەکمان بەدەستهێنا و ئینجا هەستم بەوە کرد، کە پێویستم بە پشوو هەیە.

لە درێژەی قسەکانیدا زیدان گوتی: فلۆرێنتینۆ پێرێز دوای ماوەیەک پەیوەندی پێمەوە کرد و منیش راستەوخۆ گەڕامەوە و هەندێک جاریش بیرم لەوە دەکردەوە، کە بۆچی گەڕامەوە گەڕانەوەکەشم جۆرێك بوو لەسەرکێشی و وەکو مەترسییەك وابووە.

زیدان لە هاوینی ٢٠٢١ دەست لە کارکێشانەوەی لە راهێنەرایەتی ریال مەدرید راگەیاند لە ئێستادا لە پشوودایە و نەگەڕاوە کاری راهێنەرایەتی پێشتر دووجار خەڵاتی باشترین راهێنەری جیهانی وەرگرتووە و ٣ نازناوی لەسەریەکی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای لەگەڵ ریال مەدرید بردووە و دوو نازناوی خولی ئیسپانیا و دوو نازناوی مۆندیالی یانەکان و دوو جامی سووپەریشی هەر لەگەڵ یانەی ریال مەدرید بەدەستهێناوە.

# ئێمپاپێ پەیامێکی روونی ئاشکرا کرد




کیلیان ئێمپاپێ ئەستێرەی یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی مانەوەی خۆی لە وەرزی داهاتوودا لە یانەکە دووپاتکردەوە و هەواڵێکیش بەدرۆدەخاتەوە.

ئێمباپێ هەواڵێکی رۆژنامەی لێ پاریسیانی فەرەنسیی ریتوویت کردووە دەڵێت: درۆکان، لە هەمان کاتدا قەبارەکەی چەند گەورەبێت چەند زیاتر بڕوات، هەمیشە گوتوومە لێرە دەمێنمەوە لە وەرزی داهاتوودا لە پاریس سانت جێرمان هەست بە دڵخۆشی دەکەم.

ئەو هەواڵەی ئێمپاپێ وەڵامی داوە و رەتیکردووە پەیوەندیی بە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی هەیە.

ئەم پەیامەی کیلیان ئێمپاپێ لەکاتێک دایە یاریزانەکە لە هاوینی ٢٠٢٤ گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی پاریس سانت جێرمان تەواو دەبێت زۆرینەی سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن، کە پاریس سانت جێرمان دەیەوێت یاریزانەکە بەرامبەر ١٥٠ ملیۆن یۆرۆ بفرۆشێت نەک وەرزی داهاتوو دوای تەواوبوونی گرێبەستەکەی ببێتە یاریزانێکی ئازاد و بێ بەرانبەر بچێتە یانەیەکی دیکە.

یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ماوەیەکی زۆرە چاوی لە تواناکانی ئەو یاریزانەیە، هەرکاتێک باس لە رۆیشتنی لە پاریس سانت جێرمان دەکرێت راستەوخۆ ناوی یاریزانەکە بە یانەی ریال مەدرید دەبەسترێتەوە.

# شەترەنجی خانزاد پەرە بەتواناى یاریزانەکانی دەدات

دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی شەترەنجی خانزاد بەمەبەستی بەهێزکردنی ئاستی تواناى یاریزانی یانەکەی بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتیەکانی داهاتووی تیپەکەی، دوو ڕاهێنەری بەتواناى لە دەرەوەی عێراق هێناوە، بۆ ئەوەی ئاستی یاریزانانی بەرز بکاتەوە، ڕاهێنەر مانوێل ئاڤتیسیان لە وڵاتی ئەرمینیا کە ئێستا یەکێك لە ڕاهێنەرە بەتواناکانە لە سەر ئاستی جیهان ماوەی زیاتر لە ١٧ ساڵە لە وڵاتی ئێران ڕاهێنەرە و چەندین ماستەر و گراندماستەری دروست کردووە لەگەڵ ڕاهێنەری سووری تەلاڵ زەعیم، کە ئەویش چەندین یاریزانی بەتواناى ئاست بەرزی دروست کردووە، خولەکانی یانەی شەترەنجی خانزاد بەمەبەستی بەهێزکردنی ئاستی یاریزانان و بەرزکردنەوەی تواناکانیانە بۆ ئاستێکی باشتر کە زیاتر لە ٨٠ یاریزان وفێرخواز لە گشت ئاستەکانی تەمەن و مامۆستا و ڕاهێنەرانی خانزاد لەم خولە بەشدارن و، ئەم خولەش تا کۆتایی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت، یانەی شەترەنجی خانزاد یەکێك لە یانە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراقە و خاوەنی چەندین یاریزان و ئەستێرەی بەتوانایە لەم یارییە، کارگێڕیی یانەکە بەهێزیان دەکات بۆ ئەوەی بتوانن باشترین ئەنجام لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق و جیهانیش بەدەست بهێنن، لە هەمان کاتیشدا بۆ داهاتووش دەیانەوێ سوود لە ڕاهێنەر و مامۆستاکانی یانەکە ببینن، یانەکە بەردەوام خول و پاڵەوانێتی هەیە بۆ ئەوەی ئاستی یاریزانەکانی بەردەوام لە بەرز بوونەوە بێت.

## نیازمحەممەد: دەمەوێ ئاستێ

هەر چەندە یانەی نەورۆز ئەم وەرزە چاوی لەوەیە بتوانێت ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکات لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، لە سەرەتای خولە کە و لە گواستنەوەی زستانەش ژمارەیەك لە یاریزانانی یانەکانی دیکەی بەشدار لە خولەکەی گواستەوە ڕیزی یانەکە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی هێڵی بەرگریی یانەکەش نیازمحەممەدی یاریزانی پێشووی



## پاسکیلسوارانی کوردست

هەر چەندە پێشتر کۆمەڵێك لە یانەکانی کوردستان گرنگیی زۆریان بە بواری پاسکیلسواریی کچان دەدا لە شارەکانی کوردستان، بەڵام لە ئێستادا زۆربەی یانە کوردییەکان تیپەکانیان هەڵوەشاندووەتەوە و کچە کوردەکانیش بە ناچاری ڕوویان لە شاری بەغدا کردووە، بۆ ئەوەی پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن لە بواری وەرزشی پاسکیلسواریدا، لە بارەی ڕووکردنە یانەکانی دەرەوەی کوردستانیش، یەکێك لەو کچانەی رووی لە شاری بەغدا کردووە (ئاڤان عەدنان)ی یاریزانی پێشووی یانەی برایەتییە، لە دیمانەیەکدا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا پاڵەوانێتیی کوردستان گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نادرێت، ئەگەر لە پاڵەوانێتییەکەش بەشداری بکەین، بۆ خۆشی



## ـــــــــکی باشتر پێشکەش بکەم

یانـەی هەولێـرە، کـە ئەمسـاڵ بەرگـری لـە درێـسی یانـەی نـەورۆز دەکات لـە خولەکـە، لـەم بارەشـەوە نیـاز محەممـەد بـۆ گۆڤـاری گـوڵان گوتـی: «بارودۆخـی خـۆم لـە ئێـستادا باشـە، بـەڵام وەکـو پێویـست نییـە، هـەوڵ دەدەم لـەو یارییانـەی کـە بەشـداری دەکـەم ئاسـتێکی بـەرز پێشـکەش بکـەم لەگـەڵ یانەکـەم، بـۆ ئـەوەی یاریمەتـی یانەکـەم بـدەم لـە بەرەوپێشـچوونی لـە ڕیزبەنـدی یانـەکان، چەنـد یارییەکیـش مـاوە لـە خولەکـە، یانەکەمـان هەمـوو هەوڵێـك دەدات بـۆ ئەوەی بتوانیـن باشـترین ئاست پێشـکەش بکەیـن، تـا لـە ڕیزبەنـدی یانەکانیـش چەنـد خانەیـەك بچینـە پێشـەوە، ڕۆژانـە مەشقەکانی خـۆم ئەنجام دەدەم بۆ یارییەکانـی داهاتـوو، ئەمساڵیش خولی نایابـی عێراقـی زۆر بەهێـزە و یانـەکان ڕکابەریـی بەهێـزی یەکتـری دەکـەن لەسـەر بەدەسـتهێنانی ئەنجامـی شایسـتە».



## ــــــــان ڕوو لە بەغدا دەکەن

خۆمانە و هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، پێشتر کە بەشداریی پاڵەوانێتیی عەرەبیمان دەکرد، کۆمەڵێك یانە بـوون، زۆربـەی یانـە کوردسـتانییەکان بـوون و شـەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەمان دەکرد، بەڵام ئێستا زۆربەی یانە کوردییەکان تیپیان نەماوە، ئێستاش بۆیە وەکـو یاریزانێکـی کـورد بەشـداری لـە پاڵەوانێتییەکانی عێراقـی دەکـەم و یـاری بـۆ یانەیەکـی عەرەبـی دەکـەم، چونکـە یانـە کوردییـەکان هیـچ پاڵپشـتییەکمان ناکـەن، مـن دووەمـی عێراقـم و دەمـەوێ زیاتـر گرنگـی بـە تواناکانی خۆم بدەم و ئاستی خۆم زیاتر بەرەوپێشببەم، هیـچ کێشـەو گرفتێکیشـم نییـە، مـن حـەزم دەکـرد یانەکانـی کوردسـتان شـەڕی بەدەسـتهێنانی ئەنجامـی شایستەیان بکردبایـە».

# ئایا زیاد خواردنی پرۆتین زیانی تەندروستی هەیە؟



پرۆتینی خۆراکی گرنگیی زۆری بۆ لەش هەیە، بەڵام خواردنی پرۆتین بە بڕی زیاتر لە پێویستیی لەش، زیانبەخشە بۆ تەندروستی. پرۆتین لە خۆراکی ڕووەکی و ئاژەڵییەوە سەرچاوە دەگرێت وەکو گۆشت، پەلەوەر، هێلکە، شیر و بەرهەمەکانی، ماسی، کاکڵەکانی گوێز و باوی، دانەوێڵە، پاقلەمەنییەکان.. تاد. ڕۆژانە خواردنی زیاتر لە دوو گرام پرۆتین بۆ هەر کیلۆگرامێك کێشی لەش بە بڕی زیاد هەژمار دەکرێت، ئەگەرچی هەندێك سەرچاوەی دیکە ئاماژە بەمە دەکەن کە ڕۆژانە خواردنی زیاتر لە سێ گرام پرۆتین بۆ هەر کیلۆگرامێك کێشی لەش لە گەنجەکاندا بە بڕی زیاد هەژمار دەکرێت. زیانە تەندروستییەکانی زیادخواردنی پرۆتین: قەبزی، زیادبوونی کێشی لەش، ئەگەری کەمبوونەوەی هەندێك جۆری کانزا و ڤیتامین و ماددە دژەئۆکسانەکان کە گرنگیی تەندروستیی زۆریان هەیە، هەروەها زیادخواردنی هەندێك جۆری خۆراکی دەوڵەمەند بە پرۆتین، وەك: گۆشتی سوور و گۆشتی پرۆسێسکراو زیانی تەندروستیی زیاتریان بەدواوەیە، بۆنموونە فشاری زۆر دەخەنە سەر گورچیلەکان و جگەر و ئێسك، هەروەها ئەگەری توشبوون بە نەخۆشیی دڵ و شێرپەنجە زیاد دەکەن. لە لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی ٢٠٢٢ دا هاتووە کە پەیوەندی بەهێز هەیە لە نێوان زیادخواردنی پرۆتینی گشتی و پرۆتینی ئاژەڵی لەگەڵ ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی درێژخایەنی گورچیلەکان CKD.



# چۆن کەسێتی کاریگەری دەکات

کەسێتی Personality ڕەفتار و هەڵوێست و نەرێتیی کەسی دیاردەکات کە هەردووکیان ڕۆڵی گەورەیان لە تەندروستیدا هەیە، بە مانایەکی دی، جگە لە جینەکان و جەستە و دروون، جۆری کەسێتی ڕۆڵی هەیە لە تەندروستی و چەندێتی ژیاندا، بۆنموونە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ سترێس، ئاستی چالاکیی فیزیکی، چەندێتی تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگە و کەڕەتەکانی بەسەرکردنەوەی تەندروستی و سەردانی دکتۆر، بۆنموونە کەسێتیی گەشبین Optimistic بەردەوام لایەنە ڕووناکەکان

# سەرئێشە لەکاتی برسیبووندا

نەخواردنی یەکێك لە ژەمە سەرەکییەکان، پەیڕەوکردنی ڕیجیمێکی توندی خۆراك یان ڕیجیمی هەڵە، تەنانەت زیادخواردنی شەکر لەوانەیە کە ببنە ئەگەری سەرئێشە کە بە سەرئێشەی برسیبوون Hunger headche ناسراوە، هەروەها لەوانەیە کە ببێتە ئەگەری سەرهەڵدانی نۆرەی سەرئێشە لە تووشبووان بە شەقەسەردا Migraine.

نیشانەکانی سەرئێشەی برسیبوون: ئازاری سەر کە لەوانەیە سەخت بێت یان هاوکات بێت لەگەڵ هێڵنجدا، ئارەقەکردن، هەڵبەزین و دابەزینی مەزاج، باوێشك Yawning، هەروەها زیادبوونی ئارەزوو بۆ خۆراکی شیرین. هۆکاری سەرئێشە لەکاتی برسیبووندا دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم: دابەزینی ئاستی شەکری خوێن کە جگە لە سەرئێشە دەبێتە ئەگەری هەستکردن بە نارەحەتیی دەروونی و هیلاکیی جەستەیی. دووەم: دەردانی هۆرمۆنەکانی سترێس وەکو کۆرتیزۆڵ و ئەدرینالین. خۆپاراستن: خواردنی ژەمی خۆراکی هاوسەنگ لە کاتی خۆیدا بەبێ بەلاوەنانی هیچ ژەمێك، پەیڕەوکردنی هەنگاوەکانی سووککردنی سترێس، تەرخانکردنی کاتێکی باش بۆ حەسانەوە و خەو.




## ـــه سەر تەندروستی؟

دەبینێت، مامەڵەی باشتر لەگەڵ نەخۆشییەکاندا دەکات، لە هەر بار و دۆخێکی قورس و نەخوازراودا پێشبینی ئەنجامی باش دەکات، هەروەها ئەگەری تووشبوونی بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و نۆرەی دڵ و نەخۆشیی شەکرە کەمە، کەچی کەسێتی ڕەشبینی Pessimistic بەردەوام لۆمەی خۆی دەکات لە هەر ئەنجامێکی نێگەتیڤدا، هەست دەکات کە شتە خراپەکان بەردەوام دەبن، ئەمەش سترێس پەیدادەکات، هەروەها ئەگەری تووشبوون بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و نەخۆشیی دڵ بەرزە.

لە لایەکی دیکە، کەسێتیی کۆمەڵایەتی پەیوەستە بە سستمێکی بەهێزی بەرگریی لەش، هەروەها بەگوێرەی جۆرەکانی دیکەی کەسێتی کە هەر یەکەیان بە جۆرێك کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی دەکەنە سەر تەندروستی.


# هۆکارەکانی شەکەتی جەستەیی



شەکەتی جەستەیی Physical exhaustion،هیلاکیی بەدەنی یان هەستکردن بە ماندووبوون و بێهێزی فیزیکی زیاد، لەوانەیە کە لەبەر هۆکاری سادەی وەکو کەمخەوی یان هەڵامەت ڕوو بدات، لەوانەشە کە نەخۆشی لەپاڵەوە بێت. هەموو کەسێك ناوە ناوە تووشی هەستکردن بە ماندووبوون و شەکەتیی جەستەیی دەبێت، بەڵام کە حاڵەتەکە توند و درێژخایەن بوو ئەوسا کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر کوالێتیی ژیان وچالاکییەکانی ڕۆژانە. هۆکارەکان: کەمنووستن یان کوالێتیی خراپی خەو، کەمیی کانزا و ڤیتامینەکان وەکو ئاسن، مەگنسیۆم، ڤیتامینەکانی B12، B9، B6، B5، B3، B2، D ،C، سترێسی درێژخایەن کە دەبێتە هۆی هیلاکیی جەستەیی و کەمکردنەوەی کوالێتیی ژیان، هەروەها نەخۆشییەکانی وەکو هەناسەتەنگی لەکاتی خەودا Sleep apnea، سستبوونی گڵاندی دەرەقی، شێرپەنجە، پەستی، خەمۆکی، نەخۆشیی گورچیلە، ئازاری درێژخایەنی ماسوولکەکان، لەگەڵ نەخۆشیی شەکرە، خۆراکی ناتەندروست و ناهاوسەنگ، زیادخواردنەوەی شلەمەنییە کافائینییەکانی وەکو قاوە و چای، ڕاهاتن لەسەر ئەلکهول، کەمخواردنەوەی ئاو و شلەمەنییەکان یان کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش Dehydration، کێشی زیاد و قەڵەوی، زیانی لابەلای بەکارهێنانی هەندێك دەرمان، کارکردن لە شیفتی شەوانە، کەمیی جووڵە و مەشقی بەدەنی.

# نیشانەکانی بەردی گورچیلە

بەردی گورچیلە Renal stone بریتییە لە نیشتوویەکی ڕەق کە پێکهاتووە لە کالسیۆم و خوێیەکان و کانزای دیکە لە ناو خودی گورچیلە یان ڕێڕەوەکانی میزەڕۆدا. هەندێك جۆری بەردی ورد لە گورچیلەدا دەمێننەوە و هەرگیز نابنە ئەگەری هیچ نیشانەیەك و پاش ماوەیەك بێ هیچ چارەسەرێك لەگەڵ میزدا فڕێ دەدرێن، کەچی هەندێکی دی لە قەبارەوە گەورە دەبن و بۆ چارەسەر پێویست بە نەشتەرگەری یان ڕێگەی دیکە دەکات. نیشانەکانی بەردی گورچیلە: ئازار لە تەنیشت یان خوارەوەی پشت کە لەگەڵ جووڵەی بەرد لە ڕێڕەوەکانی میزەڕۆدا سەرهەڵدەدات و توندییەکەی پەیوەستە بە قەبارەی بەردەکە، هەروەها لەوکاتەی کە بەرد ڕێڕەوەی میز دەگرێت ئەوا ئازارەکە زۆر سەخت و هاوکات دەبێت لەگەڵ ئارەقەکردن یان هێڵنج و ڕشانەوە و نارەحەتیی زۆر، بوونی خوێن لەگەڵ میزدا Hematuria بە شێوەی پەمەیی و لێڵبوونی میز، نیشانەکانی هەوکردنی میزەڕۆ کە زۆر جار هاوکات دەبن لەگەڵ بوونی بەرد وەکو بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، لەرزوتا لەگەڵ هەستکردن بە هیلاکیی بەدەنیی سەخت.





# سوود و زیانی تەندروستیی ترشیات



ترشیات Pickles ڕێژەیەکی کەمی ڤیتامین و کانزا لەخۆدەگرن کە بریتین لە پۆتاسیۆم، فۆسفۆر، ڤیتامینەکانی A، K، B9 (فۆلەیت)، ماددە دژەئۆکسانی بیتا کارۆتین، هەروەها ماددە پرۆبایۆتیکەکان Probiotics کە بریتین لە تێکەڵاوێك لە بەکتریای زیندووی سوودبەخش و هەوێن کە سوودی تەندروستییان هەیە. سوودە تەندروستییەکانی ترشیات: هاندانی کرداری هەرسکردنی خۆراك، سووککردنی ئازاری ماسوولکەکان، ڕێگرتن لە بەرزبوونەوەی خێرای ئاستی شەکری خوێن و کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، هاندانی کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش چونکە ڕێژەیەکی بەرزی ئاو لەخۆدەگرن و هەستی تێربوون پەیدا دەکەن. ترشیات ڕێژەیەکی بەرزی خوێ لەخۆدەگرن، بۆیە ئەگەر بە بڕی زیاد بخورێت لەوانەیە کە ببێتە ئەگەری زیانی تەندروستی وەکو: بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، فشار خستنە سەر فرمانەکانی جگەر و گورچیلەکان، کاریگەریی نێگەتیڤ لەسەر ناوپۆشی گەدە بە شێوەی هەوکردن یان کولبوون کە ئەگەری درێژخایەن بوون، ئەوا ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی گەدە زیاد دەبێت، هەروەها زیادبوونی ئەگەری پووکانەوەی ئێسك Osteoporosis.

## دوو ئامێر ل...

لە سەردەمی زیرەکی دەستکرد و جیهانی دیجیتالی نوێ، جار هەیە یەك ئامێر چەندین ئەرك ئەنجام دەدات و هەروەها چەندین ئامێریش لە پاڵیەکدان، بۆ نموونە تەبلێت- لاپتۆپ، تەبلێت- مۆبایل و زۆر ئامێری دیکەش..

کاتژمێری زیرەکی هەواوی جۆری WATCH BUDS دوو ئامێرن لە پاڵ یەکدا. هیدفۆنێکی بەهێز، کاتژمێرێکی زیرەك! لەسەرەتادا هیچ هیدفۆنێك نابیندرێت، بەڵام کاتێك ڕووپۆش واتە بەشی سەرەوەی کاتژمێرەکە بە ئارامی پاڵێوەدەنێ سەرەکە کە موگناتیسە دەکرێتەوە و لە ژێرەوە





## کیبۆردێکی ناوازە ئەرک...

کیبۆرد ئامێری گرنگی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمپیوتەرە و هەروەك لە ناوەکەی خۆی را دیارە، تەختەی دوگمەکانە و کلیلی هەموو فەرمانەکان لە کیبۆردەوەیە.

کیبۆردەکان پێکهاتوون لە زنجیرە دووگمەیەك و لە ستایلدا تۆزێك لێك جیاوازن، بەڵام لە ئەرکدا وەك یەکن. کیبۆردی جۆری ROC-CAT Vulcan II Max لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازە. دوگمەکانی بە ئاسانی دەردەهێنرێن و دەگۆڕدرێن، لە ژێر هەر دوگمەیەکدا گلۆپێکی

## مۆبایلێکی نوێ لە جیهانی مۆبایلە چەماوەکاندا

سامسۆنگ بە بەرهەمهێنانی چەند مۆبایلێکی چەماوە، خۆی لە پلەی یەکەم دا دەدیت، لەناکاو ڕکابەرێکی نوێی بۆ پەیدا بوو. ڕکابەرێکی چینی بەڵام لە ئاستی خۆیدا.

کۆمپانیای OPOO چینی، دووەمین مۆبایلی چەماوەی خۆی بەناوی Oppo Find N2 Flip خستەڕوو کە لەڕیزی مۆبایلە سەرکەوتووە چەماوەکان دێت. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی مۆبایلەکە ئەمانەن:


مۆبایلی ناوبراو گشت کەموکورییەکانی مۆبایلی چەماوەی کۆمپانیاکانی دیکەی خستۆتە ژێر چاودێری و ویستوویەتی لە مۆبایلی ناوبراودا هیچ ئەو کەموکورییانە نەهێڵێت. کەفەری پشتەوەی لە شووشە دروستکردووە، دوو ڕەنگی ڕەش و مۆری کاڵی بەرهەمهێناوە. لە بەشی پشتەوەی شاشەیەکی بچووك هەیە کە ئەرکی پەیوەندی و زۆربەی ئەرکەکان لەو شاشەیەوە ئەنجام دەدرێن. دوو کامێراش لە پشتەوە و لە تەنیشت شاشەکە هەن. کاتێکیش دەکرێتەوە دوو شاشە دەبنە شایەیەکی نزیك ٧ ئینچی. کامێرای سیلفی لەو بەشەدا هەڵکەتووە. شاشەکانی لە جۆری +HDR10 یە و کامێرای پشتەویە پەنجا میگاپیکسلە. کامێرای پێشەوەی ٨ میگاپیکسلە. ڕامەکەی لە ٨وە بگرە هەتا ١٦ گیگابایتە. میمۆرییەکەشی ٢٥٦ هەتا ٥١٢ گیگابایتە. بەگشتی تایبەتمەندییەکانی باشن و لە نرخیشدا لە مۆبایلە چەماوەکانی دیکە هەرزانترە.



## ـــــــه پاڵ یەکدا

دوو هیدفۆنی تایبەت دەردەکەون. شاشەکەی لەمسییە و بەشێوەیەکی 3D دەبیندرێت. هیدفۆنەکەی ژێرەوەی کێشی زۆر کەمە، تەنیا ٤ گرامە و لەگەڵ هەر جۆرە مۆبایلێك و ئامێرێکی دیکە دەگونجێت. بەهۆی زیرەکی دەستکردەوە هەموو دەنگە دەنگ و ژاوەژاوی زیادی لادەبات.

کاتژمێرەکەش دژە ژەنگە لە پولا دروستکراوە، باندەکەی قایشە. وەك هەموو کاتژمێرێکی زیرەك هەموو تایبەتمەندییەکانی تایبەت بە وەرزش و تەندروستی رێك و لەش جوانی تێدایە. هەروەها رێژەی ئوکسجین و لێدانی دڵ و چاودێری خەوی تێدایە.




## پێنووسی سیحری بۆ قوتابیان و رۆژنامەنووسان

پێنووسی سیحری Lives قەڵەمێکی دیجیتالییە، ئەوەی بەو قەڵەمە بینووسی یا بیکێشیەوە راستەوخۆ بۆ مۆبایل و کۆمپیوتەر دەگوازرێتەوە. نە تەنیا ئەوە بەڵکو ئەوەی بە قەڵەمەکە دەنووسرێت دەکرێت بە نووسینکی دیجیتالی و دەکرێت بە هەموو جۆرێك دەستکاری بکەی. بەکارهێنەری پێنووسەکە پێویست ناکات جارێکی دیکە تایبی بکاتەوە، بەڵکو هەرکاتێك بۆ مۆبایل یا کۆمپیوتەر بەرێ بکات ئەوە دەبێتە دەقێکی دیجیتالی! لەوەش گرنگتر گشت دەنگێك تۆمار دەکات و هەر ئەو دەنگەش دەکاتەوە دەق و پێویست ناکات جارێکی دیکە بینووسرێتەوە. رۆژنامەنووسێك کاتێك دیمانەیەك لەگەڵ کەسێك دەکات، قەڵەمەکە دەنگەکە تۆمار دەکات و دەیکاتەوە بە دەق. یا کاتێك خوێندکارێك لە پۆل گوێ لە مامۆستا دەگرێ و قسەکانی مامۆستا تۆمار دەکرێن و دەبنەوە بە دەق.

پێنووسە سیحرییەکە ٢٨ زمان دەناسێت و لەداهاتوودا رەنگە زمانی دیکەشی پێوە زیاد ببێت. نە تەنیا دەق بەڵکو دەکرێ وێنەشی پێ بکێشرێتەوەو وێنەکە راستەوخۆ لەسەر تەبلێت و مۆبایل نیشان بدرێن.



## ـــــــەکان ئاسان دەکاتەوە

LED هەیە کە کۆنترۆڵ دەکرێت و بە هەموو رەنگێك خۆی دەنوێنێت. لە پێش کیبۆردەکە پارچەیەك هەیە بەکارهێنەر بۆ ئەوەی ئازار بە پەنجەکانی نەگات پەنجەکانی لەسەر دادەنێت. دوگمەکانی هەمیشەیین و واتە بە سەد ملیۆن کلیك تێکناچن. زۆربەی دوگمەکان پرۆگرامیان بۆ دادەنرێ و ٢٤ دوگمەیان دوگمەی زیرەکن و زۆربەی ئەرکەکان ئەنجام دەدەن. بە دوگمەی EASY-SHIFT زۆربەی فەرمانەکان ئەنجام دەدات.



# بە واقیعی لەگەڵ جیهانی مەجازی یاری بکە

ئامێرەکانی یاریکردن گەلێکن، وەك کۆمپیوتەر، پلەی ستەیشن، نیتندۆ، مۆبایل....تاد. گشت ئەو ئامێرانەی ئاماژەیان پێکرا تەنیا یاریکەر دەبێ لە جیهانی مەجازیدا یاری بکا، بۆ نموونە کاتێك یاری شەترەنج دەکەی، کاراکتەرەکانی گەیم وەك (سەرباز، وەزیر و شا..) هەمووی مەجازین، بۆ هەر یارییەکی دیکەش وایە. بەڵام ئامێری Gameboard-1 جیاوازە لە گشت ئامێرێك. ئەو ئامێرە شاشەیەکی تەختە و هیچ دیکە، بەڵام کتێبخانەیەکە لە یارییەکان. بەو ئامێرە یارییەکان بە فیزیکی و دیجیتالی ئاوێتەی یەك دەبن و ئەوەی گەیم دەکات چێژێکی زۆرتر وەردەگرێت وەك ئەوەیە وایە لەگەڵ مرۆڤێك یاری بکات. ئامێرەکە لە ئایپادێك گەورەترە و لە تەلەڤزیۆنێکیش بچووکتر. دەکرێت چەندین ئامێری هاوشێوەی خۆی پێکەوە پەیوەند بدرێن و بە هەموویان تەختەگەیمێکی گەورەتر پێك بهێنن. ئامێری ئاماژە بۆ کراو بە نتێفلێکسی گەیم ناوزەد کراوە. شاشەکە بەهۆی پۆرتەکانی USB و HDMI بە تیڤی و کۆمپیوتەرەوە پەیوەند دەدرێن.

ئامێرەکە لە سیستەمی وایەرلەیسی وای-فای و بلوتوس بۆ پەیوەندی سوود وەردەگرێ. چوار بڵندگۆی لە هەر چوار لاوە هەیە. هاردێکی ٦٤ گیگابایتی هەیە لەگەڵ رامەکەی ٤ گیگابایتی.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت، کۆدی سەرچاوە کراوە چییە واتە Open Source و گرنگی ئەم کۆدە سەرچاوە کراوانە لە چی دایە؟**

خوێنەری بەڕێز کۆدی سەرچاوە کراوە واتە Open Source بەو کۆدانە دەگوترێت کە ئەو کەسەی پرۆگرامەکەی دروستکردووە بەتایبەتی ئەپلکەیشنەکانی ئەندرۆید، پرۆگرامەکەی بە کراوەیی هێشتۆتەوە بۆ ئەوەی کەسانی دیکەی شارەزا دەستکاری پرۆگرامەکە بکەن و بەرەو باشتری ببەن. بۆ نموونە تۆ ماڵەکەت بە ویستی خۆت دیزاین کردووە، بەڵام ئیزن بە خەڵکی دیکەش داوە و کلیلەکەت پێداون کە ئەگەر ڕەخنەیەکیان هەیە و دەزانن شتێك لە شوێنی خۆیدا نییە باشتری بکەن، یان ئەگەر پێیان وایە شوێنێك کەموکوڕی هەیە و پێویستە شتێکی بۆ دابنرێ دایبنێن.

# پرۆگرامێکی زیرەکی دەستکرد گیانێکی نوێ بۆ وێنەکانتان

داهێنانی کۆمپیوتەر، مرۆڤی بەرەو تەمبەڵی زەینی برد، چونکە مرۆ بۆ هیچ شتێك خۆی زەخت بۆ مێشکی خۆی ناهێنێ و بە یارمەتی کۆمپیوتەر بەدەستی دێنێ. مۆبایل هێندەی دیکەش مرۆڤی بەرەو حەسانەوە برد. جا لەم سەردەمەدا زەینی دەستکردیشی هاتە سەر.

یەکێك لە پرۆگرامەکانی زەینی دەستکردی تایبەت بەوێنە، پرۆگرامی Lensa AI کە بەهۆیەوە تەواوی وێنەیەك بگۆڕی. وەك ڕەنگی قژ، پێست، ددان، جلوبەرگ...تاد. لە هەمووی گرنگتر دانانی ئاڤاتاری فەنتازیا لە وێنەکەدا. تایبەتمەندییەکی دیکە لەو پرۆگرامەدا هەیە بەناوی Beat Sync بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەوە دەتوانی ڤیدیۆیەك لەخۆت دابنێی و پاشان، مۆسیقیەك بە ویستی خۆت. ئەوکات مۆسیقایەکە بە پێی ڤیدیۆیەکە ریتم دەبەخشێت، بۆ نموونە ئەگەر جوڵەی زۆری تێدابێ، مۆسیقاکە خێرادەبێ و پێچەوانەش. هەروەها دەتوانی وێنەکانتان بەهۆی ژیری دەستکردەو گۆڕانی تێدا پێکبێنی و بە دەق بۆی بنووسی چ گۆڕانکارییەك لە وێنەکەدا پێکبێنی.






# شاشەیەک جیهانی مەجازی بە واقیعی نیشان دەدات

هەر ڕۆژەو و داهینانێکی نوێ، هەر ڕۆژە و لە جیهانی دیجیتالیدا ئامێرێکی نوێ بەرهەم دێ! شاشەی جۆری ELF-SR27 داهێنانێکی نوێە. ئامێرێکە جیهانی گۆڕانکاری بەسەر جیهانی ڕیکلامە بازرگانییەکان دادێنێ. لە دوکانی زێڕنگەری و ئاڵتون فرۆشی و شتە گرانبەهاکان پێویست ناکات، کاڵاکان نیشان بدرێن. بەڵکو بەهۆی ئەو شاشەیەوە کڕیار وەك ئەوە وایە خودی کاڵاکە ببینی.

بۆ سەیرکردنی پێویست بە هیچ چاویلکەیەك ناکات، لەگەڵ هەموو مۆبایل و کۆمپیوتەرێك پەیوەند دەدرێت. بۆ ئەو کەسانەی کاری گرافیك و دیزاین دەکەن زۆر ناوازەیە و ئەرکەکانیان زۆر ئاسان دەکاتەوە. بەتایبەت بۆ کاری سێ ڕەهەندی 3D کە دیمەنەکان وەك خۆی لە هەموو لاوە نیشان دەدات. ئامێرەکە زیرەکە خۆی لەگەڵ چاوی بینەرەکەی دەگونجێنێت و لە چ گۆشەیەکەوە سەیری بکەی خۆی لەگەڵ ئەو گۆشەیە ڕێك دەخات. پزیشکەکان و ئەوانەی کاری ئەندازیاری دەکەن وەك ئامێرێکی گرنگ ئەرکەکانیان ئاسان دەکاتەوە.



## ماڵپەڕێکی ژیری دەستکرد وتارت بۆ دەنووسێ

ژیری دەستکرد ئیدی هەموو سنوور و کەوشەنێك دەبڕێ، ئەوەندەی مەترسی هەیە بۆ سەر کۆمەڵگا نیو هێندە سوودی نابێت. نووسینی وتار و لێکۆڵینەوە زانستییەکان پێویستیان بە خۆماندووکردن و بەدواداچوون نابێت. بۆ نموونە ماڵپەڕی www.copy.ai و هاوشێوەکانی.

لەم ماڵپەڕەدا بۆی دەنووسی لە چ بوارێکدا باس و لێکۆڵینەوەت بۆ بنووسێ، لەو بوارەدا بە وردی بۆت دەنووسێت و تەنانەت دەتوانی پێی بڵێ چەند دێڕ و ڕستە بێت. بەڵام ئێستاکە هەر بە زمانی ئینگلیزییە. هەرچەندە وتارەکان و باسەکان هەندێك دەستکاری و پێداچوونەوەی دەوێت، بەڵام بەو جۆرە نییە. لە پێنج ڕۆژی یەکەمدا بەخۆڕاییە و دواتر دەبێ مانگانە تێچوویەك بدەی.

# لاپتۆپە ناوازەکەی ئاسۆس لە لوتکە دایە

کۆمپانیای Asus نوێترین لاپتۆپی خۆی لە زنجیرەی ZenBook بەرهەم هێنا لاپتۆپێك کە لە ڕیزی باشترین کۆمپیوتەرەکان دەژمێردرێت. لاپتۆپی جۆری ZenBook Pro 16X OLED بۆ هەموو ئەرك و کاروبارێك دەبێت و خۆی لە ریزی باشترین دیسکتۆپەکانیش دەدات.

لاپتۆپەکە لە هەموو ڕوویەکەوە لە لوتکە دایە، رامەکەی ٣٢ گیگابایتە و هاردەکەی کە لە جۆری SSDیە ٢ ترابایتە. یەکەی لێکدانەوەی لاپتۆپی ناوبراو لە جۆری core i9یە. شاشەکەی تەواو لەمسیە و ١٦ ئینجە.

ناوازەیی لاپتۆپەکە لەوەوە دەردەکەوێت کە کاتێك لاپتۆپەکە دەکەیەوە کیبۆردەکەی چەند سانتێك بەرز دەبێتەوەو بەکارهێنەر لەکاتی تایب کردن ئازار بە پەنجەکانی ناگات. کێشی لاپتۆپەکە تا ڕادەیەك قورسە و نزیکەی دوو کیلۆ و نیوە. ئەو بەشەی کە تۆچ پەدە واتە شوێنی ماوسی گرتۆتەوە، دەبێتە شاشەیەکی بچووك و ژمارەکان نیشان دەدات. دوگمەیەکی بازنەیی لە لای چەپی لاپتۆپەکەیە کە بۆ پرۆگرامە گرافییەکان دەگونجێت و کارئاسانی دەکات. باترییەکی بەهێزی هەیە و لەکاتی فیلم سەیرکردندا هەتا پێنج کاتژمێر شەحنی دانابەزێت.




# سکارفە ناسک و تەنکەکانی مل لە وەرزی هاویندا

بەکارهێنانی خشڵە قوماشەکانی تایبەت بە قژ و مل، لە وەرزی گەرما و سەرمادا سوودێکی گرنگی بۆ جوانی و پاراستنی پێستی مل و قژ هەیە، بەهۆی ئەوەی کاتێك لە وەرزی سەرمادا لە مل و سەری دەکەیت، پارێزەرێك دەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەرما، هەروەها هەمان ئەو خشڵە قوماشانە لە وەرزی هاوین و گەرماشدا بەسوو دەبن، چونکە لە هەوای گەرما و تیشکی بەتینی خۆر دەتبارێزێت. سکارفەکانی مڵ، لە کاتی گەرمادا ناسك و جوانن، بە تایبەت ئەگەر بێتو لە قوماشێکی تەنك و ناسك بن، هەروەها بوونی نەخش و شێوەی جوان لەسەر سکارفەکە، جوانتر و ڕازاوەتری دەکەن، مارکەی کازابلانکا، وەك مۆدێکی دەرچوونی گەنجانە سکارفە تەنکەکانی ملی ئامادە کردووە، کە ئارەقە دەمژێت و دەکرێت وەك خشڵێکی شیك لەگەڵ بەشەکانی دیکەی جلوبەرگ یان ڕەنگی جانتا ڕێك بخرێت. مارکەی Bhype سکارفی مۆدێرنی داهێناوە کە لە پارچە قوماشێکی حەریری ڕەنگ ڕەشە، بە نەخشی سپی و ڕەنگی باریکی دیکەدا ڕازاوەتەوە، لەگەڵ جلی ڕەنگ زەرد و جینز لە مل دەکرێت.







# چۆنیەتی گرنگیدان بە قەشەنگی نینۆکەکان


نینۆکەکانت نموونەی قەشەنگی و ناسکیی دەستەکانت زیاتر نیشان دەدەن، سەرنجڕاکێشی و نازداریی نینۆك گرنگە بۆ جوانیت، وەك دەزانیت نینۆك ناسکە، بۆیە هەردەم پێویستی بە کرێمی تەڕکردن و نەرمکردنەوە هەیە، چونکە هەندێ جار نینۆك وشك دەبێ، ئیدی سانا دەبێ بۆ شکان، وابکە کە زوو زوو کرێم لە نینۆکەکانت بدەیت، ماوە ماوە حەمامی ڕۆن بۆ نینۆکت بکە، ئینجا ڕۆنی زەیتوون یان هەنگوین و شیر بەکاربهێنە، ئەگەر توانیت هەفتانە جارێك ئەو کارە بکە، ئەنجامەکەی دەبینیت کە نینۆکەکانت چەندە توند و تۆڵ دەبن، کاتێك نینۆکەکانت جوان دەکەیت، ئامێری بڕبەنەکە بە توندی لە نینۆکت مەدە، بە نەرمی و بۆ ماوەیەکی زۆر خەریکی بە، تا چواردەورەی نینۆکەکە تووشی برین و شکان نەبێت، وا باشترە بڕبەنەکە بە شێوەی ڕاستە هێڵێك لە نینۆکت بدەیت، زۆربەی خانمان کەرەستەی تیژ و ئاسن بەکار دەهێنن بۆ پاککردنەوەی ژێرەوەی نینۆکەکان، ئەوەیان هەنگاوێکی هەڵەیە، بۆیە باشترە لە ڕێگەی فلچەوە ژێرەوەی نینۆکەکان پاك بکرێتەوە، ئەو کرێمانەی لادانی بۆیەی نینۆك بەکارمەهێنە کە ڕێژەی کەهول و ئەسیتۆنی تێدایە، کە زۆربەیان لەسەر قەپێلکی بۆیەکان نووسراوە، چونکە ئەو دوو ماددەیە نینۆکت بێهێز و نەرم دەکەن، دوور بکەوە لە کارکردن بە نینۆکەکانت، کە هەندێ جار لە کاروباری ماڵەوە پێویستت بە نینۆکەکانت دەبێ، بەڵام وا چاکە ئاگاداریان بیت و تەنیا بۆ کاری نەرم و ئاسان بەکاریان بهێنیت، ماوە ماوە جۆری بۆیەکەت بگۆڕە، بە تایبەت ئەگەر زانیت بۆیەکەت دەبێتە هۆی نەرمبوونی نینۆکەکانت، چونکە ڕەنگە پێکهاتەی بۆیەکە هۆکارێك بێت بۆ بێ هێزکردنی نینۆکەکانت.

# جانتای دەستت هێمای کەشخەیی و نازداریت دەبەخشن



جانتا هاوەڵێکی جوانە بۆ خانمان، کە لە هەموو کاتێکدا پێویستە و بەکەرەستەیەکی گرنگ دادەنرێت، شێوەی جانتا بەپێی حەزی خانمانە کە هەیە حەز بە جانتای بچووك دەکەن و هەندێکی دیکەش جانتای گەورەیان لا پەسندە، هەر بۆیە گرنگە کە جانتایەك هەبێت لە دەستیان یان لە شانیاندا، تاوەکو کەرەستە و کەلوپەلەکانیان تێدا دابنێن، پسپۆرانیش قسەیەکی خۆشیان هەیە لەسەر جانتای کچان و خانمان، دەڵێن : هەموو شتێکی تێدایە تەنیا فیل نەبێت، کچانیش ئەوانەی لە قوتابخانە و زانکۆ دەخوێنن، پێوستیان بە جانتای جۆراوجۆرهەیە، بەتایبەت کۆڵەپشت، چونکە شێوازێکی جوان و نایابی هەیە، وێڕای ئەوەی کە دەستەکانت ماندوو ناکات و لەسەر پشتیشت ئەوەندە قورس نابێ، شێوازێکی جوان و خنجیلانەی هەیە، خانمان دەتوانن بۆ کچەکانیان دابین بکەن، بە تایبەت ئەوانەی لە قۆناغی خوێندنن، هەروەها بۆ ئەوانەی تازە دەچنە قۆناغی زانکۆش، دەتوانن ئەو جانتایانە لە پشت بکەن، تا سیما و جوانییان سەرنجڕاکێش بێت و جلێکی نایاب لەگەڵ جانتای پشتیان، مۆدێکی نەوازەی دەبێت لە جوانیدا.





## گۆڕستانێکی ستوونی لە کوردستان


لە پیرمام گۆڕستانێکی جیاواز بە ناوی مام خەلیفە هەیە، کە کێلەکانی نزیکەی دوو مەتر بەرزن و لوولەیی و لاکێشەیی و چوار گۆشەن، ئەم گۆڕستانە زۆر گەورەیە، کێلەکانی نزیك دوو مەتر بەرزن، کێلەکان لوولەیی و لاکێشە و چوار گۆشەیین کە سەیرە بۆچی وا دروست کراون، هیچ زانیارییەك لەسەر گۆڕستانەکە نەنووسراوە، ئەوەی سەیرە هەندێك لە گۆڕەکان هەردوو کێلی لولەین، بەڵام هەندێکیان یەك دانە لولەیە، هەندێك کێل نۆڕماڵ و ئاساییـن، گومان دەکرێت کێلە بەرزە لولەیەکان هی گەورە کەسایەتەکان بن، هەندێ لە پیاوانی بە تەمەن دەڵێن: کێلەکان هێندە بەرزن گوزارشت لەوە دەکەن تا شوێنەکان لە دوورەوە دیار بن، شێوەی کێلەکان لوولەین و سەری چەند دانەیەکیان خڕ کراوە، ئەوەش بۆ مەبەستی تایبەتە و تەنانەت هەندێك گۆڕ ڕوویان لە قیبلە نییە.

## کاپەچینۆیسەر دەری



ئەمە یەکێکە لەو دیاردە سرووشتییە زۆر دەگمەنانەی کە لە چەند قۆناغێکدا لە هەر دەیەیەکدا لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان ڕوو دەدات، بۆ نموونە ئەم دیاردەیە لە ساڵی ٢٠٠٨ لە شاری «کیپ تاون» لە باشووری ئەفریقیا دەرکەوت، ئەم دیاردەیە بەهۆی لێکچوونی کەف و بڵقە کە لە دەریاوە دەردەچێت، شێوە و ڕەنگەکەی لەو






# تابلۆی گلێنەی مێژوویی

یەکێك لە داهێنەرترین تابلۆکانی مێژوو بریتییە لە تابلۆیەکی گڵین کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابلیی کۆن، تابلۆکە لە شاری ئوروك دۆزرایەوە، بە شێوەی میخ هەڵکەندراوە و سێ بازنەی ئەندازەیی لەخۆدەگرێت، کە بە وردییەکی زۆرەوە هەڵکەندراوە، حیساباتی فەلەکی لە خۆدەگرێت، وردیی کێشانی بازنەکە لە خولگەی کۆمەڵەی خۆر دەچێت، ئێستا تابلۆکە لە مۆزەخانەی عێراقدایە.

## و کەناراوەکان




کەفە دەچێت کە بەسەر کوپێکی کاپوچینۆدا سەردەکەوێت، زانایان لە ڕوونکردنەوەی ئەم دیاردە نامۆیەدا دەڵێن ئەم کەفە پێك دێت لە پیسییەکانی ناو زەریا، وەك خوێ و مادەی کیمیایی و ڕووەکی مردوو و ماسیی شیبووەوە و دەردانی چڵکی دەریایی، هەموو ئەمانە بڵقی بچووك دروست دەکەن و ئەم بڵقانەش ئەم دیاردەیە پێك دەهێنن.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرەباس لە جۆرە کەسانێك دەكات کە چاویان لە یەکترە، لە کاتێکدا خۆیان بەهایەکی گەورەیان هەیە کەچی ئیرەیی بە کەسانی دیکە دەبەن.



## دیمەنە سەیرەکان

دیمەنێکە لە شاری نیویۆرك لە ساڵی ١٩٦٣، ئاوێنەیەك لە دەرگای چوونەدەرەوەی (باخچەی ئاژەڵانی برونێکس) دانراوە، کە لەسەرووەی نوسرابوو: «تۆ ئێستا سەیری دڕندەترین ئاژەڵی دونیا دەکەیت، واتە سەیری خۆت دەکەیت دڕەندەترین گیانلەبەر، مرۆڤە».

بۆ زانیاریت

## سندووقی ڕەشی ئوتۆمبێل



ئۆتۆمبێلەکان بەهەمان شێوەی فڕۆکە خاوەنی سندوقی ڕەشن، ڕەنگە زۆرجار بەرگوێمان کەوتبێت لەکاتی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە، ڕاستەوخۆ تیمەکان بە دوای سندوقی ڕەشی فڕۆکەکەدا دەگەڕێن، بۆ ئەوەی لەهۆکاری ڕووداوەکە بکۆڵنەوە، ئەم سندوقە هەموو زانیارییەکانی کاتی فڕینی فڕۆکەکە و ڕوودانی کارەساتەکە تۆمار دەکات، وەك دەنگ و تەندروستیی بزوێنەرەو هتد، بە هەمان شێوە زۆربەی ئۆتۆمبێلە تازەکان خاوەنی ئەم سندووقە ڕەشەن کە پێی دەگوترێت تۆمارکەری ڕووداوەکان، ئەم تۆمارکەرە لە کاتی ڕوودانی پێکدادانی ئۆتۆمبێل ئەم زانیاریانەی خوارەوە تۆمار دەکات کە دواتر تیمی لێکۆڵینەوە دەتوانن بەکاری بهێنن بۆ دەستنیشانکردنی هۆکار و بابەتی سەرپێچی کار، زانیارییەکان بریتین لە، خێرایی ئۆتۆمبێل لە کاتی ڕووداوەکە، خێرایی بزوێنەر لە کاتی ڕووداوەکە، تا چەند شۆفێر پێی لە بەنزین ناوە لەو کاتەدا، تاچەند و کەی پێی لە ستۆپ داناوە، ئایا سەرنشین و شۆفێر قایشی خۆپارێزییان بەستووە، شوێنی کوشنی شوفێر بە پێی دووری لە سوکان، خێرایی و ئاراستەی سوڕانی سوکان لە کاتی ڕووداوەکە، ئایا سیستمی ئێرباگی ئۆتۆمبێلەکە کاری کردووە، هەروەها لە ئێستادا هەندیك لە ئۆتۆمبێلە مۆدێرنەکان سیستمێکی دیکەشیان تێدا هەیە کە ناسراوە بە کۆنترۆڵی جێگیری ئۆتۆمبێل، کە وا دەکات لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بەشێوەیەکی نەگوجاو بۆ نموونە خێراییەکی لە ناکاو یان خیرایی لە سووڕاندنی سوکان، ئەوا ڕاستەوخۆ هەڵدەستێت بە تۆمارکردنی ئەو زانیاریانەی سەرەوە تەنانەت ئەگەر پێکدادانیش ڕوی نەدابێت.

## یاسا



**سووتاندنی دەغڵ و دانی خەڵك و جووتیاران**

بەپێی مادەی ٣٤٢ یاسای سزادانی عێراقی (قانون العقوبات) ئایا سزای ئەو کەسە چییە کە دەبێتە هۆی سوتاندنی دەغڵ و دانی جوتیاران، هەرکەسێك بە ئەنقەست ئاگر لە موڵکی گوازراوە یان نەگوازراوە بەربدات، تەنانەت ئەگەر موڵکی خۆیشی بێت، سزا دەدرێت بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەك کە ١٥ ساڵ زیاتر نەبێت، ئەگەر بووە هۆی مەترسی لەسەر موڵك و ماڵ و ژیانی خەڵك.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

لە ڕووی پیشەییەوە ئەنجامێکی باش بەدەست دەهێنیت، ڕەنگە پلانی گەشتێك دابنێیت و لە خێزانەکەت دوور بکەویتەوە، بەڵام ئەوەش بزانە دوورکەوتنەوە بیرۆکەیەکی باش نییە و زیان بە پەیوەندیی تۆ و خۆشەویستەکەت دەگەیەنێت لە ئێستادا، هەربۆیە وریابە، دووربکەورەوە لە خواردنی تیژ.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەمو هەولی خۆت دەدەیت بۆئەوەی ڕۆژێکی باشترت هەبێت بەراورد بە ڕۆژەکانی دیکە، لە ڕووی پیشەییەوە ئەو کارانەی ماوەیەکی زۆرە وەستاوە دووبارە دەست پێدەکاتەوە، ڕۆژێکی زۆر خۆش بەسەر دەبەیت لەگەڵ خێزانەکەت، تەندروستیت جێگیرە.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەگەر کاری بازرگانی دەکەیت، ئەوا نیگەرانییەکانت کەم دەبنەوە، لەگەڵ بەڕێوبەرەکەت بە ڕێزەوە مامەڵە بکە، دووربکەوەرەوە لە توڕەیی، ڕەنگە پێشنیازی هاوسەرگیری بۆ یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت هەبێت، لەلایەنی تەندروستییەوە ئەگەر هەست بە ئازاری ماسوولکەکانت دەکەیت، واتا پێویستە وەرزش بکەیت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەندێك گۆڕانکاری لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتتدا ڕوو دەدات، لەلایەنی پیشەییەوە پێویستت بە هەوڵدانی زیاتر هەیە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر سترێس و نیگەرانیت زیادی کرد، باشترە کۆنترۆڵی خۆت بکەیت، دەنا ڕەفتارێك دەکەیت کە دواتر لێی پەشیمان دەبیتەوە.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە ڕوو پیشەییەوە دەگەیت بەو پلەیەی کە خۆت دەتەوێت، هەروەها پاڵپشتی خاوەنکارەکەت بەدەست دەهێنیت، ئەمڕۆ ئەو چانسەت دەبێت کە کات لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت بەسەر بەریت، ئەگەر هەستت بە گرفتی هەناسەدان کرد، پشتگوێی مەخە و پەیوەندی بە پزیشکەوە بکە، دوور بکەوەرەوە لە خواردن و خواردنەوەی سارد.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لەلایەنی پیشەییەوە ڕۆژێکی باش دەبێت و لەلایەن خاوەنکارەکەتەوە ئامۆژگاری دەکرێیت، متمانەیەکی زۆرت بە خۆت هەیە و دڵخۆشیت، دۆخەکە لە ژیانی تایبەتیت پڕە لە بەرزی و نزمی، باشترە کۆنترۆڵی توڕەییەکانت بکەیت، لە ڕووی تەندروستییەوە ڕەنگە گرفت لە دەست یان قاچەکانت دروست ببێت.

## شەمەندەفەری پەمەیی



ئەو پرۆژەیە لەژێر ناوی (شەمەندەفەری هەلۆ کیتی) بنیات نراوە، کە تایبەتە بەوانەی حەز بە کەسایەتی کارتۆنی (کیتی) دەکەن، ئەو شەمەندەفەرە لە ڕەنگی پەمەیی و نەخشێنراو بە نەخش و ڕەنگەکانی زنجیرە کارتۆنی ژاپۆنی (هەلۆ کیت)ی کۆمپانیای ئاسنین لە ڕۆژئاوای ژاپۆن سەرپەرشتی دەکرێت، ئەوانەی سەر ئەوشەمەندەفەرە دەکەون ئەو کەسانەن کە حەز بە فیلمە کارتۆنییەکە دەکەن و هەستێکی منداڵانە و ناسکیان پێ دەبەخشێت. ئەو پرۆژەیە لە ساڵی (٢٠٢٥) لە تەواوی ئەو وڵاتەدا جێگیر دەکرێت کە لە شاری (ئۆساکا) دە ست پێدەکات و تاسنوورەکانی ئەو وڵاتە بەردەوام دەبێت و بە هەموو شوێنێکی ئەو وڵاتە دەگات.

## فیلم

## ون بوون - Missing



فیلمێکی مایستری و ترسناکە، باسی خانمێك دەکات بە ناوی (جوون) کە دایکی ون دەبێت، لەو کاتەی کە گەشتێك لەگەڵ خۆشەویستە تازەکەی بۆ وڵاتی کۆلۆمبیا دەکەن، دوای گەڕانێکی زۆر چەندین هێڵی سوور و سنوور دەبەزێنێت تاوەکو دایکی بدۆزێتەوە، هەزاران میل دەبڕێت لە گەڕان بە دوای سۆراخی دایکیدا، جوون کچێکی زیرەکە هۆکارە پێشکەوتووەکانی تەکنەلۆژیا و مۆری پەنجە بەکاردەهێنێت تاوەکو بیدۆزێتەوە، بەڵام دواتر چەندین پرسی سەیری بۆ دروست دەبێت، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٥١ خولەکە، لە دەرهێنانی نیکلاس دی جۆنسۆن، ویل میریك، لە مانگی یەکی ئەمساڵ بەرهەمەکەی تەواو بووە و لە ئێستادا لە سینەماکاندا نمایش دەکرێت، بودجەی فیلمەکە ٤٨ ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی (ستۆم ڕاید، نیا لۆنگ، میگان سور، کین لاوینگ، دینایا هێن، خواکین دی ئەڵمایدا)یە.



## پەند و وتە

جوودی لین پیکۆڵت، خانمە نووسەری ئەمریکی کە ٢٨ ڕۆمانی بڵاوکراوەی هەیە، لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٦ لە شاری نیویۆرك لە ئەمریکا، کتێبەکانی نزیکەی ٤٠ ملیۆن کۆپی لێ بڵاوکراوەتەوە و بۆ زیاتر لە ٣٤ زمان وەرگێڕدراوە، دەربارەی تەنیایی دەڵێت: «ئەگەر کەسێکی تەنیاتان بینی، یان زۆربەی کات تەنیا بوو، وێڕای ئەوەی پێت دەڵێت کە وا تەنیایە، بەڵام وانییە و حەز بە تەنیایی ناکات و خۆشیی لێ نابینێت، پێویستە ئەو کەسانە بناسێت کە کەسانی هەست بەرز و زیرەکن، چونکە لە پێشوودا هەوڵیانداوە خۆیان لەگەڵ دەوروبەر بگونجێنێت، بەڵام تووشی بێ هیوا و دڵ شکان بۆتەوە».

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

زیاتر وریای تەندروستیت بە، کەمتەرخەمی توشی پەشیمانیت دەکات، لەلایەنی پیشەییەوە خۆت بە کاری لاوەکییەوە سەرقاڵ مەکە و ئەرکە سەرەکییەکانت پشتگوێ مەخە، لە ژیانی تایبەتیت هەمو شتێك بەو شێوەیەیە کە خۆت دەتەوێت، پەیوەندیت لەگەڵ خێزانەکەت بەهێزدەبێت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ڕۆژێکی باش نییە بۆ تۆ لە ڕووی داراییەوە، باشترە بێ بیرکردنەوە پارەکانت خەرج نەکەیت، لە ژیانی تایبەتیتدا هەست بە دڵخۆشی دەکەیت، پاڵپشتی خێزانەکەت بەدەست دەهێنیت، ڕێژەیەکی زیاتر لە ئاو بخۆرەوە بۆئەوەی تووشی وشکبونەوەی جەستە نەبیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەگەر لە هەوڵی بەدەستهێنانی پلەیەکی بەرزیت، ئەوا توشی بێهیوایی دەبیت، بەڵام نیگەران مەبە، بەم زووانە هەواڵێکی دیکەی خۆش دەبیستیت، لە ژیانی تایبەتی لەسەر کێشە بچوکەکان دەمەقاڵێ مەکە و هەوڵ بدە بە ئاسانی چارەسەریان بکەیت، لەلایەنی تەندروستییەوە ڕەنگە توشی گرفتەکانی سەرئێشە و ماندوێتی ببیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


لەلایەنی پیشەییەوە ڕووبەڕووی بەربەست و ڕێگری دەبیتەوە، ئەم ماوەیە لەبری ئەوەی کاتەکانت بکوژیت، باشترە سەرنجت لەسەر ئەرکەکانت بێت، چونکە ئەنجامنەدانی ڕووبەڕووی زیانت دەکاتەوە، لە نێوان کارەکەتدا پشوو وەربگرە و بحەوێرەوە.


### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەلایەنی پیشەییەوە ڕەنگە دەمەقاڵێ لە نێوان تۆ و خاوەنکارەکەتدا دروست ببێت، دوور بکەوەرەوە لەوەی وشەی هەڵە بڵێیت لە کاتی توڕەییدا، هەروەها هەڵەکانت بە دڵێکی فراوانەوە قبوڵ بکە، لە ژیانی تایبەتیتدا پەیوەندییەکی باش و بەهێز دروست دەبێت، بەبێ پرسی پزیشك هیچ دەرمانێك بەکارمەهێنە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢


لە ڕووی پیشەییەوە چانسی گۆڕانکاری زۆرە، لەناکاو هەواڵێك دەبیستیت کە ڕەنگە گۆڕانکاری بێت لە پلەکەتدا، خۆشەویستی و یەکگرتویی لە نێوان ئەندامانی خێزانەکەتدا بەدی دەکرێت، بۆئەوەی ئارام بیت، بەیانیان ڕاهێنانی یۆگا بکە و دەروونت ئارام بکەرەوە.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




**www.gulanmedia.com**

Gulan Weekly June 19, 2023 Issue,No.1369


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT,
Croporation Computerizing and Implementation of
Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626